# رۆژنامە

هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە (٦٠٤) سێشەممە ٢٠١٠/١٠/١٩ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار




## هەرچیمان لەتوانادا بێت بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەیکەین

ل٥

# بارودۆخی هەرێم روو لە قەیرانی سیاسییە

بەرهەم خالید

بەهۆی پرۆژەیەکی لیستی دەسەڵاتەوە بارودۆخی هەرێم تووشی ئالۆزیی سیاسیی بووەو چاودێرانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن رەنگە دۆخەکە بەرەو قەیرانێکی سیاسیی گەورە بڕوات.

هۆکاری دروستبوونی ئەو قەیرانە، هێنانەپێشەوەی یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە لەلایەن دەسەڵاتەوە، کە بووەتە هۆی ئەوەی کە نزیکەی دوومانگە لەدوای تەواوبوونی پشووی پەرلەمانەوە لە (٩/١) تائێستا، هیچ پرۆژەیاسایەک لەپەرلەمان پەسەند نەکراوەو سێ هەفتەیە پەرلەمان پەکیکەوتووە، جگەلەوەی لایەنی ئۆپۆزسیۆن هەڕەشەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک هەڵوێستی لە ئاستی بەغداو هەرێم کردووە.

قادر عەزیز، سیاسەتمەدار لەوبارەیەوە وتی: «ئەو قەیرانەی ئێستا لەئارادایە ئەگەر بەشێوەیەکی راستو دروست چارەسەریان بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە شوێنی ئێستایدا ناوەستێو ئاراستەی تر وەردەگرێت، کە لەناویاندا توندوتیژییە».

شۆڕش حاجی، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق وتی: «ئەگەر دەسەڵات سووربێت لەسەر ئەو هەڵوێستەی، ئێمە وەک پێشتریش رامانگەیاندبوو لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەکشێینەوە، بەوەش یەکڕیزیی کورد لە بەغدا لەق دەبێتو دواتر هەرێم رووبەڕووی قەیران دەکاتەوە، کە ئێستا پێویستمان بەو قەیرانە نییە ئەوەش دەسەڵاتی سیاسیی لێی بەرپرس دەبێت، نەک ئێمە، بۆیە پێویستە لیستی زۆرینە گوێ لە ئۆپۆزسیۆن بگرێتو تاکلایەنانە بڕیار نەدات».

لەبەرامبەردا، ئازاد جوندیانی، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە دووریزانی هەرسێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن لە ئیئتیلافەکە بکشێنەوەو بە رۆژنامەی راگەیاند: هەر بە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنو چوونیان بۆ پەرلەمان قەیران لە هەرێم دروستبووە، بە تایبەت لە پەرلەمان، فراکسیۆنی گۆڕان لەناو پەرلەمان دژایەتی زۆرێک لە پرۆژەکانی لیستی کوردستانییان کردووەو وتی: «ئێمە لەگەڵ ئەوەین فراکسیۆنی زۆرینەو کەمینە پێکەوە هاوکاربن لە بەڕێوەبردنی کارەکانی پەرلەمانو حکومەتیش، هیوامان وابوو پێکەوە کاربکەینو پێکەوەبوون قوولبکەینەوە نەک جیاوازبوون».

بۆ ل (٢، ٤، ٧)



ئایا دەسەڵات لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا، واز لە بەرژەوەندییە حیزبییەکانی دێنێت؟

فۆتۆ: AFP

## یەکێتیو پارتی یاسای حیزبەکان پێشێل دەکەن


ل...٦

## «ئەگەر هەیە رەوتێکی ئیسلامیی نوێ لە هەرێم دروست ببێت»

ل...٢

## نهێنییەکانی دابەشکردنی خانووەکانی هەواری زانکۆ

ل...٢٠



## (٤٩) ملیار دیناری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەچێتەوە بەغدا

ل...٢

## سەرۆکایەتی هەرێم، مووچەی راوێژکارەکانو سێ سکرتێری کۆسرەت رەسوڵ، رادەگرێت

دلێر عەبدولخالق

دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، گرێبەستو مووچەی راوێژکارو دوو سکرتێری تایبەتو سکرتێری رۆژنامەوانییو چەند کارمەندێکی نووسینگەی کۆسرەت رەسوڵ، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رادەگرێت.

بەپێی زانیارییەکان کە لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە بە رۆژنامە گەیشتووە، ماوەی سێ مانگە مووچەی بەشێک لە راوێژکارەکانو چەند سکرتێرو کارمەندێکی نووسینگەی جێگری سەرۆکی هەرێم نەدراوەو یەکێک لە راوێژکارەکانیش ئەو هەواڵە پشتڕاست دەکاتەوە.

هاوڕێ سەنگاو، راوێژکاری پێشووی کوسرەت رەسوڵ، جێگری سەرۆکی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە (١٥ی ئابی ٢٠١٠)ەوە، گرێبەستی راوێژکارەکانی جێگری سەرۆکی هەرێم هەڵوەشاوەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی لایەنی یەکەم، کە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمە، ئەم پۆستانەی بە پێویست نەزانیوە، بۆیە مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکانی هەیە».

رۆژنامە لە چەندین کەناڵی جیاوازەوە لە هەوڵی وەرگرتنی بۆچوونی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام کۆی هەوڵەکان سەبارەت بەو پرسە بێئاکام بوون.

بۆ... ل٢

## تەنیا (٣) ملیار لە (١٢٧) ملیارەکەی ئەمساڵی کەرکوک خەرجکراوە

رۆژنامە


بەپێی دوایین راپۆرتی دارایی ئیدارەی پارێزگای کەرکوک، لە بودجەی ئەمساڵی پارێزگای کەرکوک کە بڕەکەی (١٢٧) ملیار دینارە، تەنیا (٣) ملیار خەرجکراوەو ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگاش، هۆکارەکەی بۆ گەندەڵییو کەمتەرخەمیی ئیداریی دەگەڕێنێتەوە.

بەپێی دوایین راپۆرتی دارایی بەناونیشانی (مەوقیفی جێبەجێکردنی پرۆژەکان لەچوارچێوەی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان بۆ ساڵی ٢٠١٠) لەسەر پرۆژەکانی کەرکوک کە ئیمزای عەبدولڕەحمان مستەفای پارێزگاری کەرکوکی لەسەرە، تا (٢٠١٠/٩/٣١) لە بوجەی ساڵی(٢٠١٠)، کە بڕەکەی (١٢٧) ملیار دینارو پاشماوەی بودجەی ساڵی(٢٠٠٩) کە بڕەکەی (٤٠) ملیار دینارە، تەنیا (٤٣) ملیار دینار خەرجکراوە، بەوپێیەش لەبودجەی ئەمساڵ، تەنیا (٣)ملیار خەرجی بودجە هەبووە.

بەپێی راپۆرتەکەی ئیدارەی پارێزگای کەرکوک کە وێنەیەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، بەبڕی زیاتر لە (١٣٤)ملیار دینار پرۆژە لە بوارە جیاوازەکانداو بۆ فەرمانگە جیاوازەکان راگەیەنراوەو زۆرینەشیان چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام رێژەی خەرجکردنی بودجەکە بەو شێوەیە بووەو فەرمانگەش هەیە، ئاستی خەرجکردنی ئەو بودجەیەی کە بۆی دیاریکراوە، سفرە.

لەوبارەیەوە، ئەندازیار ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیژنەی پرۆژەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «جێگای نیگەرانییە وا لەکۆتایی ساڵ نزیک دەبینەوە، بەڵام ئاستی خەرجکردنی بودجە، بەو شێوە کەمەیە، هەرچەندە بەبڕی زیاتر لە (١٣٤) ملیار پرۆژە لەچوارچێوەی بودجەدا راگەیەنراوە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەندەڵییو کەمتەرخەمییو ناشەفافیی لەخەرجکردندا هەیەو هیچ لێپرسینەوە نییە لەگەڵ لایەنی جێبەجێکار، بەتایبەتی بەڕێوەبەری فەرمانگەکان، چونکە تا ئێستاش بەهەمان شێوازی سەردەمی دەسەڵاتی رژێمی بەعس کارەکانیان رایی دەکەن».

عەسکەری، وتیشی: «ساڵانی رابردوو، هەندێکجار پەیوەندیی بە بەغداوە هەبوو کە لەکاتی خۆیدا بودجەکەی نەدەنارد، بەڵام ئەمساڵ لەمانگی یەکەوە بودجە گەیشتووە، خەرجنەکردنیشی تاوانی کۆمپانیاکانی جێبەجێکار نییە، چونکە ئەوە ئەرکی ئیدارەیە مەرجیان بۆ دابنێتو وابەستەیان بکات بە وادەیەکی دیاریکراوەوە».



## «دەسەڵات جیاوازیی لەنێوان خۆیو وڵاتدا ناکات»

ل...٨

# کۆماری ئیسلامیی ئێران، پارتی تووڕە دەکات






**رۆژنامە**

رۆژنامەی (خەبات)ی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەروتاری ژمارە (٣٦٠٢)ی دوێنێیدا زۆر بە توندیی وەڵامی شەبەکەی خەبەری تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەداتەوە، سەبارەت بە باسکردنی پەیوەندیی ئیسرائیل بە مەلا مستەفای بارزانیو شۆڕشی کوردەوە.

خەبات، لەو روونکردنەوەیەدا ئاماژە بەوە دەکات؛ «وادەردەکەوێت کە پێشکەشکارانی بەرنامەکەی (خەبەر) هیچیان بەدەستەوە نییە، تەنیا چۆنێتی پڕوپاگەندەی وروروژێنەری وەک پەیوەندیی ئیسرائیل بە بارزانیو شۆڕشی کوردەوە نەبێت».

رۆژنامەی خەبات لەو سەروتارەدا دەپرسێت: ئایا مەبەستی شەبەکەی خەبەر رای گشتیی خەڵکی ناو ئێرانە بە نەتەوەو ئایینی جیاوازەوە؟ خۆ ئـەوەش دیـارە خەڵکی ئێران لە چ حاڵێکدان بە تایبەتی کە رووبەڕووی گرانییو باری ناهەمواری ئابووریی بوونەتەوە، خەڵکی ئێران لە ئێمە باشتر دەزانن کە دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئازادیی دەربڕین بە کەس رەوا نابینن، بەڵکو هەر هەواڵو پڕوپاگەندەیەک بۆ مەبەستێکی تایبەتی سیاسیی حکومەت ئاراستە دەکرێت.

لـەم رووەوە زمانحاڵی پارتی دیـموکـراتی کـوردسـتـان، زیاتر روونیدەکاتەوەو دەڵێت: «کەواتە شەبەکەی خەبەر بەم جۆرە بەرنامانە تەنیاو تەنیا بیروڕای خەڵکی خۆیان بەرەو شتی دیکە چەواشە دەکات، لە کاتێکدا دەبێت شەبەکەی خەبەرو میدیاو رۆژنامەکانی ئێران بە تەنگ باری شپرزەیی خەڵکی خۆیانەوە بچنو بە تەنگی دەیان گرفتی ناوخۆوە بن، نەک خەریکی جوینەوەی پڕوپاگەندە بن بۆ لاوازکردنی بزووتنەوەی گەلی کوردستانی عێراق».

پارتی دیموکراتی کوردستان لە رێگەی زمانحاڵەکەیەوە باس لەوە دەکات؛ «رای گشتیی جیهان دەزانێت کە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناو و دەنگی باشی نییەو جێگەی متمانەو بڕوای کەس نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا گۆشەگیر کراوەو گەمارۆی ئابووریی دراوەو هەمیشە رەخنەی لێدەگرن لەبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤو ئازادییەکان، بەر لە هەموویان ئازادیی رادەربڕین».

# پارتی هیچ نانبڕاوێکی نەگەڕاندووەتەوە

**هەنگاوهاشم- هەولێر**

تا ئێستا (١١٤) نانبڕاوی لای پارتی نەگەڕاونەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، هەڵسوڕاوێکی گۆڕانیش لە هەولێر ئاماژە بـەوە دەکـات؛ ئەو کەسانە پێشتر لەناو هێزەکانی پارتیدا بوون.

عوسمان بانیمارانی، هەڵسوڕاوی گـۆڕان لە هەولێر، بە رۆژنامەی راگەیاند: سەرۆکی پەرلەمان دووجار حیزبەکەی ئاگادار کردووەتەوە کە کێشەی نانبڕاوان چارەسەر بکرێت، بـەڵام بەداخەوە لێک تێنەگەیشتن هەبووە لەم بارەوە، خۆدزینەوەیەک لە راستیی بابەتەکە هەبووە.

وتیشی: لە سنووری پارێزگای هەولێر (١١٤) کەس نانبڕاوکراون لە هێزەکانی پـارتـی، هەرچەندە نووسراوێک هاتبوو بۆ گەڕانەوەی ئەو نانبڕاوانە، وەزیری پێشمەرگەش رەزامەندیی نیشانداوە بە گەڕانەوەیان، بـەڵام لایەنی حیزبیی زاڵـە بەسەر وەزارەتی پێشمەرگەدا.

ئـەو هـەڵـسـوڕاوەی گـۆڕان لە هەولێر ئاماژەی بەوەشدا؛ ئەگەر بێتو چارەسەری کێشەی ئەم نانبڕاوانە نەکرێت، ناچارن خۆپیشاندان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدەن.

هەروەک نیزام یونس، یەکێکە لە نانبڕاوان، باس لەوە دەکات ماوەی ساڵێکو حەوت مانگە لە ریزەکانی پارتی بەهۆی بـیـروڕای جیاواز نانبڕاو کراومو تائێستا هیچ بڕیارێک نەهاتووە بۆمان بۆ ئـەوەی ئێمەی پێبگەڕێیننەوە سەر کارەکانمان.

# دزیی لە ماڵی رۆژنامەنووسێک دەکرێت

**رۆژنامە**

شـەوی هەینی رابــردوو دزیـی لە ماڵی رۆژنـامـەنـووس (فەیسەڵ محەمەد) دەکرێت، جگە لە بڕێک پارە، کۆمپیوتەرێکی لاپتۆپیش لە ماڵەکەی دەبرێت، کە چەندین بابەتو وێنەی رۆژنامەنووسیی بڵاونەکراوەی تێدایە.

لەوبارەیەوە (فەیسەڵ محەمەد) بە رۆژنـامـەی وت: «شـەوی هەینی (١٠/١٥) دز چووەتە ماڵەکەمانەوەو کۆمپیوتەرێکی لاپتۆپی جۆری DEEL و (٦) ملیۆنو (٥٠٠) هەزاردیناریان بــردووەو کـەلـوپـەلـێـکـی زۆرو ئەلبومی وێنەیان لەناو ماڵەکەدا بڵاوکردووەتەوە.

ئاشکراشیکرد: «لە ماڵەکەی مندا شتی شەخسییو پیشەیی بـراوە، کە کۆمپیوتەرەکەمەو پـڕە لە بابەتی بڵاونەکراوەی رۆژنامەوانییو وێنەو بابەتی تایبەتو مەلەفی رۆژنامەوانیی، لە کاتێکدا ئاڵتون لە ماڵەکەدا هەبووەو نەبراوە، لە رووی یاساییەوە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە دەکرێت، بەڵام تائێستا هیچ سەرەداوێک نەدۆزراوەتەوە».

ئـەو رۆژنامەنووسە نیگەرانەو ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئەوەی هەمیشە دەسەڵاتی کوردی شانازیی پێوە دەکرد توندوتۆڵیی لایەنی ئەمنییو ئاسایش بوو لە کوردستان بە گشتییو لە شاری سلێمانی بە تایبەت، کە ئێستا ئەو ئارامییو ئەمنییەتە نەماوەو دیاردەی دزیکردن بە رۆژی نیوەڕۆ لە ناو شاردا بەڵگەی لاوازیی لایەنی ئەمنییەو لەم رووەشـەوە رۆژنامەنووسان پشکی شێریان بەرکەوتووە.

# حکومەت رێگە نادات چاودێریی پرۆژەکان بکرێت

## پەرلەمانتارێک: پرۆژەی وەهمیی هەیە راوی دۆلاری پێدەکرێت

**رۆژنامە**

ئەندامێکی لیژنەی داراییو کاروباری ئابووریی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکـات؛ کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن رێگریی دەکات لە پەرلەمانتاران کاتێک کە دەچنە سەر پرۆژەکانو دەیانەوێت چاودێریی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵی (٢٠١٠) بکەن.

فراکسیۆنی گۆڕان لە سەرەتای ئەم مانگەوە هەڵمەتێکیان بۆ چاودێریکردنی وردی جێبەجێکردنی بودجەی (٢٠١٠) دەستپێکردووە، بـەڵام بەپێی ئەو رێگرییانەی پێی گەیشتوون، دەسەڵاتی جێبەجێکردن رێگرییان لێدەکات، بە تایبەت لەو پرۆژانەدا کە پەرلەمانتارانی ئەم فراکسیۆنە بە وەهمیی دەزانن.

ئیسماعیل سەعید گەڵاڵەیی، باس لەوە دەکات کە خۆیو یەکێکی تر لە ئەندامانی فراکسیۆنەکەی سەردانی پــرۆژەی نەخۆشخانەی (دڵ)یــان کردووە لە قەڵاچوالان، بەڵام لەلایەن پاسەوانەکانی نەخۆشخانەکەوە کە هێشتا هـەر بینایەو تـەواو نەبووە، رێگرییان لێکراوە پرۆژەکە ببینن.

ئـەو ئەندامەی لیژنەی دارایـیو کـاروبـاری ئابووریی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پرۆژەی نەخۆشخانەی دڵ لە قـەڵاچـوالان تەنیا هەیکەلی بیناکە دروستکراوەو لــــە ســـاڵـــی (٢٠٠٩)و ساڵی (٢٠١٠)شـدا بودجەی بۆ تەرخانکراوە، وتیشی: «ئێمە هەواڵی ئەوەمان پێگەیشتووە کە ئەو پڕۆژەیە وەهمییە».

لـەکـاتـی گەیشتنی ئـەو دوو پـەرلـەمـانـتـارەدا بـۆ ئـەو پـرۆژەیـە لەلایەن پاسەوانەکانی پرۆژەکەوە، رێگەیان لێدەگیرێت پرۆژەکە ببینن، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ وتەیەکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمدا کە لە دوا لێدوانیدا لەگەڵ رۆژنامەی رووداو دوێنێ دووشەممە؛ هیوای خواستووە پەرلەمان رۆڵـی خـۆی بگێڕێت لە بەدواداچوونی پرۆژەکانی (٢٠١٠)دا.

ئیسماعیل گەڵاڵەیی، هەر سەبارەت بە چاودێریکردنی بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان، باس لەوە دەکات؛ کە سەردانی پرۆژەی دروستکردنی رێگەی سازان- گریانەیان کردووەو لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە قسەیانکردووە، بەڵام دەرکەوتووە کە ئەو پرۆژەیە هەر بوونی نییەو وەهمییە، لەکاتێکدا لە ساڵی (٢٠٠٩و ٢٠١٠)دا بودجەی بۆ تەرخانکراوە.

گەڵاڵەیی، وتیشی: «ئەگەر حکومەت رێگریمان نەکات، چەندین پرۆژەی وەهمیی لەناو پرۆژەکانی (٢٠١٠)دا دەردەهێنین، کە بەشێکیان پرۆژەی وەهمییو چەواشەکارییو راوی دۆلاریان پێدەکرێت».

# سێ کـەنـاڵـی دەزگـای خـاک راگـیـران

**سەنگەر کوردە**

بەهۆی قەیرانی داراییەوە، دوای (١٣) ساڵ کارکردن، پەخشی تەلەفزیۆنی خاک رادەگیرێتو دەیان کارمەندی کەناڵەکە چارەنووسیان نادیار دەبێت.

راگرتنی پەخشی تەلەفزیۆنی خاک، دوای ئەوە دێت کە بودجەکەیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بــڕدراو ئەوەش وایکرد پێشتر گۆڤاری خـاکو سۆما (کە دوو بڵاوکراوەی دیکەی ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاک بوون) راگیران.

ئاکۆغەریب، بەڕێوەبەری گشتیی نـاوەنـدی چاپەمەنییو راگەیاندنی خـاک، لەوبارەیەوە بۆ رۆژنامە وتی: «پەخشی تەلەفزیۆنی خاک بۆ ماوەیەکی نادیار رادەگیرێت، بەڵام دەزگاکەمان دانەخستووەو گـۆڤـاری سیخورمەو رادیۆی خاک بەردەوام دەبن»، هۆکاری راگـرتـنـی پەخشەکەشی بـۆ نەمانی بودجەکەیان گەڕاندەوەو وتی: «پێمان بەڕێوە نابرێت، بۆیە تا ماوەیەکی نادیار رادەگیرێت، بزانین دەگەینە چ ئەنجامێک».

لە بـارەی چارەنووسی ئەو دەیان کارمەندەی لەتەلەفزیۆنەکەکاریان کردووە، وتی: «ئێمە دەزگایەکی ئەهلیی بووینو ئەو کادیرانە بە گرێبەست کاریان لەگەڵ ئێمەدا کردووەو ئێستا گرێبەستەکانمان تازە نەکردووەتەوە، نامانەوێت کەس نانبڕاو بکەین، بەڵام ئەوەش لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییەو هەمووشمان چارەنووسمان وەک یەکە، بۆیە نازانین چارەنووسی کارمەندەکانمان چی بەسەر دێـت»، لە ئەگەری بەردەوامبوونی قەیرانەکەش وتی: «هیوادارم ئەو قەیرانە داراییە نەگاتە ئەو ئاستەی کە تەلەفزیۆنەکەو دەزگاکە دابخەین».




# بۆچی پێویستە، یاسای دەستەی هەڵبژاردنەکان دوابخرێت؟


سیروان رەشید

نـزیـکـەی مانگێکە، بەهۆی ململانێی نـێـوان دەسـەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەوە، هەرێمی کوردستان رووبەڕووی تەنگژەیەکی سیاسیی بـووەتـەوە کـە ئـەگـەر لایەنی دەسەڵات لەپێناوی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانو تێکنەچوونی بارودۆخە سیاسییەکەدا، دەست لەبەرژەوەندییە حیزبییەکانی هەڵنەگرێت، مەترسیی خولقاندنی قەیرانێکی گەورەی سیاسیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە ئێستا:

١-پەرلەمان، نزیکەی مانگێکە بەهۆی یاسای دەستەی هەڵبژاردنەکانەوە لەکارکەوتووە، لەکاتێکدا چەندین پرۆژەیاسای دیکە هەن کە وەلاخراونو پەسەند ناکرێن.

٢- وەک لـەلـێـدوانـی رۆژنـامـەوانـی پەرلەمانتارێکەوە بـڵاوکـرایـەوە لایەنی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن «گـۆڕان»، چالاکیی خۆی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کورستانییەکان لەبەغدا، هەڵپەساردووە.

٢- سێ هێزەکەی ئۆپۆزسیۆن، سوورن لەسەر ئەنجامدانی کۆمەڵێک هەڵوێست، ئەگەر دەسەڵات مل بۆ داواکارییە «نیشتمانییەکانیان» نـەدا، بەتایبەت لەکاتی تێپەڕاندنی یاسای دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم.

هـۆکـاری دروستبوونی ئـەو قەیرانە سیاسییەی ئێستا لە هەرێم دروستبووە، لایەنی دەسەڵاتە، ئەویش بەهێنانە پێشەوەی مـەسـەلـەی دروسـتـکـردنـی دەستەیەکی هەڵبژاردن لەهەرێم کە وەختێک چاودێریی رەوشی ناکۆکی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن دەکەین لەمڕووەوە، بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لایەنی دەسەڵات ئامادە نییە، لەپێناوی بەرژەوەندییە، نیشتمانیو پاراستنی ئـەو مرونەتە سیاسییەی چەند مانگێکە لەدوای دروستبوونی فراکسیۆنی ئیئتیلافە کوردستانییەکان هاتووەتە کایەوە، تەنازول لە بەرژەوەندییە حیزبییەکانی بکاتو گوێ لە داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆن بگرێت.

کلیلی چـارەسـەر بـۆ دەربـازبـوون لەوقەیرانەی ئێستا، ئەوەیە کە پێکهێنانی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێم بوەستێنرێتو کار لەسەر پەسەندکردنو ئەنجامدانی کۆمەڵێک چاکسازیی سیاسیی بکرێت کە دوومانگ بەر لە ئێستا لە کۆبوونەوەیەکی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بەڕێز، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی بۆ چاکسازیی سیاسیی لە هەرێم لە لایەنە سیاسییەکان دروستکردو بزووتنەوەی گۆڕانیش لەم رووەوە پرۆژەیەکی بۆچاکسازیی سیاسیی لە هەرێم پێشکەشکردووە.

دەبێت ئەو راستییە بزانین کە تا لایەنەکان رێکنەکەون لەسەر ئەنجامدانی کۆمەڵێک چاکسازیی سیاسییو ئیداریی گرنگ وەک پاکیجێک، دۆخی سیاسیی هەرێم ناکەوێتە سەر سکەی تەندروستی خۆی، کە دیارە کۆمەڵێک پرسی گرنگ هەن پەیوەندییان بـەچـارەنـووسـی نیشتمانیی خەڵکی کوردستانەوە هەیەو پێویستی بە کۆدەنگیی، یان بەلایەنی کەمەوە تەوافوقی نیشتمانیی هەیە وەک پـرسـی؛ سیاسەتی نـەوتو غازی هەرێم، پرۆژەی دەستووری هەرێم، دابینکردنی بودجەی جیزبەکان بەشێوەیەکی عادیلانە، قەدەعەکردنی رێکخستنی حیزبییو دروستکردنی هێزێکی ئەمنیی نیشتمانیی لەکوردستان.

لەراستیدا، ئەگەر پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بەوشێوەیەی دەسەڵات داوای دەکات، لە پەرلەمان تێبپەرێنرێت، دەبێتە خەتەرێک بۆسەر ژیانی سیاسییو ئیحتیکاری دەسەڵات لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە.

ئێستا، لـەعـێـراقـدا کۆمسیۆنێک بۆ بەڕێوەبردنو سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنو راپرسییەکان هەیەو سەرپەرشتی هەموو هەڵبژاردنەکان دەکات بە هەڵبژاردنە گشتییو لۆکاڵییەکانی هەرێمیشەوە، بۆیە لە هەرێمی کوردستان، پەکمان لەسەر دروستکردنی ئەم دەستەی هەڵبژاردنە نەکەوتووەو دەکرێت لەپێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتەکەماندا، وەک دواخستنی راپرسی لەسەر دەستوور، ئەم مەسەلەیەش بۆکاتێکی تر دوای بخەین، تا ئەوکاتەی کۆدەنگییەک، یان تەوافوقێکی نیشتمانیی بۆ دروست دەبێت.

دەسەڵاتی سیاسیی، هەرێمی تووشی قەیران کردووە 4

# (٤٩) ملیار دیناری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا

ڕۆژنامە

پارێزگاری سلێمانی هیچ یەکێک لەو پرۆژانەی جێبەجێ نەکردووە، کە ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ساڵی (٢٠١٠) پەسەندی کردووە، لێپرسراوی پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش ڕایگەیاند: لە ڕووی یاساییەوە دەبێت ئەو بودجەیە بگەڕێتەوە خەزێنەی بەغدا.

دوای دەستبەکاربوونی پارێزگاری نوێی سلێمانی لە سەرەتای ئەمساڵەوەو بەهۆی بوونی ناکۆکیی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا، بە بڕیارێک سەرجەم پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای ڕاگرتو بەوهۆیەشەوە هیچ یەکێک لە پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگا نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوەو بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی سلێمانی لە چوارچێوەی پەرەپێدانی هەرێمەکاندا وەکخۆی ماوەتەوە، کە بڕەکەی (٤٩) ملیار دینارە.

دانا عەبدولکەریم، لێپرسراوی پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا هیچ پرۆژەیەکی ساڵی (٢٠١٠)ی پەرەپێدانی هەرێمەکان لە سلێمانی نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەبەرئەوەی ئەو بودجەیە بۆ پرۆژەی یەک ساڵە، ئەگەر جێبەجێ نەکرێن، بەپێی یاسا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی بەغدا».

ئاماژەی بەوەشکرد؛ «تا ساڵی (٢٠٠٨) بودجەی پەرەپێدان ڕاستەوخۆ لەلایەن بەغداوە خەرج دەکرا، بەڵام ماوەی دووساڵە بودجەی هەرسێ پارێزگاکە دەچێتە خەزێنەی وەزارەتی دارایی هەرێمەوەو نازانرێت ئەوان چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، دەیگەڕێننەوە بۆ بەغدا، یان چارەسەری دەکەن».

بودجەی ئەمساڵی پارێزگای سلێمانی بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، بە ڕێژەیەکی زۆر کەمیکردووەو سەرەڕای ئەوەش هیچ پرۆژەیەکی پێ جێبەجێ نەکراوەو تەنانەت نەخراوەتە بواری تەندەرینەوە، بۆیە ئەگەر زۆرە بگەڕێتەوە خەزێنەی ناوەندی.

بە وتەی لێپرسراوی پرۆژەکان؛ «خەرجنەکردنی ئەو بودجەیە زیانێکی گەورەیەو غەدرکردنە لە پارێزگای سلێمانی»، وتیشی: «ساڵانی پێشوو بایی نزیکەی (٢٠٠) ملیار پرۆژەمان داوا دەکردو زۆرینەی دەخرایە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەگەر هەر کورتهێنانێکی بودجەیش هەبوایە بۆ ساڵی داهاتوو پارەی بۆ تەرخاندەکراو بەو هۆیەوە کۆی پارەی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان دەخرانە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەگەر بیانووشیان تەواوکردنی پرۆژەکانی ساڵی ڕابردووش بێت، ئەوە ڕاست نییە، چونکە لانیکەم دەکرا بایی زیاتر لە (٣٠) ملیاریان بخستایەتە پرۆژەوە».

ئەمە لەکاتێکدایە هەریەکە لە پارێزگای هەولێر بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی کە (٤٤) ملیارو دهۆک (٢٨) ملیار دینار بووەو بە وتەی بەرپرسانی ئەو پارێزگایانە کۆی بودجەکەیان خراوەتە پرۆژەوەو هیچ ڕێژەیەکیان لێنەماوەتەوە، سەرەڕای ئەوەش لە بودجەی تایبەتی هەرێمیش ڕێژەیەکی زۆر لە بودجە بۆ ئەو پارێزگایانە تەرخانکراوە.

دەربارەی ئەو پرۆژانەی ئێستا پارێزگای سلێمانی بانگەوازی بۆ دەکاتو دەخرێتە تەندەرینەوە، دانا عەبدولکەریم، وتی: «ئەو پرۆژانە پەیوەندیی بە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکانەوە نییەو بودجەی وەبەرهێنانەو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم لەڕێی پارێزگاکانەوە جێبەجێی دەکەن».

# ئەگەر هەیە، ڕەوتێکی نوێی ئیسلامیی دروست ببێت

سەنگەر جەماڵ

د.محەمەد بازیانی، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان ڕاگەیاند، ئەوەش دوای زیاتر لە دوو ساڵ کارکردن وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە.

دەستلەکارکێشانەوەی د.محەمەد، دوای زنجیرەیەک دەستلەکارکێشانەوەی بەشێک لە سەرکردەکانی ناو ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان دێت.

د.بازیانی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، وتی: «من وەکو میوان لە کۆنگرەی بزووتنەوەی ئیسلامیی بەشداربوومو داوایانکرد خۆم کاندید بکەم، نەمتوانی لەو کاتەدا ڕەتی بکەمەوە، بەڵام بەڵێنم دا، بۆماوەی دوو ساڵ لە خزمەتیاندا بمو مانگی (٧) ئەو وادەیە تەواو بوو، داوایانکرد، ماوەیەکی تر بمێنمەوە، ئەوەبوو دوای سێ مانگی تر مامەوەو ئێستا دەستم لەکارکێشایەوە».

ماوەیەکە، دەنگۆی ئەوە دروستبووە کە پارتێکی ئیسلامیی لە شێوەی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا لەلایەن هەندێک سەرکردە دانیشتووە ئیسلامییەکانو ڕۆشنبیرانی ئەو حیزبانەوە پێکبێتو لەوبارەیەوە، د.محەمەد بازیانی، هۆشداریی دەداتە پارتە ئیسلامییە سیاسییەکانو دەڵێت: «ئەگەر ئەو سێ لایەنە ئیسلامییەی کوردستان کە تا دوێنێ من لەناو یەکێکیاندا بووم، بەخۆیاندا نەچنەوە، ئەگەر هەیە لەناو خۆیاندا ڕەوتێک دروست ببێت کە بانگەشەی ڕیفۆرم بکات وەک چۆن لە یەکێتیدا ڕوویدا، ئەوەش بەدوور نازانم، کەسانێک لەناو هەرسێ لایەندا هەبن کە لە هەوڵی ئەوەدابن، بەڵام بۆ ئێستا نا، بۆ ئایندە».

# دوو بەرپرس بە تۆمەتی «ئیختیلاس»ی دارایی لە دوکان دەستگیردەکرێن

ڕۆژنامە

بە تۆمەتی دیارنەمانی زیاتر لە (٢٠) ملیۆن دینار، لێپرسراوی ژمێریاریی‌و ئیدارەی پەروەردەی دوکان دەستگیر دەکرێنو تۆمەتباری سێیەمیش بۆ دەرەوەی وڵات هەڵدێت.

ڕاپۆرتێکی (٧٧) لاپەڕەیی دیوانی چاودێری دارایی، کە لە (٢٠١٠/٨/٢٨)دەرچووە، ئاماژە بە ئیختلاسی دارایی دەکات لە پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی ئاوو ئاوەڕۆی خوێندنگەکانی سنووری پەروەردەی دوکان، کە لیژنەیەکی سێ کەسیی سەرپەرشتی کردووەو بڕی (٤٥) ملیۆن دیناری بۆ دابینکراوە، بەپێی ڕاپۆرتەکە لە کۆی ئەو بڕە پارەیە زیاتر لە (٢٠) ملیۆن دینار لەلایەن لیژنەکەوە بە سوودی شەخسی بەکارهێنراوە.

دوا بەدوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی چاودێری دارایی، لە دادگاو بنکەی پۆلیسی دوکان دەست بە لێکۆڵینەوە کراوەو لە (٢٠١٠/٩/١) دوو تۆمەتبار کە پێکهاتوون لە لێپرسراوی بەشەکانی ئیدارەو ژمێریاریی پەروەردەکە، دەستگیرکراون، سەرۆکی لیژنەکەش هەرێمی کوردستانی جێهێشتووەو هەڵاتووە.

لەوبارەیەشەوە ڕۆژنامە پەیوەندیی کرد بە مەریوان عوسمان، بەڕێوەبەری پەروەردەی دوکان، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو لێدوان بدات لەسەر ئەو لیژنەیەی پەروەردەکەیان، کە تۆمەتبار کراون بە بردنی پارەی بودجەی وشکەساڵیی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

هاوکات سەرچاوەیەکی بەرپرس لە قەزای دوکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەپێی لێکۆڵینەوەکانی دەزگای چاودێریی‌و بەراوردکردنی وەسڵەکان دەرکەوتووە، ئەو لیژنە سێ کەسییەی پەروەردەی دوکان، (بیست ملیۆنو سێ سەدو هەشتاو حەوت هەزار) دیناریان بردووە».

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوە کرد؛ لە کاتی لێکۆڵینەوەو وەرگرتنی بۆچوونی بەڕێوەبەری پەروەردەو چەند خوێندنگەیەک دەرکەوتووە، وەسڵی (١٢) هەزاریی کراوە بە (١٢٠) هەزار دینار.

بۆ وەرگرتنی زایناریی لەسەر ڕێڕەوو ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان «ڕۆژنامە» پەیوەندیکرد بە دادوەری لێکۆڵینەوەی دوکان، بەڵام ناوبراو بە پاساوی پاراستنی ئەمانەتی زانیاریی لێکۆڵینەوەکانو پەیوەستبوونی بە نووسراوی ئەنجومەنی داوەریی بۆ حاکمەکان بە پێنەدانی زانیاریی، هیچی نەدرکاند.

ئەو دوو تۆمەتبارەی دەستگیرکراون، یەکێکیان خزمی بەرپرسێکی حیزبییە لە دوکان، جارێک لە گرتووخانەی بنکەی پۆلیسی دوکانەوە گواستراونەتەوە بۆ گرتووخانەی سلێمانیو ئێستاش لەسەر زیمەی بەڕێوەبەری پۆلیسی دوکان، گوازراونەتەوە بۆ پۆلیسی سورداش، لەکاتێکدا مەلەفی لێکۆڵینەوەکەیان لە پۆلیسی دوکانە.

وەک چۆن زۆربەی سەرچاوە پەیوەندیدارەکانی ئەم ڕاپۆرتە، نایانەوێت ناویان ئاشکرا بکرێت! بنکەی پۆلیسی دوکانیش وەک سەرچاوە بۆ ڕۆژنامە لێدوان دەدەنو ڕایانگەیاند: «بەپێی مادەی (٣١٩)، کە تایبەتە بە بردنی ماڵی دەوڵەت لە یاسای سزادانی عێراقی، دوو کەسمان دەستگیرکردووەو یەکێکیان هەڵاتووە».

# پەرلەمان لەکار کەوتووە

چاوان عەلی

دوای تێپەڕینی نزیکەی دوومانگ بەسەر تەواوبوونی پشووی هاوینەی پەرلەمان (٩/١)، پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە هیچ پرۆژەیاساو بڕیارێک پەسەند بکات.

لەکارکەوتنی پەرلەمان، پەیوەندیی بە ململانێی نێوان لیستی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەوە هەیە لەسەر پرۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، کە دوو هەفتەیە پەرلەمان کۆنەبووەتەوەو ئەم هەفتەیەش هیچ دانیشتنێک ئەنجام نادات.

نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ، پەسەند نەکردنی یاساو بڕیارەکانی بە کەموکووڕییەکی گەورە زانیو وتی: «یەک پرۆژەیاسا کراوەتە گرفتو پەرلەمان پێوەی گیرۆدە بووە».

عومەر نورەدینی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، جەختی کردەوە کە چەندین پرۆژە یاسا لە لیژنەی یاسایی تاوتوێکراونو ڕاپۆرتەکانیان ئامادەیە، بەڵام ئەوەی دەبینرێت، تەنیا یەک پرۆژەیاسا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت «باشتر وابوو، بە دەنگدان ئەو پرۆژەیاسایە لە هۆڵی پەرلەمان بوەستێنرایەو دەست بەگفتوگۆکردنی پرۆژەیاساکانی دیکە بکرایە، تا دەگەینە ڕێککەوتنێک لەبارەیەوەو دەرگایەک بۆ یەکلاییکردنەوەی دەدۆزرێتەوە، ئەو کات گفتوگۆکانی تەواو بکرێت».

لەو (١٦)پرۆژەیاسایەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، وەک ئەولەویەت دەستنیشانی کردبوون، چەندین پرۆژەیاسای گرنگی دیکەی تێدایە کە شایەنی گفتوگۆ لەسەر کردن بوونو دەکرا پێش ئەم پرۆژەیە بخرانایە.

ناسک تۆفیق، ئاماژەی بەوەکرد: ڕیزبەندیی ئەم پرۆژەیاسایە، لە دوای چەند پرۆژە یاسایەکی دیکەوە بوو، بەڵام دیارە لەلای دەسەڵاتو سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە گرنگتر لە پرۆژە یاساکانی دیکە، زانراوە، بۆیە کراوەتە یەکەم پرۆژەو نزیکەی دوومانگە پەرلەمان بە دوو سێ مادەی ئەو پرۆژەیاسایەوە گیریخواردووە.

عومەر نورەدین، پەرلەمانتار، هەرچەندە پێی وابوو، باشتر وایە کە دەست بە پرۆژەیاسایەک دەکرێت، پەسەندبکرێت ئەوجا پرۆژەیەکی دیکە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، بەڵام بە پێویستی زانی، لەم بارەی ئێستا پرۆژەیاساکەی تێدایە، ئەگەر لەم هەفتەیەدا نەگەینە کۆدەنگییەک، ئەوا پێم باشە، پەرلەمان ئەم پرۆژەیاسایە ڕابگرێتو دەست بە پرۆژەیاساکانی دیکە بکاتەوە.



سێ هەفتەیە پەرلەمان بۆ لەکارکەوتووە؟ فۆتۆ: ئەیاد عەبدوڵڵا

# پارتی سکاڵایەکی دیکە لەسەر سۆران عومەر تۆماردەکات

ڕۆژنامە

پارتی سکاڵایەکی تر دژی گۆڤاری ڕێگا مەگەزین تۆمار دەکاتو هەر خۆشی دادگاییەکە لەهەولێرەوە بۆ سلێمانی دەگوازێتەوە.

دوێنێ سۆران عومەر، سەرنووسەری گۆڤاری ڕێگا مەگەزین بە کەفالەتی (١) ملیۆن دینار ئازاد کرا، ئەوەش پاش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان سکاڵایەکی لە بنکەی پۆلیسی بەختیاری شاری هەولێر لەسەر گۆڤارەکە تۆمار کردووە.

سەرنووسەری گۆڤاری ڕێگا مەگەزین لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: سکاڵاکە ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٢٥ تۆمارکراوە لەسەر وتارێکو دوو ڕاپۆرت، کە لە ژمارە (١٧)ی گۆڤارەکەدا لە ڕۆژی ٢٠١٠/٦/١ بڵاوبووەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ تەبلیغێکیان بە دەست بگاتو هەر خۆشیان دادگاکەیان گواستووەتەوە بۆ کەرتی پۆلیسی سەرا لە سلێمانی.

سۆران عومەر، ئەوەشی خستەڕوو؛ کە وتارەکە دەربارەی کۆنگرەی سێی یەکێتییەو ڕاپۆرتێکیان لەسەر تیرۆرکردنی ڕەئوف ئاکرەییە، لە دهۆک کە ساڵی (١٩٩٣) تیرۆرکراوەو هەروەها ڕاپۆرتی دووەم لەسەر وتارەکەی سەرۆکی هەرێمە، کە پێش سەفەری بۆ وڵاتی فەرەنسا پێشکەشی کردو هێرشی کردە سەر ڕۆژنامەنووسانو میدیای ئازادو لەوبارەیەوە دەڵێت: «ئایا پارتی بۆچیو بە چ مافێک لە بری سەرۆکی هەرێمو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوا لە دژی ئێمە تۆمار دەکات، لە کاتێکدا سەرۆکایەتی هەرێم هەیەو دەکرا ئەوان سکاڵا تۆمار بکەن».

### پاشماوەی... مووچەی ڕاوێژکارەکانو...


بۆ وەرگرتنی زانیاریی لە نووسینگەی تایبەتی کۆسرەت ڕەسوڵ، کامەران عەلی حەسەن، بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتی جێگری سەرۆکی هەرێم کە لە پۆستەکەیدا ماوەتەوە ئاماژەی بەوە کرد؛ تەنیا سکرتێری ڕۆژنامەوانیی مەریوان مەسعود، دەتوانێت لێدوان بدات، مەریوانیش بە پاساوی ئەوەی لە پۆستەکەیدا نەماوە، ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک بدات.

ئەم زانیارییانە لەکاتێکدایە، لەدوای هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ەوە پرسی جێگری سەرۆکی هەرێم، کە بەرپرسانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە مافی خۆیانی دەزانن، بە هەڵپەسێردراویی لەنێوان پارتیو یەکێتی ماوەتەوە، هاوکاتیش دەنگی ئەوە هەیە ئەو (١٠٠) هەزار دۆلارەی مانگانە وەک مینحە بە جێگری سەرۆکی هەرێم دراوە، ئەویش بڕابێت، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی بەرپرس ئەو زانیارییەی پشتڕاست نەکردەوە.

# «به‌ هیچ جۆرێک سازش له‌ کوردستانیبوونی که‌رکوک ناکه‌ین»

سازدانی: هۆشیار عه‌بدوڵڵا

**نه‌وشیروان مسته‌فا، ڕایگه‌یاند که‌ پشتیوانیی موحاسه‌سه‌ی حیزبیی ناکه‌ن له‌ ده‌سته‌ی باڵای هه‌ڵبژاردنه‌کان‌و پشتگیریی ئه‌وه‌ ده‌که‌ن که‌ یاساکه‌ پیشه‌ییبوون‌و ده‌ستپاکیی‌و سه‌ربه‌خۆیی‌و بێلایه‌نیی‌و لێوه‌شاوه‌یی ئه‌ندامانی ده‌سته‌که‌ مۆسه‌گه‌ربکات‌و ده‌سته‌که‌ له‌ ئاستی متمانه‌ی خه‌ڵکدابێت.**



له‌ لێدوانێکیدا سه‌باره‌ت به‌ مشتومڕه‌کانی یاسای ده‌سته‌ی باڵای هه‌ڵبژاردنه‌کان له‌ هه‌رێمی کوردستانی عێراق، نه‌وشیروان مسته‌فا، ڕایگه‌یاند: کاتێک مه‌سه‌له‌یه‌کی چاره‌نووسساز، یان گرنگ که‌ په‌یوه‌ندیی به‌ ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی، یان به‌رژه‌وه‌ندیی نه‌ته‌وه‌ییه‌ هه‌بێت، بۆچوونی جیاوازی له‌سه‌ر دروست ببێت، دوو ڕێگا هه‌یه‌ بۆ یه‌کلاییکردنه‌وه‌ی، یان ڕێگای سه‌پاندن، یان ڕێگای سازان (ته‌وافوق)ه‌. سه‌پاندن، له‌وانه‌یه‌ به‌ ڕێگه‌ی به‌کارهێنانی هێزی چه‌کدار، یان ڕێگای تر بێت وه‌کو شه‌ڕی ئابووریی‌و گوشاری سیاسیی، یان به‌ ڕێگه‌ی سه‌پاندنی زۆرینه‌ی په‌رله‌مانی‌و ئه‌مانه‌ هه‌ریه‌که‌یان جۆرێکه‌ له‌ سه‌پاندنی زۆرداره‌کی.

سه‌باره‌ت به‌ ڕێگه‌ی سازانیش، ڕونیکرده‌وه‌ که‌ بریتییه‌ له‌وه‌ی لایه‌نه‌ جیاوازه‌کان پێکه‌وه‌ هه‌وڵده‌ده‌ن، تێگه‌یشتنی هاوبه‌ش‌و بڕیاری هاوبه‌ش بدۆزنه‌وه‌و وتی: «له‌ سازاندا، هیچ لایه‌نێک ناتوانێت هه‌موو بۆچوون‌و خواسته‌کانی دابین بکات، به‌ڵکو هه‌ریه‌که‌یان به‌شێک له‌ بۆچوون‌و خواسته‌کانی دابین ده‌کرێت، له‌ ناوه‌ڕاستی ڕێگاکه‌دا یه‌کده‌گرن، به‌ڵام له‌سه‌ر ئاستی نه‌ته‌وه‌یی، یا نیشتمانی، یان له‌سه‌ر ئاستی سیاسیی جۆرێک له‌ کۆده‌نگی له‌و مه‌سه‌له‌یه‌دا دێته‌دی که‌ به‌رژه‌وه‌ندیی نه‌ته‌وه‌یی‌و ئارامیی ڕای گشتیی‌و ئاشتیی کۆمه‌ڵایه‌تی لێده‌که‌وێته‌وه‌، به‌ڵام موحاسه‌سه‌، شتێکی تره‌، جیاوازه‌ له‌ سازان».

ده‌رباره‌ی سیستمی موحاسه‌سه‌ (پشکێنی)، یان وه‌کو پێی ده‌وترێت، سیسیتمی کۆتا، وتی: «پێش ئه‌وه‌ی به‌رژه‌وه‌ندیی نیشتمانی، یان نه‌ته‌وه‌یی له‌به‌رچاو بگرێت، به‌رژه‌وه‌ندیی شه‌خسی، به‌رژه‌وه‌ندیی حیزبیی، به‌ واتایه‌کی تر به‌رژه‌وه‌ندیی گرووپ‌و لایه‌ن له‌به‌رچاو ده‌گرێت، نیزامی موحاسه‌سه‌ واته‌ دابه‌شکردنی ده‌ستکه‌وتی مادیی‌و سیاسیی، واته‌ دابه‌شکردنی پله‌و پایه‌کانی ده‌زگا ده‌وڵه‌تی‌و حکومه‌تییه‌کان، له‌نێوان چه‌ند که‌سێک، یان له‌نێوان چه‌ند گرووپ‌و لایه‌نێکدا».

سه‌باره‌ت به‌ یاسای ده‌سته‌ی باڵای هه‌ڵبژاردنه‌کانیش، نه‌وشیروان مسته‌فا، پێیوایه‌: «ئه‌و ده‌سته‌یه‌ که‌ له‌ ئێستاو پاشه‌ڕۆژدا به‌رپرس ده‌بێت له‌ سه‌رجه‌م پرۆسه‌ی دیموکراتی له‌ کوردستانی عێراقدا، پشتیوانی له‌ موحاسه‌سه‌ی حیزبیی ناکه‌ین، واته‌ ئێمه‌ پشتیوانی ناکه‌ین له‌ دابه‌شکردنی ئه‌ندامانی ده‌سته‌ی باڵا به‌سه‌ر حیزبه‌کاندا، پشتیوانی له‌وه‌ ناکه‌ین، چه‌ند به‌ر گۆڕان‌و چه‌ند به‌ر حیزبه‌کانی تر ده‌که‌وێت، به‌ڵکو ئێمه‌ پشتیوانی له‌ قانوونێک ده‌که‌ین که‌ پیشه‌ییبوون، ده‌ستپاکیی، سه‌ربه‌خۆیی، بێلایه‌نیی، لێوه‌شاوه‌یی ئه‌ندامی هه‌یئه‌ته‌که‌ مسۆگه‌ر بکات، قانوونێک بێت که‌ ده‌سته‌یه‌کی باڵا دابنێت، له‌ ئاستی متمانه‌ی خه‌ڵکی کوردستاندا بێت».

له‌لایه‌کی دیکه‌وه‌و له‌ چاوپێکه‌وتنێکیدا له‌گه‌ڵ به‌رنامه‌ی ڕووبه‌ڕووی که‌ناڵی ئاسمانی (KNN)دا، سه‌رۆکی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان، سه‌باره‌ت به‌ ڕێکخستنه‌وه‌ی گۆڕان‌و چۆنێتیی قیاده‌کردنی بزووتنه‌وه‌که‌، بوونی بۆچوونی جیاواز به‌ ئاسایی ده‌زانێت‌و ده‌ڵێت: «له‌ناو ئێمه‌دا بۆچوونی جیاواز هه‌یه‌و پێموایه‌، ئه‌مه‌ شتێکی ته‌بیعییه‌، به‌ڵام بۆچوونه‌کانی ئێمه‌و جیاوازییه‌کانمان له‌سه‌ر شتی فیکریی‌و سیاسیی‌و ئایدۆلۆژیی نین، ئێمه‌ ئه‌گه‌ر جیاوازیشمان هه‌بێت له‌ بۆچووندا له‌سه‌ر شتی هونه‌ریی‌و ته‌کنیکییه‌، له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه‌ بۆ نموونه‌، چۆن ناو شاری سلێمانی، یان هه‌ولێر یان که‌رکوک ڕێکبخه‌ین، به‌لاشمه‌وه‌ زۆر زۆر ئاساییه‌، چونکه‌ ئێمه‌ له‌ قۆناغێکداین که‌ سه‌ره‌تای ده‌ستپێکردنی جوڵانه‌وه‌یه‌کی سیاسییه‌و ده‌مانه‌وێت، ڕێکخراوێکی تازه‌ دروست بکه‌ین به‌ هه‌یکه‌لێکی تازه‌، ئه‌گه‌ر ناکۆکی‌و بۆچوونی سیاسیی له‌سه‌ر ئه‌وه‌ نه‌بێت، ئه‌وه‌ شتێکی زۆر ئاساییه‌».

## هیوای سه‌رکه‌وتن بۆکۆنگره‌ی پارتی ده‌خوازین

## کۆمپانیای وشه‌ زمانحاڵی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان نییه

سه‌باره‌ت به‌ کۆمپانیای وشه‌، که‌ ئایا زمانحاڵی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕانه‌، یان نا، وتی: «کۆمپانیای وشه‌، به‌ ماوه‌یه‌کی زۆر پێش بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان دامه‌زراوه‌، کاتێک که‌ کۆمپانیای وشه‌ بۆ ڕاگه‌یاندن دامه‌زرا، هێشتا بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان‌و بیرۆکه‌ی دامه‌زراندنی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان‌و ده‌ستپێکردنی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان له‌کایه‌دا نه‌بوو، چونکه‌ هێشتا ژماره‌یه‌کی زۆری ئه‌وانه‌ی که‌ هه‌ڵسوڕاون، ئومێدێکی زۆریان به‌وه‌ هه‌بوو که‌ له‌ناو داخڵی حیزبه‌کانی کوردستاندا هه‌ندێک ئاڵوگۆڕ بکرێت، پاش ئه‌وه‌ی پێش هه‌ڵبژاردن ده‌رکه‌وت، ئه‌وه‌ کارێکه‌ ناکرێت، له‌به‌رئه‌وه‌ په‌نامان برد بۆ دامه‌زراندنی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان، ئێستا ده‌توانیت بڵێیت، تا ئه‌ندازه‌یه‌کی زۆر کۆمپانیای وشه‌ توانیویه‌تی له‌ دوو هه‌ڵبژاردندا، پشتیوانییه‌کی زۆر گه‌رم له‌ بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان بکات، به‌ڵام مانای ئه‌وه‌ نییه‌ که‌ زمانحاڵه‌، گه‌لێک جار له‌ناو دامودەزگاکانی کۆمپانیای وشه‌دا، چ له‌ سایته‌که‌ی، له‌ ڕۆژنامه‌که‌ی، له‌ ته‌له‌فزیۆنه‌که‌ی، له‌ ڕادیۆکه‌ی، که‌سانێک قسه‌ ده‌که‌ن، بیروبۆچوونی خۆیان ده‌رده‌بڕن، گه‌لێک جار دژی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان قسه‌ ده‌که‌ن، ڕه‌خنه‌ی لێده‌گرن‌و بیروباوه‌ڕی جیاواز بڵاوده‌که‌نه‌وه‌، ئه‌و په‌راوێزی ئازادییه‌ی که‌ له‌ناو ده‌زگاکانی کۆمپانیای وشه‌دا هه‌یه‌، پێموانییه‌ له‌ ناو ده‌زگا حیزبییه‌کانی تردا هه‌بێت».

سه‌باره‌ت به‌ وازهێنانی له‌ پۆستی به‌ڕێوه‌به‌ری ڕێپێدراوی کۆمپانیاو دانانی که‌سێکی تر له‌جێی خۆی، نه‌وشیروان مسته‌فا، وتی: «ئه‌وه‌ ئیشکالێکی سیاسیی هێناوه‌ته‌ پێشه‌وه‌، ئیشکاله‌که‌ ئه‌وه‌یه‌که‌ له‌ سه‌ره‌تاوه‌ من دامه‌زرێنه‌ری کۆمپانیای وشه‌ بووم‌و خاوه‌نی کۆمپانیای وشه‌ بووم، له‌هه‌مانکاتدا یه‌کێکم له‌ دامه‌زرێنه‌ره‌کانی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان، ئه‌مه‌ جۆرێک له‌ تێکه‌ڵاویی دروستکردووه‌ له‌نێوان کۆمپانیای وشه‌و بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان، ئێمه‌ به‌و ئاراسته‌یه‌ ده‌ڕۆین، من خۆم یه‌کێکم له‌و که‌سانه‌ی که‌ پێم باش نییه‌ ئێمه‌ ته‌جروبه‌ی ڕاگه‌یاندنی حیزبیی دووباره‌ بکه‌ینه‌وه‌، ئومێدم وایه‌ که‌ هاوڕێکانم‌و هاوکاره‌کانیشم له‌ناو بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان‌و کۆمپانیای وشه‌، پێکه‌وه‌ بتوانین بگه‌ینه‌ بۆچوونێکی هاوبه‌ش له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که‌ چۆن ئه‌م دوو ده‌زگایه‌ له‌یه‌کتری جیا بکه‌ینه‌وه‌، کۆمپانیای وشه‌ وه‌کو ده‌زگایه‌کی ڕاگه‌یاندنی جیاواز له‌ بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان، بتوانێت ئه‌رکه‌کانی خۆی جێبه‌جێ بکات».

وتیشی: «ئه‌گه‌ر هاوڕێ‌و هاوکاره‌کانم یارمه‌تیم بده‌ن، کۆمپانیای وشه‌و بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان له‌یه‌کتر جیاده‌که‌مه‌وه‌».

له‌وه‌ڵامی پرسیارێکدا سه‌باره‌ت به‌وه‌ی که‌ ئه‌گه‌ر کێشه‌کانیان له‌ کوردستان چاره‌سه‌ر نه‌کرێن، ده‌یبه‌نه‌ به‌غدا، ئه‌گه‌ر لێره‌ میکانزمێک بدۆزنه‌وه‌ بۆ چاره‌سه‌رکردنی باشتر نییه‌، نه‌وشیروان مسته‌فا، وتی: «من زۆرم پێباشه‌، هه‌رچی کێشه‌یه‌ک له‌ناو هه‌ولێر ڕوویدات، له‌ناو هه‌ولێردا چاره‌سه‌ر بکرێت، له‌ناو دهۆک ڕوویدات، له‌ناو دهۆکدا چاره‌سه‌ر بکرێت، له‌ناو سلێمانیدا ڕوویدات، له‌ناو سلێمانیدا چاره‌سه‌ر بکرێت، که‌ ده‌ڵێم کێشه‌ مه‌به‌ستم کێشه‌ی سیاسییه‌، ئه‌گه‌ر له‌م شوێنانه‌ نه‌بوو، کێشه‌که‌ ببرێته‌ به‌رده‌م په‌رله‌مانی کوردستان، به‌ڵام په‌رله‌مانی کوردستان که‌ زۆرینه‌ی سیاسیی بیه‌وێت جۆرێک له‌ ده‌سه‌ڵاتی زۆردارانه‌ به‌کاربهێنێت، ئه‌وه‌ی که‌ پێی ده‌وترێت مافێکی هه‌یه‌، فیعله‌ن زۆرایه‌تییه‌ ته‌عه‌سوب به‌ به‌کارهێنانی مافه‌وه‌ بکات، من ناچارم په‌نا به‌رم بۆ به‌غدا، دوای ئه‌وه‌ بۆ ئه‌وان به‌ چاوی دوژمن ته‌ماشای به‌غدا بکه‌ن؟، له‌ کاتێکدا شه‌ڕ ده‌که‌ن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی سه‌رۆک کۆمار له‌ خۆیان بێت، جێگری سه‌رۆک وه‌زیران، وه‌زیری ده‌ره‌وه‌، وه‌زیری دارایی، نه‌وت، سه‌رۆکی ئه‌رکانی سوپا، سه‌رۆکی ده‌زگای هه‌واڵگریی عه‌سکه‌ری، له‌خۆیان بێت، ئه‌ی باشه‌ ئه‌م ده‌وڵه‌ته‌ ئه‌گه‌ر دوژمنی ئێمه‌یه‌، وه‌رن مقاته‌عه‌ی بکه‌ن، هه‌موومان موقاته‌عه‌ی ده‌که‌ین، ئه‌گه‌ر خۆ ئێمه‌ شه‌ریکین‌و خۆشت به‌شه‌ریکێکی سه‌ره‌کی ده‌زانیت، منیش مافی خۆمه‌ که‌ شکات بکه‌م لای‌و په‌نای بۆ ببه‌م که‌ یارمه‌تیم بدات له‌ چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌کاندا، له‌کاتێکدا تۆ له‌چاره‌سه‌ری کێشه‌کاندا یارمه‌تیم ناده‌یت».

سه‌باره‌ت به‌ سیاسه‌تی نه‌وتیش نه‌وشیروان مسته‌فا، ئاماژه‌ی به‌وه‌کرد که‌ گرنگه‌ سامانی سروشتیی کوردستان، له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی کوردستاندا خۆیدا بێت: «زۆر به‌لامانه‌وه‌ گرنگه‌، نه‌وت‌و غازو هه‌موو مه‌عده‌ن‌و سامانی سروشتی که‌ له‌سه‌ر ئه‌رزو ژێر ئه‌رزی کوردستاندایه‌، له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی قانوونیی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستاندا بێت، به‌ڵام ئێمه‌ لایه‌نگری ئه‌وه‌ین که‌ ئاشکرابێت، که‌سێک نازانێت، مه‌سه‌له‌ن گرێبه‌ستی نه‌وت له‌ کوردستاندا چۆنه‌و مه‌رجه‌کانی چییه‌، داهاتی بۆ کوێ ده‌چێت، ئێمه‌ له‌گه‌ڵ ئاشکراکردنی ئه‌وانه‌ین، مه‌سه‌له‌ن ده‌ڵێن، گرێبه‌ستی نه‌وت په‌یوه‌ندیی به‌ ئه‌منی قه‌ومییه‌وه‌ هه‌یه‌، باشه‌ به‌ڵێ، ئه‌مه‌ په‌یوه‌ندیی به‌ ئه‌منی قه‌ومییه‌وه‌ هه‌یه‌، وه‌ره‌ له‌به‌رده‌می په‌رله‌ماندا که‌ به‌ حساب هه‌ڵبژێردراوی خه‌ڵکن، له‌وێ باسی بکه‌و موناقه‌شه‌ی بکه‌، که‌ ئه‌گه‌ر باوه‌ڕ ناکه‌یت به‌وان، بڕۆ له‌ ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران باسی بکه‌، ئه‌گه‌ر له‌لای ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران باسی ناکه‌یت، بڕۆ لای ژماره‌یه‌ک له‌ سه‌رکردایه‌تی حیزبه‌کان باسی بکه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌وان باسی ناکه‌یت، هیچ نه‌بێت لیژنه‌یه‌کی تایبه‌ت له‌ناو په‌رله‌مان، له‌ناو حیزبه‌کان بدۆزه‌ره‌وه‌ که‌ جێگای متمانه‌بێت، له‌لای ئه‌وانه‌ باسی بکه‌، بۆئه‌وه‌ی له‌ پاشه‌ڕۆژدا ئێمه‌ تووشی کێشه‌ی قانوونی نه‌بین له‌گه‌ڵ نه‌وه‌ی داهاتوداو پێمان بڵێن، باوکو باپیری ئێمه‌ هه‌ڵه‌یانکردووه‌و له‌ نه‌زانیدا ڕۆیشتوون کاری وایانکردووه‌ که‌ ئێمه‌ ئێستا پێمان چاره‌سه‌ر ناکرێت، وه‌کو ده‌ستێکی شکاو بۆی به‌جێهێشتووی که‌ به‌ گۆجی ده‌مێنێته‌وه‌ هه‌تا هه‌تایه‌».

ڕاشیگه‌یاند: «که‌رکوک، به‌ به‌شێک له‌ کوردستان ده‌زانین‌و هه‌رچیمان له‌تواناداا بێت، ده‌یکه‌ین بۆ ئه‌وه‌ی که‌رکوک بگه‌ڕێته‌وه‌ بۆ سه‌ر هه‌رێمی کوردستان، ئێمه‌ لایه‌نگری ئه‌وه‌ نین که‌ هیچ جۆره‌ سازشێک له‌ کوردستانیبوونی که‌رکوک بکرێت».

له‌لایه‌کی دیکه‌وه‌و سه‌باره‌ت به‌سه‌ربه‌خۆیی کوردستان، وتی: «وه‌ک ستراتیژ، باوه‌ڕمان به‌دروستکردنی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆ هه‌یه‌».

ده‌رباره‌ی په‌یوه‌ندییه‌کانیان له‌گه‌ڵ یه‌کێتی، نه‌وشیروان مسته‌فا، وتی: «تا ئێستا له‌گه‌ڵ یه‌کێتیی نیشتمانیی کوردستان، هیچ جۆره‌ په‌یوه‌ندییه‌کی نهێنی‌و ڕه‌سمیمان نییه‌، ته‌نیا له‌ په‌رله‌ماندا نوێنه‌ره‌کانی ئێمه‌و ئه‌وان یه‌کتری ده‌بینن، ئه‌گینا هیچ جۆره‌ په‌یوه‌ندییه‌ک نه‌بووه‌، هه‌رچه‌نده‌ ئێمه‌ پێمان خۆشه‌ په‌یوه‌ندیمان له‌گه‌ڵیاندا ئاسایی بێت، پێمان خۆشه‌ ئه‌وان وه‌فد دروست بکه‌ن، ئێمه‌ وه‌فد دروست بکه‌ین‌و دانیشین، ئه‌جێندای ئاشکراو هاوبه‌شمان هه‌بێت بۆ گفتوگۆکردن، به‌ڵام تا ئێستا هیچ له‌ به‌ینماندا نییه‌».

بۆ کۆنگره‌ی سیانزه‌یه‌می پارتی دیموکراتی کوردستانیش که‌ بڕیاره‌ به‌م نزیکانه‌ ببه‌سترێت، نه‌وشیروان مسته‌فا، سه‌رۆکی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان، پیرۆزبایی به‌ستنی کۆنگره‌که‌ی لێکردن‌و هیوای سه‌رکه‌وتنی بۆخواستن.

## وه‌ک ستراتیژ، باوه‌ڕمان به‌ دروستکردنی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆ هه‌یه‌

## زۆر به‌لامانه‌وه‌ گرنگه‌، نه‌وت‌و غازو هه‌موو مه‌عده‌ن‌و سامانی سروشتی که‌ له‌سه‌ر ئه‌رزو ژێر ئه‌رزی کوردستاندایه‌، له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی قانوونیی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستاندا بێت

یەکێتیو پارتی، بە ئاشکرا یاسای حیزبەکان پێشێل دەکەن 6

# دەسەڵاتی سیاسیی، هەرێمی تووشی قەیران کردووە

راپۆرتی: بەرهەم خالید

دەسەڵاتی سیاسیی، دەیەوێت لە ڕێگەی زۆرینەی پەرلەمانییەوە، یاسایەک تێپەڕێنێت کە ئایندەی دیموکراسی لە هەرێم دەخاتە ژێر پرسیارەوەو ڕەنگە بەوهۆیەشەوە، ژیانی سیاسیی لە کوردستان تووشی قەیران بێت.

گفتوگۆکانی چەند هەفتەی رابـردووی پەرلەمانی کوردستان لەسەر پڕۆژە یاسای دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، ناکۆکییەکانی نـێـوان فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتی توندتر کردو بەو هۆیەشەوە، پرۆسەی سیاسیی لە هەرێم، تووشی جۆرێک قەیرانو چەقبەستن بووە.

کرۆکی ناکۆکییەکانی نێوان ئۆپۆزسیۆنو دەســەڵات دەربــارەی یاساکە، لـەوەوە سەرچاوەیان گرت کە لیستی کوردستانیی کە خاوەنی زۆرینەی پەرلەمانن، پێداگرییان لەسەر ئـەوە دەکـرد کە پڕۆژەیاساکە بە زۆریـنـەی دەنـگ (٥٠+١) تێپەڕێتو لە بەرامبەردا ئۆپۆزسیۆن داوای زۆرینەی (٣/٢)یان دەکرد، ئەوە سەرەڕای پێکهاتەی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە خاڵێکی دیکەی جیاوازی بۆچوونەکانی ئەو دوو جەمسەرەی پەرلەمان بوون، کە دواجار گەیشتە ئەو ئاستەی کە هەرسێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) کە خاوەنی (٣٥)کورسین، هەڕەشەی کشانەوەیان کرد لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەبەغداو بەو هۆیەشەوە، پەرلەمان چەند جارێک دانیشتنەکانو گفتوگۆکردنی لەسەر ئەو یاسایە دواخست.

بە بۆچوونی یوسف محەمەد سادق، شیکەرەوەی سیاسییو مامۆستای زانکۆ، پەرلەمان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە ئاراستە دەکرێتو بە شێوەیەکی سیستماتیک کارەکانی ئەنجام نادات، وەک لە پەیڕەوەکەیدا هـاتـووە، بـۆیـە تێبینی دەکـرێـت، ئەو پڕۆژەیاسایانەی کە لە پەرلەمانەوە دەردەچن، ئەوانەن کە دەسەڵاتی سیاسیی دەیەوێت تێپەڕن، نەک ئەوانەی کە بە شێوەی قانوونی پێشکەش کراون.

ئەو شیکەرەوە سیاسییە وتیشی: «لەسەر هێزە سیاسییەکانیش پێویستە، بگەنە ڕێگەچارەیەکی گونجاوو سیغەیەکی تەوافوقی بۆ ئەو کێشەیەو پڕۆژە گرنگەکانی تریش کە ناکرێت پشت بە زۆرینەو کەمینە ببەسترێت، پاش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان نەیتوانی کێشەکانی نێوان فراکسیۆنەکان چارەسەر بکاتو بگاتە ئەنجامێک، لایەنە سیاسییەکان لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان، هەوڵی چارەسەری ئەو دۆخەیان دا کە گفتوگۆی پڕۆژەیاسای دەستەی هەڵبژاردنەکان بەدوای خۆیدا هێنای.

هەفتەی‌رابردوو،نێچیرڤان‌بارزانی،جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن کۆبووەوەو بزووتنەوەی گۆڕانیش لە کۆبوونەوەیەکدا، مەترسیی خۆی لەسەر ئەو هەنگاوانەی دەسەڵات دەربڕی کە دەیەوێت یاساکەی پێ تێپەڕێنێت.

لـەوبـارەیـەوە، نـەوشـیـروان مستەفا، سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕایگەیاند: «بۆیە ئێمە لە مەسەلەی دانانی قانوونی دەستەی باڵای هەڵبژاردندا کە لە ئێستاو پاشەڕۆژدا بـەرپـرس دەبـێـت لە سـەرجـەم پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستانی عێراقدا، پشتیوانی لە موحاسەسەی حیزبیی ناکەینو پشتیوانی لە دابەشکردنی ئەندامانی دەستەی باڵا بەسەر حیزبەکاندا ناکەین، بەڵکو ئێمە پشتیوانی لە قانوونێک دەکەین کە پیشەییبوون، دەستپاکیی، سەربەخۆیی، بێلایەنیی، لێوەشاوەیی ئەندامی هەیئەتەکە مسۆگەر بکات، قانوونێک بێت کە دەستەیەکی باڵا دابنێت لە ئاستی متمانەی خەڵکی کوردستاندا بێت».

د. شۆڕش حەسەن، پسپۆڕی یاسای دەستوورییو چاودێری سیاسیی، پێیوایە: تا ئێستا پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە، نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی میللەت بکاتو لەبری ئەوەی ئەو کێشانەی دێنە پێشەوە بە ئاقاری بەرژەوەندیی میللەتدا بەرێت، قووڵتریان دەکاتەوە، پەرلەمان زیاتر لە بەرژەوەندیی تاکە حیزبێک، یان لایەنێکی سیاسیی دەخولێتەوە، نەک خەڵک، هەروەک ئەو چاودێرە دەڵێت: «لەسەر ئۆپۆزسیۆنیش پێویستە، لەمەودا هەڵوێستی جدیی هەبێت لەسەر ئەو مەسەلە گرنگانەو لەگەڵ پەرلەمانێک بەردەوام نەبێت کە بواری ئەوەی تێدا نەبێت، ئۆپۆزسیۆن ڕێگە لە قانوونێک بگرێت کە لە بەرژەوەندیی میللەت نەبێت، بۆیە ئەگەر گەیشتە ئەو ئاستە، هەقی ئەوەیە هەڵوێستی خۆی بنوێنێتو بکشێتەوە لەو پەرلەمانەو هەڵوێستی خۆی بۆ میللەت ئاشکرا بکات، کە پەرلەمان ڕێگە نادات یاساکان لە بەرژەوەندیی میللەت دەربچن».

ئەو پسپۆرە دەستوورییە بە پێویستی دەزانـێـت، ڕێگە لە دووپاتبوونەوەی ئەم جۆرە قەیرانانە بگیرێت، ئەویش بە بوونی دەستوورێکی باش لەپێناو ئـەوەی چیتر قانوونەکان بە میزاجی لایەنێکی دیاریکراو نەڕواتو سنووریان بۆ دابنرێت.

پاش ئەوەی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن، پرۆژەی چاکسازیی سیاسییان لە هەرێمی کوردستان پێشکەشی سەرۆکی هەرێم کرد، مانگی ئابی رابردوو، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، بڕیاری لەسەر داو سەرۆکی حکومەتی بۆ جێبەجێکردنی ئـەو کارە ڕاسپاردو نوێنەری لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتی تیا بەشدارن، بەڵام تا ئێستا تەنیا یەک کۆبوونەوەیەیان بۆ باسکردنی پرسی چاکسازیی لە هەرێم گرێداوەو پرۆژەکە وەک پێویست پێشوازی لێنەکراوە، کە بە بۆچوونی چاودێران، دەکرا ڕێگر بێت لە ڕوودانی ئەو جۆرە قەیرانە سیاسییەی ئێستا هەرێمی پێدا تێدەپەڕێت.

د. شـۆڕش حـەسـەن، لـەوبـارەیـەوە دەڵێت: «پێشەشکردنی پرۆژەی چاکسازیی سیاسیی، خزمەت بە پرۆسەی دیموکراسی دەکـاتو فەرامۆشکردنی ئەو پرۆژەیەش، گوێنەدانە بە دیموکراسی، دەکرێت کاری باشی لەسەر بکرێتو بکرێتە بەرنامەی کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکانی هەرێم».

د. جەعفەر عەلی پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانیش، پێیوایە: ئەگەر سەرۆکایەتیی هەرێم بیتوانیایە ئەو پرۆژەیە شۆڕ بکاتەوە بۆ ناو دامودەزگاکانی حکومەت، بێگومان دەکرا ببێتە وەرەقەیەکی کاری باش وەک بنەمایەک تا لە ڕێگەیەوە کەموکورتییەکانی پێ چارەسەر بکرێت، د. جەعفەر عەلی، وتیشی: «ناکرێت دەسەڵات کە کەمێک زیاتر لە نیوەی کورسییەکانی پەرلەمانیان هەیە، بە ناوی سەرجەم خەڵکەوە قسە بکەنو بە حوکمی زۆرینە، یاسای چارەنووسسازو پڕۆژە نیشتمانییەکان تێپەڕێنن».

هەروەها گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانیی، هاوڕایە لەگەڵ ئەو بۆچوونانەو پێیوایە: ئەو پـرۆژەیـەی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاکسازیی پێشکەشی سەرۆکی هەرێمیان کرد، گەر هەنگاوی عەمەلی بۆ بنرایە، هەرێم ڕووبەڕووی ئەم چەقبەستنە نەدەبووەوە، «ئەو پڕۆژەیە وادەکات کە بۆچوونەکانو حیزبو لیستەکان لە یەکتری نزیک بن، بە تایبەت لە بەرژەوەندییە گشتییو هاوبەشەکانو بێگومان ئەمرۆ ئەم دۆخە بەم ئاقارە نەدەگەیشتو خزمەتی گفتوگۆکانی ئەم پرۆژەیەی دەکرد».

لـەلای خـۆیـەوە، م. یوسف محەمەد، بە پێویستی دەزانێت، ژیانی سیاسیی لە کوردستان ئاسایی بکرێتەوەو گفتوگۆو لێکتێگەیشتنو وتوویژ لە نێوان لایەنەکاندا هەبێت، بۆ ئەوەی زۆرێک لەو بەدگومانییانەی ئێستا هەن، هەوڵی ڕەواندنەوەیان بدرێتو بۆ ئەوەش دەکرێت پڕۆژەی چاکسازیی سیاسیی کە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە پێشکەشی سەرۆکی هەرێم کراوە، کاری لەسەر بکرێت کە خزمەت بە ئاساییکردنەوەی ئەو دۆخە دەکات.

د.جەعفەر عەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕان، ئاماژە بەوە دەکـات: گفتوگۆکانی پڕۆژەیاسای دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، ئەوەی سەلماند کە پەرلەمانی کوردستان لەوە بێتواناترە بتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی خۆیو ناکۆکیی نێوان فراکسیۆنەکانو هێزە سیاسییەکان چارەسەربکات، کە نوێنەریان لە ناو پەرلەماندا هەیەو کێشەکانی ناردە دەرەوەی پەرلەمانو ئاراستەی هێزە سیاسییەکانی کردو ئەوەشی وت: «ئێستا حیزبو هێزە سیاسییەکان لە جیاتی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان گفتوگۆ دەکەنو بڕیار دەدەن، کە ئەوەش لە دەرەوەی شەرعییەتی پەرلەمانییەو بێنرخکردنی کاری پەرلەمانەو دەبێت دواجار فراکسیۆنەکان بڕیار بدەن».

وتیشی: «بە داخــەوە، ئێستا زۆربـەی کارەکانی پەرلەمان پەکیان کەوتووەو چاوەڕێی ئەوەن کە ئایا هێزە سیاسییەکان لە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان، دەگەنە ئەنجام، یان نا، لەکاتێکدا، دەکرا ئەو پڕۆژەیاسایە دوابخرایە بۆ کاتێکی دیکەو گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەیاساکانی دیکە بکرێت».

لەلای خۆیەوە، گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی، هۆکاری قەیرانەکە بۆ ئـەوە دەگەڕێنێتەوە کە خوێندنەوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ پڕۆژەکە وەک پێویست نەبووەو پێیانوابووە، بەزوویی پەسەند دەکـرێـت، «بـەڵام وەک بینیمان، ناکۆکییەکان لـەوە گەورەتر بـوون کە بە گفتوگۆیەکی کەم لەناو هۆڵی پەرلەمان کۆتاییان بێت، ئەوەش حساب نەکردنی ورد بوو لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە بۆ ئەو جیاوازییانەی کە لە گفتوگۆکردنی ئەو پڕۆژەیاسایە دەکەوێتەوە».

گۆران، بە ئەرکی پەرلەمانی دەزانێت کە خۆی لەو قەیرانە ڕزگار بکاتو پێشیوایە: دەکرێت سەرۆکی هەرێم، بەو پێیەی سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسییو سەرپەرشتیاری ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستانە، ئەو ڕۆڵە ببینێت بۆ لێکنزیککردنەوەی سەرجەم لایەنەکان دەربارەی پڕۆژەیاساکەو «ئەگەر لە ئێستاشدا نەتوانرا ئەو لێکنزیکبوونەوەیە بکرێت، دەکرێت سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەکۆی دەنگ پڕۆژەکە دوابخات بۆ کاتێکی تر».

> د. شۆڕش حەسەن: پرۆژەی چاکسازیی سیاسیی، چارەسەری قەیرانەکە دەکات

> گۆران ئازاد: سەرۆکی هەرێم دەتوانێت قەیرانەکە تێپەڕێنێت



# فڕۆکەخانەی بەغدا، بۆ بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی کورد بەکاردەهێنرێت

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

هەرچەندە چەند مانگێکە ڕێگە نادرێت، فڕۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانی پێشوازیی لە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد بکەن، ئێستا ئەو پەنابەرانە لە ڕێی فڕۆکەخانەی بەغداوە دەنێردرێنەوە، بەشێوەیەک کە مانگی رابــردوو، دەیـان پەنابەر بەزۆر نـێـردراوەنـەتـەوەو بۆ ڕێگریش لـەوە، فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق، یاداشتێک دەداتە پەرلەمانی کوردستان.

وەک ڕێکخراوەکانی پەنابەران باسی دەکەن، لە چەندساڵی رابردووداو تا ئێستا، زیاتر لە (٥)هەزار پەنابەری کورد بەزۆر ڕەوانەی کوردستان کراونەتەوە، ئەوەش کاریگەریی لەسەریان دروستکردووەو ڕووبەڕووی چەندین کێشەی تەندروستیو بـێـکـاریـی کـردوونـەتـەوە، ئـەوەی نیگەرانییەکانیشی زیـادکـردووە، ئەوەیە کە توندوتیژیی بەرامبەر ئەو پەنابەرانە دەکـرێـتو ئێستا لە ڕێـی فڕۆکەخانەی بەغداوە دەنێردرێنەوە، دوای ئەوەی کە فشارەکان وایانکرد، حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان قایل نەبن بـەوەی کە فڕۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانی بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێن.

دەشتی جەمال، سەرۆکی ڕێکخراوی فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق، نیگەرانیی‌خۆی‌لەوە‌ڕادەگەیەنێت‌کە‌بەشێکی وڵاتە ئەوروپییەکان بەشێوەیەکی فراوانتر هەوڵی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی کورد دەدەنو لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، وتی: «ئەو هەڵمەتە دەیان پەنابەری گرتووەتەوە، ئێستا بەشێکیان ڕاپێچی گرتووخانەکان کراونو ئامادەکراون بۆئەوەی بیاننێرنەوە بۆ کوردستانو عێراق».

بـاسـی لـەوەشـکـرد، کـە لەمانگی رابردوودا، زیاتر لە (٢٥٠)پەنابەر بە زۆر ڕەوانەی فڕۆکەخانەی بەغدا کراونەتەوە کە زۆربەیان کوردن، وتیشی: «سەرباری ئـەوەش، پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دەکرێتو لێیان دەدرێتو سوکایەتییان پێدەکرێت».

ئەو، نیگەران بوو لەوەی کە هەڵمەتەکە پشتی بە ئاسانکاریی حکومەتی عێراقیو حکومەتی کوردستانیش بەستووەو لەخولی رابردوودا «ئاسانکارییان کردووەو ڕێککەوتننامەیان هەیە بۆ ناردنەوەی ئەو پەنابەرانە».

لای خۆیەوە، سالار مەحمود، سەرۆکی لیژنەی مـافـی مـرۆڤ لـە پەرلەمانی کوردستان، ڕەخنەی لە بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران گرتو بۆ ڕۆژنامە، وتی: «ئێمە لامان وایە کە ئەوانە دژی بنەماکانی مافی مرۆڤنو لەگەڵ پرۆسەی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەراندا نین، نیگەرانیی ئێمە لەوەوەیە کە لە ڕێی فڕۆکەخانەی بەغداوە بە زۆر دەنـێـردرێـنـەوەو پۆلیس سوکایەتییان پێدەکات، کە ئـەوە قابیلی قبووڵ نییەو نیگەرانییەکانی خۆمان داوەتە ڕای گشتیی».

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ، وتیشی: «هیوادارین‌کە‌بەرنامەیەکی‌سیاسیی‌نەبێت‌بۆ ئەم مەسەلەیە، هەوڵەکانمان چڕکردووەتەوە کە توانیویەتی ڕەنگدانەوەی هەبێتو لەوە بەدواوە لە ڕێی فڕۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانییەوە پەنابەران نانێردرێنەوە، ئەوە دەستپێشخەرییەکی باشە کە حکومەت لە هەرێمی کوردستان، ڕێگە بەوە نادات».

سـەبـارەت بـەوەی کـە بەرپرسانی هەرێم ڕەتیدەکەنەوە، ڕێککەوتن هەبێت بۆ ناردنەوەی بـەزۆری ئەو پەنابەرانە، دەشتی جەمال، وتی: «حکومەت بە زارەکی ڕەتیکردووەتەوە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی عـەمـەلـیو جدیی نـەگـرتـووەتـەبـەر بۆ ڕێگرتن لەو بەزۆر ناردنەوانەو بێدەنگە لەو سووکایەتیو مامەلە نا مرۆڤانەیەی بەرامبەر هاوڵاتییەکانی دەکرێت لە وڵاتانی ئەوروپادا، جگە لەوەش، ئەگەر ڕێککەوتن نەبووایە، نارەزاییان دەردەبـڕیو ئەو پەنابەرانەیان وەرنەدەگرتەوەو دەرگای فڕۆکەخانەکانیان بۆ نـەدەکـردنـەوە»، هەروەها «ئاگامان لێنەبووە کە لە هیچ شوێنێکدا حکومەتی هەرێم، سەرکۆنەی ئەو هەوڵو مامەڵانە بکات کە بە هاوڵاتییانی دەکرێت».

سالار مەحمود، ئەوە دەخاتەڕوو: ئەگەر ڕێککەوتنێک هەبێت لە نێوان عێراقو ئەو وڵاتانەدا، ئەوە پرسێکی ئیتیحادییەو تەنیا ناوەند لەسەڵاحیەتیاندا هەیەو هەرێمی کوردستان بەشێک نییە لەو ڕێککەوتنانەو ئەگەر لە رابردوودا جۆرێک لە کارئاسانیی هەبووبێت، ئێستا ئەو پرسە ڕەویوەتەوەو کۆدەنگیی هەیە بۆ ڕێگرتن لەو پرۆسەی بەزۆر ناردنەوانە.

لـەبـارەی هـەڵـوەشـانـدنـەوەی ڕێککەوتنێکەوە ئەگەر هەبێت، سالار مەحمود، دەڵێت: «ئەوە بەلای ئێمەوە گرنگەو بەدواداچوونی بۆ دەکەینو هەوڵدەدەین، بەشێکبین لە چارەسەری ئەو گرفتە، بەڵام ڕێگرتنو هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی عێراق ئەگەر هەبێت، ئەوە پرسێکە دەبێت لە ڕێی کەناڵە پەیوەندیدارەکانەوە بە گفتوگۆ کاری لەسەر بکرێتو قسە لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەو پرۆسەیە بەو جۆرە خزمەت بە هیچ لایەنێک ناکات».

# «چاکسازیی لە هەرێم نەکرێت، کۆدەنگییەکەی بەغداش نامێنێت»

سازدانی: ئەلەند مەحوی

**سەرۆکی قەوارەی حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ پێیوایە؛ هەرێمی کوردستان پەکی لەسەر دروستکردنی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم نەکەوتووەو مەترسیی ئەوەشی هەیە دروستکردنی ئەم دەستەیە کێشەی لێبکەوێتەوە. قادر عەزیز، سەرۆکی قەوارەی حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا باس لەوە دەکات؛ کە هیچ ئیرادەیەک بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی لە بارودۆخی کوردستاندا نابینێت‌و دەڵێت: هیچ میکانیزمێکی جدیی بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی‌و نەهێشتنی گەندەڵیی لە ئارادا نییە.**

**ڕۆژنامە: دوای ئەوەی دادگا کێشەی خاوەندارێتی حیزبی زەحمەتکێشانی بە قازانجی باڵی مەکتەبی سیاسیی یەکلایی کردەوە، دەکرێت بزانین لە ئێستا بەدواوە بەڕێزتان دەتانەوێت بە چ بەرنامەیەکەوە چالاکیی سیاسیی ئەنجامبدەن ؟**

* وەک پێشتر باسمان لێکردووە ئەو بڕیارەی دادگا بۆ ئێمە چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بە یەکجاریی ببڕێتەوە بە ناچاریی بڕیارەکەمان پەسەند کرد، دوای بڕیارەکەی دادگا ئێستا ئێمە بەناوی قەوارەی سیاسیی «حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ» کار دەکەین، ئەم قەوارە سیاسییە مۆڵەت پێدراوە، چەند ڕۆژێکیشە بەرەسمیی داوای مۆڵەت وەرگرتنی کارکردنمان لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە بەناوی «حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کوردستان»، بۆیە ئێستا وەک قەوارەیەک کاری خۆمان دەکەین‌و چاوەڕێی مۆڵەتپێدانی حیزبیش دەکەین.

**ڕۆژنامە: باس لەوە دەکرێت بەڕێزت‌و بەشێک لە کادیرەکانی حیزبی زەحمەتکێشان بانگهێشتکراون بۆ ئەوەی وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بچنەوە ناو یەکێتی، ئایا قبوولتان کردووە؟**

* سەرەتا باشە پرسیارەکەت بۆ ڕاستبکەمەوە، زەحمەتکێشان هەر من‌و ژمارەیەک کادیر نین، بەڵکو ئێمە لەدوای جیابوونەوەی ئەو باڵەش هەر زۆرینەی حیزبەکە بووین، چەند جاریش داوامان لە حکومەت‌و لە سەرۆکی هەرێم‌و تەنانەت لە سەرۆک کۆماریش کرد، کە وەزارەتی ناوخۆ، یان دارایی، یان هەر لیژنەیەک لە حیزبەکان پێک بێت بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستییە، بەڵام ئامادە نەبوون لیژنە پێکبهێنن، لەکاتێکدا دڵنیام ئەگەر ئێمە کەمینەبواین، ئەوا هەر زوو چەند لیژنەیەکیان بۆ دروست دەکردین، هەرچەندە لێرەدا کەمینەو زۆرینە گرنگ نییە، بەڵکو زیاتر هەڵوێستی سیاسیی‌و سەربەخۆیی‌و حیزبییە، سەبارەت بە یەکگرتنەوەی ئێمەش لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، دیارە ئەوان لە کۆنگرەی (٣)دا بڕیارێکی وایان وەرگرتووە، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە خەبات‌و مێژووی هاوبەشیان لەگەڵ یەکێتیدا هەیەو لە زۆر لە قۆناغە جیاوازەکاندا هاوهەڵوێست‌و هاوپەیمانی یەکێتی بوون، بەڵام تائێستا بۆ یەکگرتنەوە بە ڕەسمیی هیچ گفتوگۆیەک لەنێوانماندا نییە.

**ڕۆژنامە: وەک چاودێرو بەشدارێکی سیاسیی، هەست ناکەیت هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی سیاسیی ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، کە مەترسیی توندوتیژیی لێبکەوێتەوە، ئەمەش بەهۆی پێکهێنانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم، کە ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتی ڕووبەڕووی یەکتر کردووەتەوە؟**

* بێگومان قەیران هەیەو لە هەموو بوارەکانیشدا هەیە، ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە تا لە کوردستان یاسا بە کردەوە سەروەر نەبێت‌و تا حوکمڕانیی لە چوارچێوەی یاساو دامەزراوەیی یاساییەوە نەبێت، کوردستان لەڕووی ئیداریی‌و سیاسیی‌و ئابووریی‌و ژیانی حیزبایەتی‌و ڕێکخراوەییەوە لەقەیران دەربازی نابێت، دیارە ئەگەر ئەم قەیرانەش بەشێوەیەکی ڕاست‌و دروست‌و تەندروست‌و لە چوارچێوەی یاسادا چارەسەریان بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە شوێنی ئێستایدا ناوەستێ‌و ئاراستەی تر وەردەگرێت، کە لەناویاندا توندوتیژییە، سەبارەت بە مەسەلەی پێکهێنانی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمیش، ئەویش ئەگەر کۆدەنگییەکی لەسەر نەبێت، ئەوا پێکهێنانی قەیرانێکی تر دەخولقێت.

**ڕۆژنامە: دەمەوێت لێرەدا زیاتر لەسەر پێکهێنانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم گفتوگۆبکەین، ئایا پێکهێنانی ئەم دەستەیە بۆ هەرێم بەپێویست‌و گرنگ دەزانیت؟**

* وەک دەزانن لە عێراقدا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هەیە، کە تائێستا سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکات بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بۆیە ئێستا هەرێمی کوردستان زۆر پەکی لەسەر دروستکردنی ئەم دەستەی هەڵبژاردنە نەکەوتووە، بەتایبەتیش ئەگەر بزانین دروستکردنی ئەم دەستەیە کێشەی لێدەکەوێتەوە، ئەوا دەکرێت وەک دەستوورەکە دوای بخەین بۆ کاتێکی تر، لە هەموو حاڵەتێکدا من پێمواننییە؛ ئێمە بتوانین دەستەیەکی باڵای هەڵبژاردنی سەربەخۆو بێلایەن دروست بکەین، بۆیە کاتێک ناتوانین ئەمە بکەین ئەگەر لە ئێستاشدا دامەزراندنی دەستەکە تێپەڕێنین ئەوا بەدڵنیاییەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکان کێشەمان بۆ دروست دەبێت، ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە کێشەیەکی تر لە دروستکردنی ئەم دەستەی هەڵبژاردنەدا دادگای پێداچوونەوەی (محكمە التمیز)ی هەرێمی کوردستانە، چونکە ئەم دادگایە مەرجەعی لێپێچانەوە لە سکاڵاو تانەو پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبێت، دیارە تێبینیش زۆرە لە سەربەخۆیی ئەم دادگایە، بۆیە ئێمە ئەگەر لەسەر پێکهێنانی دەستەکەش ڕێکبکەوین هەر دەبێت چاو بە پێکهاتەی دادگای تەمیزدا بخشێنینەوە.

**ڕۆژنامە: بەڕێزت ئەو مافە بە ئۆپۆزسیۆن دەدەیت لە پێکهێنانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان بترسێت، ئایا چ جۆرە دەستەیەکی هەڵبژاردنەکان دەتوانێت دڵنیایی‌و متمانە بدات بە سەرجەم لایەنەکان؟**

* بێگومان نەک هەر ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان‌و سەرجەم خەڵکی کوردستان مافی ڕەوای خۆیانە لە پێکهێنانی ئەم دەستەی هەڵبژاردنە بترسن، چونکە پێکهێنانی ئەم دەستەیە کە چارەنووسی هەڵبژاردنەکانی لەئەستۆدایە، مەسەلەیەکی گرنگ‌و چارەنووسسازە، بەتایبەتیش کە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی تری کوردستاندا تەزویرو ساختەکارییەکی زۆر بەرچاو کەوتووە.

**»مافی هەموومانە ترسمان لە پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکان هەبێت«**



قادر عەزیز

**ڕۆژنامە: دوو مانگ لەمەوبەر ئۆپۆزسیۆن وەرەقەیەکیان بۆ چاکسازیی هەرێم لە بەرامبەر یەکهەڵوێستی لە بەغدا پێشکەشی سەرۆکی هەرێم کرد، لەسەر ئەو وەرەقەیەش سەرۆکی هەرێم بڕیاریدا لیژنەیەک لەلایەنەکان پێکبهێنرێت‌و لەگەڵ حکومەت گفتوگۆ بکەن، لەگەڵ سەرۆکی حیزبەکان کۆببێتەوە، بەڵام هیچیان نەکرا، ئایا پێتوایە یەکێتی‌و پارتی بڕوایان بە چاکسازیی هەبێت لە هەرێمدا؟**

* من بەش بەحاڵی خۆم هیچ ئیرادەیەک بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی لە بارودۆخی کوردستاندا نابینم، بە بەڵگەی ئەوەی ئەوە چەندین ساڵە باس لەو چاکسازییە دەکرێت، چەند ساڵە باس لە نەهێشتن‌و بنبڕکردنی گەندەڵیی دەکرێت، کەچی تائێستا هیچ هەنگاوێکی جدیی، یا هیچ میکانیزمێکی جدیی بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی‌و نەهێشتنی گەندەڵیی لەئارادا نییە، بۆیە وابڕوات ئەو چاکسازییەی لە هەرێمی کوردستان داواکراوە ئەنجام نەدرێت، ئەوا ئەو کۆدەنگییەی کە ئێستاش بۆ بەغدا دروست بووە، ئەو کۆدەنگییەش نامێنێت.

# «هەقی یەکێتییە داوای پۆستی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان بکات»

سازدانی: شارا عەبدولڕەحمان

**ئەنوەر حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان‌و سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا، باس لەو گرفتانە دەکات کە لەناو سەندیکای ڕۆژنامەنووساندا بوونیان هەیەو ئاماژە بەوەش دەکات، پۆستی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان، مافی یەکێتییەو پێویستە پارتی ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێت.**

**ڕۆژنامە: ڕاتانگەیاند کە لەمانگی شوباتی داهاتوودا، کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەبەستن، لەکاتێکدا دەبوو مانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ بێتە هۆکاری ئەو دواخستنە چی بوو؟**

* کۆنگرە، ئۆتۆماتیکی هەر سێ ساڵ جارێک وا بڕیاربوو، لەمانگی دوانزەدا ئەنجامبدرێت، دواخستنی کۆنگرە بۆ دوو مانگ دواتر، دواکەوتن نییە، چونکە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا، کۆنگرە تا ساڵێکیش بۆی هەیە دوابکەوێت، ئەگەر کێشەو گرفتی هەبێت، گرفتەکەش پەیوەندیی هەیە پاکتاوی دارایی‌و ئیداریی کە عادەتەن ئەو پاکتاوە لەسەری ساڵدا کۆتا هەژمار دەکرێت‌و مانگی (١) کۆتایی دێت، دووەم هۆکاریش، پەیوەندیی هەیە بەکۆنفرانسەکان کە ڕەنگە تا ئەو کاتە کۆتاییان نەیەت، چونکە لەمانگی (١١)دا دەستپێدەکات تا کۆتایی مانگی (١٢)، ئینجا تەواو دەبێت‌و هۆکارێکی تریش. پەیوەندیی هەیە بە ڕاپۆرتەکانی لیژنەی داکۆکی کە ڕاپۆرتی شەشەم لەکۆتایی ساڵدا تەواو دەبێت، هەموو ئەم ڕاپۆرتانە کۆدەکرێنەوەو دەدرێن بە ئەندامانی کۆنگرە.



ئەنوەر حسێن

**ڕۆژنامە: جیاوازیی ئەم کۆنگرەیە لە دوو کۆنگرەی ڕابردوو چییە، ئایا چ گۆڕانکارییەک ڕوو دەدات؟**

* پێموایە، ئەم کۆنگرەیە لە کۆنگرەکانی یەکەم‌و دووەم باشتربێت، ئەم کۆنگرەیە جیاوازترە لەکۆنگرەکانی دیکە، ئەویش بەوەی کە ڕەنگە هێزی تری وەک گۆڕان، یان ئەوانەی کە لەناو پەرلەماندا ئۆپۆزسیۆنی سیاسین، لەکۆنگرەشدا بیانەوێت لیستێک بن، ئەمە چاوەڕوانکراوە، هەندێکیش پێیان وایە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، وەکو پێویست داخوازییەکانی جێبەجێ نەکردوون، لەبەرئەوە ڕێی تێدەچێت لەدەرەوەی سەندیکا، سەندیکایەکی تر دروست بکەن، لەخودی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش گرفتێک هەیە کە دەبێت کۆنگرە چارەسەری بکات، مەسەلەی یاساکەیە کە مۆڵەتپێدانی یاساکە شمولی ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، یان سایت ناکات، لەکاتێکدا مەفروزە، یان سەندیکاکە هی هەموو ئەو کەناڵانە بێت، یان هەر کەناڵەو سەندیکای تایبەتی هەبێت، یەکێک لەشتەکانی تر ئەوەیە کە وا بڕیارە لەکۆنگرەدا، قسە لەسەر میساقی شەرەف بکرێت، ئێستا میساقێکی شەرەف هەیە کە پاشکۆی یاسای ڕۆژنامەگەرییەو هەندێک پێیان وایە، ئەمە نێودەوڵەتییەو پەیوەندیی نییە بە میساقی شەرەفی کوردستانەوەو دەبێت دەستکاریی بکرێت، بەڵام ئەگەر لەکۆنگرەشدا باسی بکرێت‌و دەستکاریی بکرێت، ڕەنگە نەتوانرێت هێندەی میساقی شەرەفی جیهانی وردترو پرۆفیشناڵتر بێت.

**ڕۆژنامە: ئەی مەسەلەی بەئەندامبوون، بەگرنگ نازانن؟**

* بەپێچەوانەوە، مەسەلەی بە ئەندامبوون زۆر گرنگە، دەبێت قسە بکرێت لەسەر ئەوەی فۆرمی وەرگرتنی بە ئەندامبوون لەمەودوا چۆن دەبێت، ئەو فۆرم‌و ئەو شێوازە چییە کە بۆ پیاچوونەوەی ئەندامەکان پیادە دەکرێت، ئێستا بۆ نموونە (٥٠٠٠) ئەنداممان هەیە، چۆن بەمانەدا بچینەوە، ئایا تۆ ڕۆژنامەنووسی، یان فەرمانبەری، بۆ نموونە، من ئەمڕۆ چوومە یەکێک لە ڕادیۆکان، هەموو فەرمانبەرەکانی لای ئێمە، ئەندامی کاران، لەکاتێکدا بەپێی یاسا، نابێت فەرمانبەر، پێناسی کارای بۆ بکرێت.

**ڕۆژنامە: کەواتە، ئەمە چۆن کراوە؟**

* ئەمە پرسیارێکی جدییە، چۆن کراوە؟، دەبێت کە تۆ فەرمانبەری، فەرمانبەر بە، نەک ئەندامی کارای ڕۆژنامەنووسان، لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان خەڵک هەیە فەرمانبەرە، مامۆستایە، پۆلیسە، مرورە، ئەندازیارە، پزیشکە، ئاسایشە، ئەندامە لای ئێمە، ئایا هیچ ڕۆژنامەنووسێک دەتوانێت، ببێتە ئەندامی یەکێتیی مامۆستایان، یەکێتیی ئەندازیاران‌و پزیشکان، بۆیە دەڵێم، ئەو فۆرمەی ئێمە داماننناوە بۆ بە ئەندامبوون هەڵەیە، دەبێت چاکبکرێت، لای ئێمە (١٩٢) پارچە زەوی وەرگیراوە بۆ ڕۆژنامەنووسان، لەوانەیە (١٠٠)ی بەناهەق بووبێت، چونکە ئەگەر پێنج هەزار ئەندامت هەبوو، لەوانەیە (١٠٠٠)کەسی بەفیعلی ڕۆژنامەنووس بن، ئەگەر هەر ئەو (١٠٠٠)کەسە ئەندام بن، ئەو کاتە زەوی‌و ڕاژەو ئیمتیاز دەدرێت بەخەڵکی شایستە، بەشێکی زۆری ئەوانەی کە لێرە خزمەتی ڕۆژنامەنووسیان بردووە بۆ سەر فەرمانگەکانیان، موستەهەق نین، تێناگەم گرنگییەکەی چییە کە تۆ پۆلیسی، یان ئاسایشی‌و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش بیت، ئەسڵەن ئێمە کێشەمان بەس لەگەڵ پۆلیس‌و ئاسایشە لەم وڵاتە، ئەمە چۆنە، پۆلیسەکانیش بوونەتە ئەندام لای ئێمە، کە ئەمە پێویستی بە لەسەر ڕاوەستان هەیە لەکۆنگرەدا.

**ڕۆژنامە: ململانێیەک بەدی دەکرێت لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا بۆ بەدەستهێنانەوەی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان، ئایا ئەمجارە ئەوە ئیستیحقاقی یەکێتییە؟**

* بەپێی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان یەکێتی‌و پارتی، هەموو ڕێکخراوە پیشەییەکان لەناو ڕێککەوتنەکە جێیان دەبێتەوەو پێویستە وا مامەڵەیان لەگەڵ بکریت، دوو دەورەیە لەدوای یەکگرتنەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە (٢٠٠٣)وە، نەقیبی ڕۆژنامەنووسان بە جەنابی فەرهاد عەونییە کە پارتییەو کورسی پارتییەو جێگرەکەشی کورسی یەکێتی بووە، ئەنجومەنیش بەهەمان شێوە، بۆیە ئێستا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەقێکی مەشروعی خۆیەتی کە داوای نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکات‌و پێموایە، پارتیش ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرێت کە دوو دەورەیە لای ئەوانەو ئەمجارە لای یەکێتی بێت.

**»ڕەنگە سەندیکایەکی تر، بۆ ڕۆژنامەنووسان دروستبکرێت«**

**ڕۆژنامە: دەڵێیت، کێشە نییە کە نەقیب یەکێتی بێت، یان پارتی، ئەی جیاوازیی چییە؟**

* پێموایە، وایە، هەر کەسێک لەهەر شوێنێک بێت، بەپێی بیرکردنەوەی خۆی، ئەو فەزایە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

**ڕۆژنامە: بەڵام لەکوردستان بووەتە نەریت کە حیزب ئەو کەسانە دەجوڵێنێت؟**

* حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە حیزب، یەکێتی‌و پارتی زۆر کەم دەست لە کاروباری سەندیکای ڕۆژنامەنووساندا دەکەن. ڕاستە کە فەرهاد عەونی پارتی بووە، بەڵام زۆر بڕیاری داوە کە ڕەنگە کەسێکی تر لە پارتی لەو شوێنە بێت، ئەوە نەکات، ڕەنگە یەکێتیش پێویستی بەوە هەبێت کە کەسێکی وا دابنێت کە بڕیار لە دەستی خۆیدا بێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە یەکێتی زۆر مرونەتی لە مەسەلەی ڕۆژنامەگەریدا نواندووە، زۆر دوور نەڕۆین، لە سنووری ئەو شوێنانەی کە ناونراوە سنووری سەوز، هەستی پێدەکرێت کە هەبووە لەنێوان ڕۆژنامەگەریی لەنێوان ئەو دوو سنوورەدا لەمەسەلەی ئازادیی ڕادەربڕیندا، هەر لەمەسەلەی میدیای ئازادو ڕەخنەگرو تەنانەت ئۆپۆزسیۆنیش لە سنووری سەوزدا بووە، کە ئەمە شانازییە بۆ یەکێتی‌و پێویستە هەرواش بمێنێتەوە، تا ئێستاش مەسەلەی پۆستی نەقیب نەچووەتە بورای دیالۆگو جدییەوە لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا، بەڵام پێشبینی دەکەم، دانیشتن ببێت لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا.

مەولود باوەمراد: دەسەڵات جیاوازیی لەنێوان خۆی و وڵاتدا ناکات 8

# یەکێتیو پارتی، بە ئاشکرا یاسای حیزبەکان پێشێل دەکەن
# یاساکە جێبەجێ ناکرێتو وەزارەتی ناوخۆش ناپرسێتەوە

راپۆرتی: بەرهەم خالید

**پاش (١٧)ساڵ لە دەرچوونی یاسای حیزبەکان، تا ئێستا برگەو مادەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ نەکراونو هەردوو حیزبی دەسەڵاتداریش بە ئاشکرا یاساکەیان پێشێلکردووە، بێئەوەی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.**

لەبەرامبەردا وەزارەتی ناوخۆش، هیچ سکاڵایەکی لەسەر ئەو پێشێلکارییانە تۆمارنەکردووەو بەرپرسێکی باڵای وەزارەتیش، تێکەڵیی حیزبو حکومەت بە هۆکاری لێنەپرسینەوە لە جێبەجێکردنی یاساکە دەزانێت.

یاسای ژمـارە (١٧)ی حیزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ساڵی(١٩٩٣) لـەلایـەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکـراوەو لە (٢٣) مـادە پێکهاتووە، ساڵانی (١٩٩٧و ٢٠٠٢) چەند برگەو مادەیەکی هەمواركراوەتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو یاسایە وەک خۆی جێبەجێ نەکراوەو زۆرێک لە حیزبەکان، بە تایبەت هـەردوو حیزبی دەسـەڵاتـدار، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندین برگەو مادەی ئەو یاسایەیان پێشێلکردووە.

د.زانا رەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان باس لەوە دەکات، کە یاساکە بە دەستووریی لەقەڵەم دەدرێت، لەبەرئەوەی پەیوەندیی هەیە بە رێکخستنی فەزای سیاسیی لە نێوان پارتە سیاسییەکانداو هەروەها گرنگییەکی زۆری لە ژیانی سیاسیی وڵاتانی پێشکەوتوودا هـەیـەو کاریگەریی هەیە لـەسـەر بە دیموکراتیزەکردن، بەڵام سەرەڕای بوونی کەموکورتی لە ناوەڕۆکی یاساکەدا، لە هەمانکاتدا کێشەی سەرەکیی ئەوەیە کە ئەم یاسایە وەک خۆی جێبەجێ نەکراوە.

لەگەڵ ئەوەی یاساکە لە چەند برگەو مادەیەکدا جێبەجێ نەکراوە، هەروەک لە مادەی (١٧)دا هاتووە، ئەگەر حیزبێک بە شێوەیەک لە شێوەکان، سەرپێچی برگەکانی ئەم یاسایەی کرد، ئەوا دەبێت لەسەر سکاڵای وەزارەتـی ناوخۆو بە بڕیاری وەزارەت هەڵبوەشێتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەوە نەکراوە، بە نموونە لە برگەی دووی مادەی (١٢)ی یاساکەدا هاتووە؛ کە ئەنجامدانی هەموو چالاکییەکی حیزبیی لەناو پێکهاتەو تەشکیلاتی وەزارەتـی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو هێزەکانی پۆلیسدا قەدەغەیە، بەڵام تا ئێستا ئەو هێزانە مۆرکی حیزبییان پێوەدیارەو بەپێی ئەو برگەیە پێویست بوو، وەزارەتی ناوخۆ سکاڵا تۆماربکاتو ئەو حیزبانە هەڵبوەشێنەوە.

د. زانـا، بەرپرسیارێتییەکە دەخاتە ئەستۆی وەزارەتـی ناوخۆو دەڵێت: «ئـەگـەر بە شێوەیەک لە شێوەکان، سەرپێچی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە کرا، دەبێت وەزارەتی ناوخۆ سکاڵا لەسەر ئەو حیزبانە تۆمار بکات».

مـــادەی (١٤)ی بـرگـەی یەکەمی یاساکە دەڵێت: ئەو برەپارەیەی لەلایەن حکومەتەوە دەدرێتە پارتە سیاسییەکان، بەپێی یاسایەک بێت کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچێت، بەڵام بە وتەی د. زانا رەئوف: «تا ئێستاش لە پەرلەمانی کوردستانەوە، یاسایەکمان نییە کە تایبەت بە پێدانی منحە دەرکرابێت، بەڵام ئەو حیزبە سیاسییانە بە گۆترە پارە لە حکومەت وەردەگرن، ئەوەش سەرپێچییەکی دیکەی یاساکەیە، ئەوە جگە لە لادان لە پەیڕەوی ناوخۆو نەبەستنی کۆنگرە لە کاتی خۆیدا، بەڵام ئەوە بەدی نەکراوەو وەزارەت هیچ سکاڵایەکی لەسەر تۆمار نەکردوون».

لەلای خۆیەوە، محەمەد قەرەداغی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، ئاماژە بۆ ئـەوە دەکـات: بـەدوداچـوونـی ئەو یاسایە ئەرکی وەزارەتی ناوخۆیەو ئەگەر گلەیی هەبێت لە حیزبێک، دەبێت ئەو حیزبە ئاگادار بکاتەوە لەو سەرپێچییەی ئەنجامیداوە، بەڵام تا ئێستا ئەوە نەبووەو هیچ داوایەک تۆمارنەکراوە، لە کاتێکدا بەپێی یاساکە دەبوو داوا تۆماربکرایە دژ بە حیزبە کوردستانییەکان لە بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی ئەنجامیانداوە.

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیـران، وتیشی: «کەمتەرخەمیی پێشێلکردنی یاسای حیزبەکانو جێبەجێ نەکردنی، لە ئەستۆی ئەو لایەنەیە کە سوور دەزانێت ئەو یاسایە پێشێلکراوەو سکاڵا تۆمار ناکات، بەڵام تا ئێستا لە لای ئێمە ئەو نەریتە نییە کە ئەگەر حیزبێک سەرپێچی یاسایەکی کرد، سکاڵای لەسەر تۆمار بکرێت».

لە برگەی سێیەمی مـادەی نۆیەمی یاساکەدا هاتووە، کە نابێت حیزب بارەگا لە فەرمانگە رەسمییەکانو دامودەزگاکانی حکومەتدا بکاتەوە، هەروەها لە برگەی سێیەمی مادەی پانزەیەمدا هاتووە، کە نابێت حیزب دامودەزگای سەربازییو شێوە سەربازییو چەکی پێچەوانەی یاسای هەبێت، ئەوە لە کاتێکدایە هەریەک لـە یەکێتیو پـارتـی، هـێـزی تایبەتی خۆیان هەیەو خاوەنی جبەخانەو چەکی جۆراوجۆری خۆیانن.

حـاکـم تـاریـق رەشـیـد گـەردی، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە، نکۆڵی لەوە ناکات کە ئەو یاسایە جێبەجێ نەکراوە لە زۆر برگەیدا: «بۆ نموونە تا ئێستاش زۆربەی حیزبە کوردستانییەکان لە بارەگای حکومیدانو بینای حکومییان داگیرکردووە، کە ئەوەش پێچەوانەی یاساکەیەو پارتیو یەکێتیش پشکی زۆریـان لەو حالەتە هەیە».

باس لەوەش دەکات، کە ئەوە پرسیاری ئەوە دروست دەکات کە یان لە یاساکەدا واقیعی میللەتی کـوردو هەرێم رەچاو نەکراوە، یان فێلمان لە خۆمان کردووەو قانوونێکمان داناوە کە زۆر لە بنەماکانی دیموکراتی، دیموکراتیترە، چونکە ئەو یاسایە بۆ ئەو حیزبانە دانرا کە پێشتر بەرەی کوردستانییان پێکهێنابوو، دەبوو یاساکە ئـەوەی رەچاوبکردایە کە ئەو کاتە فیدرالییەکی تاکلایەنەمان هەبوو، تەنانەت پەرلەمانو حکومەتیش دیفاکتۆ بوون، هەروەک دەڵێت: «دوای (٢٠٠٥)، دامەزراوە قانوونییەکانمان هاتنەکایەوە پاش پەسەندکردنی دەستووری عێراقی، بۆیە دەبێت یاساکان بەپێی ئەو دەستوورە دابڕێژینەوەو پەرلەمانی کوردستانیش پێداچوونەوە بەو یاسایەدا بکاتو ئەو کاتە لە رێگای حکومەتەوە فشار دروستبکرێتو پەرلەمانتارەکان جەخت لە حکومەت بکەن، کە ئەو یاسایەو سەرجەم یاساکانی تریش جێبەجێبکرێنو رێزیان لێبگیرێت».

لە بـەرامـبـەردا، د. زانا رەئـوف، پێیوایە: «ئەو پرۆسەیەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، پرۆسەیەکە بـۆ وردوخـاشـکـردنو پێشێلکردنی یاساکان لە هەرێمی کوردستانداو تا ئێستا حیزب لە دەرەوەی یاساکان کاردەکات، بە تایبەت یەکێتیو پارتی کە قۆناغی دروستبوونیان لە پێش دەرچوونی یاساکەوەیەو بە هەمان ئەقلییەتو بیرکردنەوەی ئەو کاتەوە کاردەکەن، کە ئەوەش بۆ قۆناغی دوای راپەڕین نابێتو ئێستا ئەوان هێزی سەربازیی تایبەتیان هەیەو پابەندی یاسا نابنو ئەوەیان لەبیر کردووە کە ئەو یاسایە بۆ خۆیان دەرکـراوە، بۆیە تا ئێستا نەتوانراوە بە یاسا کۆنترۆڵی ئەو دوو حیزبە بکرێت».

هەروەها، حاکم تاریق رەشید، ئاماژە بۆ ئەوە دەکـات: لە مـاوەی رابـردوودا، سـروشـتـی پـێـکـهـاتـەی حـکـومـەتو پەرلەمانیش، کە لە یەکێتیو پارتی پێکهاتووە، رێگر بووە لەوەی لێپێچینەوە بۆ جێبەجێ نەکردنی ئەو یاسایە بکرێتو وتی: «دەبێت واقیعی بینو دەتوانین بڵێین، ئێستا تێدەگەین کە پراکتیزەکردنی ژیانی دیموکراسی چۆنەو فەزڵی ئـەوەش بۆ ئۆپۆزسیۆن دەگەڕێتەوە، کە بەرەنگاریی هـەر کەسێک ببینەوە کـە دەیـەوێـت سەرپێچی یاسا بکات لە هەر پلەو پایەیەکی حکومیو حیزبیدا بێت، ئەوەش جێگەی دەستخۆشییەو پێمباشە ئۆپۆزسیۆن ئەو مەسەلەیە بجوڵێنێتو هەمواری ئەو یاسایە بکرێت کە لەگەڵ واقیعی سیاسیی ئەمڕۆدا بگونجێت».

بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی نـاوخـۆ، ئـەوەشـی خـسـتـەڕوو: دوای دروستبوونی شـەڕی ناوخۆ، حیزبو حکومەت تێکەڵی یەکتری بـوونو حکومەتەکان پاشکۆی یەکێتیو پارتی بوون لە ناوچەکانی یەکتر، ئەوەش رێگەی خۆشکرد کە ئەو حـیـزبـانـە وەک دەسـەڵاتـی یەکەم، هەندێک شـت بـۆ خۆیان قۆرغ بکەن لە هەموو رووەکـانـەوە، بـۆیـە بـەهـۆی ئـەو مـلـمـلانـێ سیاسییەوە، ئەو یاسایە جێبەجێ نەکراوە.

لـەبـارەی جێبەجێکردنی یاساکەو لێنەپێچینەوەی یاساکەش لەلایەن وەزارەتەکەیانەوە، حاکم تاریق، رایگەیاند: «ئێمە وەک وەزارەتی ناوخۆ، لەژێر چەتری حکومەتدا، کە پەرلەمان دروستی کردووە، رێزی هەموو یاسایەک دەگرین، چونکە ئەوە دەنگی خەڵکەو ئێمە هاوکارییو گفتوگۆی هەموو فراکسیۆنەکان دەکەینو ئامادەی جێبەجێکردنی هەموو یاسایەکین کە پەرلەمان دەریدەکات، چونکە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری خەڵکنو ئەو یاسایەی ئەوان دەریدەکەن، دەبێت جێبەجێبکرێت».

لەلای خۆیەوە، ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند: ئەگەر پەرلەمانێک، نەتوانێت فشارێک دروسـت بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی خۆی دەریـکـردوون، ئەوا بوونی ئەو پەرلەمانە پێویست نییە، هەروەها پێویست ناکات یاسای نوێ دەربـکـات، چونکە دەکرێت جوانترین یاسا دەربکـەیـن، بـەڵام کە جێبەجێ نەکرێت، سودی چییە، بۆیە لە ئێستادا پێویستمان بە چاکسازییەکی یاسایی هەیە، بەمەرجێک بتوانێت چوارچێوەیەکی یاسایی دابنێت بۆ هەموو ئەو دیاردە سیاسییانەی لە کوردستاندا روودەدەن، وەک جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەتو هەروەها فشار خستنە سەر حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ئـەو یاسایانەی لە پەرلەمانەوە دەرچوون.

د. زانا هەروەها، وتیشی: «ئێمە لە فراکسیۆنی گـۆڕان، ئومێدەوارین کە بتوانین پلانێک دابنێین لەپێناو چاکسازیی یاساییو پێشکەشی پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـانـی بکەینو جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە ئەو یاسایانەی دەردەچـن، وەک خۆیان جێبەجێبکرێنو هەموو لایەک پابەندبن پێوەی، فـەرمـانـدارەکـان لـەپـێـش فـەرمـان بـــەســـەردا کراوەکان».

**بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ:**

**ئێستا تێدەگەین کە پراکتیزەکردنی ژیانی دیموکراسی چۆنەو فەزڵی ئەوەش بۆ ئۆپۆزسیۆن دەگەڕێتەوە کە بەرەنگاری هەر کەسێک ببینەوە کە دەیەوێت سەرپێچی یاسا بکات**

**پەرلەمانتارێکی لیژنەی یاسایی: ئەگەر سەرپێچی ئەم یاسایە کرا، دەبێت وەزارەتی ناوخۆ سکاڵا لەسەر ئەو حیزبانە تۆمار بکات**



# گۆڕانکاریی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا دەکرێت

**شاڵاو محەممەد- کەرکوک**

تا ئێستا پێنج لیژنەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بێ سەرۆکن و بەهۆی کەمتەرخەمیی و لاوازیشەوە، پێدەچێت کە سەرۆکی ژمارەیەک لیژنەی ئەنجومەنەکە بگۆڕدرێن.

دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر هەڵبژاردن و پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا، تا ئێستا لیژنەکانی (نەوت و غاز، ئەمنیی و ئاسایش، پرۆژەکان، ژنان، نەزاهە)، بەبێ سەرۆکن و بۆ چارەسەری ئەوەش، لیژنەیەک لە پێکهاتەکانی ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێکهێنراوە بۆ دیاریکردن و پێداچوونەوە بە لیژنەکان و چاوەڕوان دەکرێت، بەهۆی لاوازیی و کەمتەرخەمیی چەند لیژنەیەکەوە، گۆڕانکاریی لە پۆستی سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکاندا بکرێت.

ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: داواکاریی هەیە کە پێداچوونەوە بە لیژنەکاندا بکرێت، چونکە چەند لیژنەیەک بەبێ سەرۆکن، یان ئەندام هەیە کارەکانی دیار نییەو جیاوازیی هەیە لەناو لیژنەکان، هەندێک ئەندام لەناو لیژنەکان زۆر سەری قاڵەو ئەندامی چەند لیژنەیەکەو هەندێک ئەندامیش، ئەندامی هیچ لیژنەیەک نییە.




تاڵەبانی، ئاماژە بەوەش دەکات: «بەهۆی نەبوونی پەیوەندیی و دابەش نەکردنی کار لەنێوان لیژنەکاندا، هەروەها سەرۆک لیژنە هەیە بەشداریی لە هیچ لیژنەیەکدا ناکات، بۆیە پێویستمان بە پێداچوونەوە هەیە».

هەروەکو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش بەپێویستی دەزانن، بەهۆی ئەو گۆڕانەی کە دوای هەڵبژاردنی مانگی ئازار ڕوویداو چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگا بوونەتە ئەندامی پەرلەمانی عێراق و لاوازیی چەند لیژنەیەک، پێداچوونەوە بەکاری لیژنەکاندا بکرێت.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی وت: «چەند لیژنەیەک، لەسەرەتاوە سەرۆکی هەمیشەییان نەبووەو بەشێوەی دەوریی بووە، چەند مانگ جارێک ئەندامێک سەرۆکی لیژنە بووە، وا بڕیارە پێداچوونەوە بە هەموو لیژنەکاندا بکرێت، چونکە هەندێک لیژنە هەیە ئەندامەکانیان لاوازن و کاریان کەمەو بە پێچەوانەی چەند لیژنەیەک چالاکن لە کارەکانیاندا».

بەهۆی ئەوەی چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردراون و لەبری ئەوان کەسانی نوێ بوونەتە ئەندامی ئەنجومەن، پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی لیژنەکان بەپێویست دەزانرێت.

لە ماوەی ڕابردوودا هاوڵاتییانی شاری کەرکوک، داوای کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیان کرد، کە وەکو دەسەڵاتێکی تەشریعی شارەکەو خۆڕێکخستنەوەی تا لە ئاستی داواکاریی هاوڵاتییان و خەڵکی شارەکەدا بێت.

ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونی هاوڵاتییانی شارەکەو وتی: «ئەو لیژنانەی تا ئێستا بەبێ سەرۆکن، کاریان کردووەتە سەر ئەدای ئەنجومەنی پارێزگا، ئەمە جگە لەوەی ئەندامی ئەنجومەن هەیە، لەچەند لیژنەیەکەو بەتەواویی شەکەت و ماندوو بووە، لە کاتێکدا ئەندامی ئەنجومەن هەیە، لە بێکاریدا بێزاربووە».

## ئاشوور یەڵدا، ئەندامی لیژنەی باڵای مادەی (١٤٠):

# مەسیحییەکان ترسیان لە ئایندەیان هەیە

**سازدانی: ئارام جەمال**

**ئاشوور یەڵدا، کەسایەتی سەربەخۆی مەسیحییەکان و ئەندامی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، باس لە خراپیی ڕەوشی مەسیحییەکان دەکات و نزیکی پەیوەندییان لە کوردەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە هیچ حیزبێکی مەسیحی لە هەڵبژاردنەکاندا ناتوانێت دەنگی پێویست و کورسی بەدەستبهێنێت ئەگەر لەگەڵ لایەنێکی کوردیدا هاوپەیمانێتی نەبەستێت.**



**ڕۆژنامە: خوێندنەوەت بۆ دۆخی سیاسیی عێراق بەگشتیی و کەرکوک بەتایبەتی، چییە لە ئێستادا؟**

* بەگشتیی دۆخی سیاسیی عێراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو خراپیی دەچێت، کە هەمان ئەو دۆخە لە کەرکوکیش بوونی هەیەو هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە جیاوازیی زۆر هەیە لەنێوان دروشم و پرۆژەی لایەن و نەتەوەکان تەنانەت لەنێوان حیزبە سیاسییەکانی خودی نەتەوەیەکیش، بۆ نموونە ئەوەی ئێستا لە پێکهێنانی حکومەت بەدیدەکرێت کە تەنانەت ناکۆکییە سیاسییەکان لەنێوان حیزب و لایەنە شیعەکان خۆیاندا هەیە، چ جای ئەوەی بەراوردەکە بگوازیتەوە بۆ نێوان نەتەوە جیاوازەکان، هۆکاری ئەم جیاوازیی و ناکۆکییانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هیچ لایەنێک ئامادەنییە تەنازول بۆ لایەنەکانی دیکە بکات و دەیەوێت پرۆژەو بەرنامەی خۆی بەسەر لایەنەکانی دیکەدا فەرز بکات.

لە کەرکوکیش ئەو کێشانەی هەن، سیاسین و ڕۆژ بە ڕۆژیش بەرەو زیادبوون دەچن، بەڵام خۆشبەختانە ئەم کێشانە نەگوازراونەتەوە بۆ شەقام و لەدەرەوەی سیاسەت و لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا کێشەی ئەوتۆ بوونی نییە.

**ڕۆژنامە: بەوپێیەی ئەندامی لیژنەی باڵای مادەی (١٤٠)ی دەستووریی، پێنج ساڵە نەتوانراوە ئەو مادەیە جێبەجێ بکرێت، ئەو مادەیە بە چارەسەری کێشەی کەرکوک دەزانیت؟**

* کێشەکە لەوەدایە لە هەموو دونیا کە دەستوور هەیە بەدوایدا یاسا دەردەچێت، بەڵام لە عێراقدا پێچەوانەیە، کێشەی مادەی (١٤٠) یش ئەوەیە کە تەنیا مادەیەکی دەستوورییەو بەدوایدا یاسا دەرنەکراوە، جگەلەوەش تاکو ئێستا ناکۆکیی سیاسیی زۆر هەیە لەسەر مادەکەو هەندێک لایەن پێیانوایە؛ بەسەرچووەو هەندێکی دیکە کاری بۆ دەکەن، واتە ئیرادەیەکی سیاسیی هاوبەشی لەسەر نییە بۆ جێبەجێکردن، ئەگەر بەیاساش بکرایە بەم دۆخە نەدەگەیشت، پاشان مادەکە چەند قۆناغێکەو پێویستی بەکات هەیە.

**ڕۆژنامە: لە عێراقی دوای (٢٠٠٣)وە نزیکی و بیرکردنەوەی هاوبەش هەیە لەنێوان کوردو مەسیحییەکان، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

* ئەو هاوهەڵوێستییانە بۆ هاوپەیمانێتی نێوان حیزبە مەسیحییەکان لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان دەگەڕێتەوە، هەرچەندە من کەسایەتییەکی سەربەخۆم، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەگەر ئەو حیزبانە هاوپەیمانیی نەبەستن، ناتوانن لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی پێویست بۆ کورسی بەدەستبهێنن.

**ڕۆژنامە: کەواتە بڕوابوونی مەسیحییەکان بە کوردستانییەتی کەرکوک و پشتگیریی لە سیاسەتی کوردی لە عێراق لە چ چوارچێوەیەکدایە؟**

* من کەسایەتییەکی سەربەخۆم و ناتوانم لەبری هەموو مەسیحییەکان وەڵام بدەمەوە، بەڵام بەگشتیی ئێمە لەگەڵ دەستوورو یاسادایین، نزیکیی ئێمەش لە کوردەوە، بۆ پێکەوەژیانی مێژوویی دەگەڕێتەوە، ئێمە لەگەڵ عەرەب و تورکمانیش دەژین و بڕوامان بە پێکەوەژیانە.

**ڕۆژنامە: لە ساڵانی ڕابردوودا هاوڵاتییانی مەسیحی دووچاری هێرش و پەلامار بوونەوە، خێزانێکی زۆریش پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوکیان جێهێشت، ئەو مەترسییانە هەرماون لەسەرتان؟**

*لەدوای (٢٠٠٣)وە مەسیحییەکان دووچاری زۆر کردەوەی توندوتیژیی و هەڕەشە بوونەتەوەو لەلایەن ڕێکخراوە توندڕەوەکانەوە، سەرەڕای قوربانیی زۆر، زۆربەی خێزانە مەسیحییەکان بەرەو هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەرەوە کۆچیان کردووە، جگە لە ترس لە دۆخە ئەمنییەکە، هۆکارێکی دیکەی بۆ بێکاریی و بێ خزمەتگوزاریی دەگەڕێتەوە، ئەو کۆچە تاکو ئێستاش بەردەوامە، چونکە هیچ هەنگاوێکی جدیی و دڵخۆشکەر لە ئارادا نییەو بڕواشم وایە ئەم دۆخە تادێت نالەبارتر دەبێت و ئێمەش بێگومان وەک هەرکەمینەیەکی دیکەی عێراق بەهۆی نادیاریی ئایندەو ناکۆکییە سیاسییەکانەوە ترسمان لە ئایندە هەیە.

**ڕۆژنامە: بڕیاربوو لە کۆتایی ئەم مانگەدا سەرژمێریی دانیشتووان ئەنجام بدرایە، بەڵام بۆ مانگی (١٢) دواخرا، بە ڕای تۆ دواخستنی ئەم پرۆسە گرنگانە بە زیان ناشکێتەوە؟**

* بێگومان بە زیان دەشکێتەوە، پرۆسەی سەرژمێریی پرۆسەیەکی گرنگەو بناغەی پلاندانانی حکومەتە بۆ هەموو بوارەکان، دەبوو لەکاتی خۆیدا ئەنجامبدرایە، بەڵام ئەمجارەش لەژێر کاریگەریی ڕەتکردنەوەی هەنێک لایەندا پرۆسەکە دواخراو دیاریش نییە کەی دەکرێت، بە ڕای من ئەمەش جارێکی دیکە بۆ ناکۆکیی سیاسیی دەگەڕێتەوە وەک پێکهێنانی حکومەت کە زیاتر لە شەش مانگ تێپەڕیوە، بەڵام حکومەت پێکنەهاتووە کە هیچ مانایەکی نییەو لای دونیاو لایەنە نێودەوڵەتییەکان کەوتووینەتە ژێر پرسیارەوەو ئەگەر ئەم پرۆسانە ئەنجام نەدرێن، لایەنە نێودەوڵەتییەکان دان بە عێراقدا نانێن، پاشان پەکخستنی هەموو ئەم پرۆسانە گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سفر.

**ڕۆژنامە: بە ڕای تۆ تاکو ئێستا هەنگاوی جدیی هەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، بەتایبەت لەنێوان پێکهاتەکاندا، ئایا کێشەکە پێویستی بە چ جۆرە چارەسەرێک هەیە؟**

* کێشەی کەرکوک پێویستی بە دەستپێکردنی گفتوگۆی ڕاستەوخۆو تەوافوق و تەنازول بۆ یەکترکردن هەیە، نەک هەرلایەنەو بیەوێت ئەوەی خۆی بەدڵیەتی بیکات، لە ڕابردوودا هەوڵی چارەسەر هەبووە، بەڵام بێئاکام بوون و پێویستمان بە هەنگاوی جدیی هەیە، بەسە، تا کەی لایەنی دەرەکیی بیەوێت چارەسەرمان بۆ بدۆزێتەوە، یاخود هەوڵی سەپاندنی داخوازیی خۆی بەسەر لایەنەکانی دیکەدا بسەپێنێت، دیاریش نییە سبەی چی ڕوودەدات، بەڵام بەهیوام ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز بێتە ئاراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک.

## تێڕوانینێک بۆ ڕۆڵی

# دەزگای پۆلیس لە کەرکوکدا

**سەربەرز گەرمیانی**

لەدوای (پرۆسەی ڕزگاریی عێراق)و هەڵوەشاندنەوەی فیعلیی پێکهاتەی دەزگای پۆلیس لە پارێزگای کەرکوک وەکو سەرجەم پارێزگاکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی پێشوو، حیزبە کوردستانییەکان دەستیان گرت بەسەر ئەم دەزگایەدا وەکو سەرجەم فەرمانگەو دەزگا ڕەسمییەکانی دیکە. لەم قۆناغە نوێیەدا، بەهاوکاریی هێزی هاوپەیمانان (ئەمریکییەکان)، هەیکەلییەت و ئەرک و فەرمانی ئەم دەزگا بەرپرسە لە ئاسایش و ئارامیی و هێمنیی ناوخۆ سەرلەنوێ دارێژرایەوە، زۆربەی پۆستە سەرەکییەکانی بە فەرماندەیەوە بەر لیستی پارتە کوردییەکان و هاوپەیمانەکانی کەوت، هەروەکو لەدوا هەڵبژاردن بەناوی (لیستی برایەتی) بەشدارییان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگادا کرد.

لەدوای تێپەڕبوونی ئەم چەند ساڵە، ئەگەر بەچاوێکی وردبینانەی ڕەخنەگرانە بڕوانینە پێکهاتەو ئاستی چالاکیی و دیسپلینی نێو ئەم دەزگایە، زۆر بەڕوونی واقیعێکی تاڵمان بۆ دەردەکەوێت لەم بوارەدا، پۆلیس لە هەر وڵاتێکدا بێت: هێماو سیمبولی یاسا، ڕێساو ڕێزلێگرتن و جێبەجێکردنێتی، ئایا لەم دەزگایەی لە کەرکوکدا هەیە، تاچەند ئەم ڕاستییە بەرجەستە دەبێت؟ ئەگەر نا، هۆو هۆکارەکانی چین؟

هەروەکو زانراوە، دامەزراندن لە هەر فەرمانگەیەک بێت، دەبێت بە فیلتەری حیزب و دەزگا پەیوەندیدارەکانیدا بڕوات، دوابڕیارو ڕەزامەندیی لە دەسەڵاتی ئەماندایە، هەر لەسەر ئەم بنەمایە: ئەو تاک و کەسانەی لەدوای (پرۆسەی ڕزگاریی عێراق) لەم دەزگایەدا دامەزراون لە سەرجەم پێکهاتەکانی پارێزگاکە، هەڵبژاردەی ئەم لایەنە حیزبییانەو دەزگا تایبەتییەکانیانن، لەبەرئەوەی گیانی ئیعتیباراتی شەخسیی و مەحسوبییەت و دەستەگەریی زاڵە بەسەر بەرنامەی کارو چەقی بڕیاری گشت حیزبە سیاسییەکانمان، بۆیە بەهەندوەرگرتن مەرجی پیشەیی و ناوبانگ و پێشینەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لەئارادا نەماوە بۆ ئەم مەبەستە، ئەمەش وایکردووە لەنێو ڕیزەکانی ئەم دەزگایەدا، بەچەندان تاوانبارو مەحکومکراو بەتاوانی ئابڕووبەر لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو، کەسانی سەر بەدەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی پێشوو کە دەستیان هەبووە لە ئازاردانی هاوڵاتییان، جێیان ببێتەوە، لە دواجاردا وێنەو سیمای ئەم دەزگایە لەناو شەقامی کەرکوکداو لە سەرجەم ناوەندەکان و لەلای پێکهاتە جیاجیاکانی، ناشیرین و قێزەون بێت، تەنانەت ئەو تاوانانەی ڕۆژانە لەناو شارو شارۆچکەکاندا ڕوو دەدەن، هەر لە تاوانە گەورەکانی کوشتن، دزیی، ڕفاندن، تا دەگاتە سووکە تاوان لەلایەن ئەم تاکانەی پۆلیسەوە ئەنجام بدرێن، یان پشتگیریی بکرێن، دیارە بە ئاگاداریی ئەفسەرو کاربەدەستە دەستڕۆیشتووەکانی ناو دەزگاکە، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵیی زۆر بە بەرفراوانی لەلایەن ئەم کاربەدەست و ئەفسەرانەوە، کە هەر هەمووی لەڕووی یاساییەوە دەچێتە خانەی گەندەڵیی و بەهەدەردانی موڵک وماڵی گشتیی (دەوڵەت)و بەرتیلخواردن و کەمتەرخەمی لە بەجێگەیاندنی ئەرک و فەرمانەکان.

ئەوەی لەم ساتانەدا ئەرکێکی پێویستە لەسەر شانی حیزبە کوردستانییەکان، ئەوەیە کە چاوپیاخشادنەوەیەکی جدیی و دڵسۆزانە بکەن بە ئەداو چالاکیی ئەم دەزگایە، کە سەد دەرسەد لەسەر (لیستی برایەتی) ئەژمار کراوە، ئاڵوگۆڕی شیاوو لەجێخۆدا بکەن بۆ گەشکردنەوەی ڕووی ئەم دەزگایە، لە هەمانکاتدا لابردن و ڕاپێچکردنی ئەو ئەفسەرو تاکانەی پۆلیس کە تاوانیان بەسەردا دەسەلمێت، بەرەو دادگاو دەستی یاساو لێپرسینەوە.

ئایا ئەم داواو خواست و ئاواتانە، دێنە دی؟! چاوەڕوانین...

«کورد، بەبێ کارتی فشار بچێتە هەر مفاوەزاتێکەوە، تووشی هەڵە دەبێت» 10

# مەولود باوەمراد: دەسەڵات جیاوازی لەنێوان خۆیو وڵاتدا ناکات

سازدانی: ڕۆژنامە

**مەولود باوەمراد کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، دەربارەی دۆخی سیاسیی ئێستای هەرێمو پەیوەندیی حیزبەکەی لەگەڵ پارتیو لایەنە سیاسییەکاندا بۆ ڕۆژنامە دەدوێت.**



**ڕۆژنامە: بەهۆی ململانێی سیاسیی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەوە، بارودۆخی سیاسیی هەرێم خەریکە بەرەو قەیرانێکی مەترسیدار بڕوات، ئەمەش دوای پێداگریی دەسەڵات بۆ تێپەڕاندنی یاسای دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم، ئێوە چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەم دۆخە هەیە؟**

* بەپێویستی دەبینم وەڵامەکەم لەو ڕاستییەوە دەسپێبکەم، کە هەر بەشو کەرتێکی پرۆسەی سیاسیی دابڕاو نییە لە کۆی گشتیی ئەو شێوازو چۆنیەتی سیاسەتکردنەی کە نوخبەی سیاسیی حکومڕانیی ئەم هەرێمە بۆ دەسەڵاتو ئیدارەی گشتیی هەرێمی لە چەندساڵی ڕابردوودا بەرهەمهێناوە بە گوێرەی بۆچوونو تێگەیشتنەکانیان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسییو دەشنیشانکردنی بەرژەوەندیی گشتییدا، لەکاتێکدا ئەو دیدو بۆچوونەی کە چەند ساڵە دەسەڵاتی ئەم هەرێمەی پێ بەڕێوە دەچێت ناتوانێت لە هیچ جێگەو گۆشەیەکی دنیادا وێنەو هاو شێوەی ببینی نە لە ڕووی تیۆرییەوەو نە لە ڕووی پراکتیکیو عەمەلییەوە، بۆیە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنو ئامرازێک بۆ لێکدانەوەی هەڵوێستو بڕیارەکانی ئەم فۆڕمە دەسەڵاتە دەستناکەوێت، لەبەر ئەوە ناچار دەبێت هەر ڕووداوو پێشهاتو کردەیەکی سیاسیی لە دیدو تێگەیشتنی نوخبەی حوکمڕانەوە سەیر بکرێتو بخوێنینەوە بۆ بڕیاری سیاسییو بەرژەوەندیی گشتیی لەو ساتو کاتو جێگەیەدا کە ڕوودەدەن.

قەیرانی سیاسیی ناوخۆیی زادەی ئەو ژینگە سیاسییو کۆمەڵایەتییەیە، کە دەسەڵاتو حومکڕانیی هەرێم چەند ساڵە کردوویەتیە کەلتوورو واقیعێکی سیاسیی سەپێنراوو بەسەر دۆخی سیاسییو کایە سیاسییەکەی هەرێمدا زاڵبووە، بۆیە دەبینی بەبێ نانەوەی کێشەو هەڵلایەکی سیاسیی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن ناتوانن بەسەر بچووکترین کێشەی جیاوازیی دیدو بۆچوونی جیای نێوانیان لە پرسێکدا بگەنە ئەنجامێک، کە گوزارشت لە خاڵی بەیەکگەیشتنەوەی

## دروستبوونی حیزبێکی دیکەی ئیسلامیی لە هەرێم، لەژێر کاریگەریی بزووتنەوەی گۆڕان عەدالەو تەنمییەدا دەبێت

تێگەشتنە جیاوازەکان بکات بۆ بەرژەوەندیی گشتیی وەک دەرئەنجامێکی ئاسایی کە لە گفتوگۆو مشتومڕو بێنەو بەرەی ڕاو دیدو بۆچوونە جیاوازەکانی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان دەکەوێتەوە، بەمەش پەرلەمان بکاتە چوارچێوەی کۆدەنگیی نەتەوەییو نیشتمانیی.

من نامەوێت باسی ئەو کێشەیەی ئێستا بکەم، کە لە گفتوگۆکردنی یاساکەدا لەسەر ڕێژەی دەنگدان بە ئەندامانی دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان دروست بووە، چونکە لەگەڵ گرنگیی زۆری کۆمسیۆنەکەو یاساکەیدا ئەو مادەیە هێندە سادەیە لە ڕووی قانوونییەوە بە ڕێسا شەکلیەکانی ڕێکخستنی ئۆرگانەکە ناو دەبرێت، هەروەها پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانو بەرژەوەندیی هاوڵاتییانەوە نییە، لەوەش زیاتر بەو ڕێژەیەی لایەنی ئۆپۆزسیۆن داوای دەکات دوو لەسەر سێی دەنگ بۆ لیستی دەسەڵات لە ئێستادا مسۆگەر دەبێت، ئیتر پاساوێکی مەعقول لەپشت ئەم کێشەو هەڵلا سیاسییەوە نییە دەسەڵات دروستی دەکات، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە ئەم کێشەیەو هەر کێشەیەکی تری گەورە، یان بچووک دەرهاویشتەی سروشتی گرفتزایی دەسەڵاتە وەک ئاماژەم پێکرد- گرفتی بڕیاری سیاسییو بەرژەوەندیی گشتیی- ئیتر پەرلەمان چوارچێوەی کۆبوونەوەی کەسو هێزە ئۆپۆزسیۆنە بە گومانو نادڵنیاکانە لە بۆچوونو ڕاکانیاندا لەگەڵ دەسەڵاتداو ئاساییە هەر پرسێک ببێتە سەرچاوەی کێشەو نائارامییەک.

**ڕۆژنامە: بەڕای ئێوە هەڕەشەی هەر سێ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکەی هەرێم (یەکگرتوو، کۆمەڵ، گۆڕان) لە دەسەڵات بۆ کشانەوەیان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانو بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان، تا چەند گوشارێکی سیاسیی پۆزەتیفو پراگماتیکییانەیە لە دوولایەنەکەی دەسەڵات؟**

* لە هەر حاڵێکدا بەکارهێنانی کارتی سیاسیی یەکێکە لە ئامرازەکانی کارو جوڵەی هێزێکی سیاسیی لە ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکاندا بە مەبەستی بردنە پێشەوەی خواستەکانیو هێنانەدی ئامانجە تەکتیکییو تەنانەت ستراتیژییەکانیش، پێویستە وەک ڕێسایەکی گشتیی ئاماژە بەوە بکەم بەکارهێنانی کارتی سیاسیی بڕیارێکی هەستیارو قورسو هەندێ جاریش چارەنووسسازە، هەر هێزێکی نابێ بێ لەسەر وەستانو وردکردنەوە، لەژێر گوشاری هەلومەرجو دۆخێکی تێپەڕدا دەستی بۆ ببات.

**ڕۆژنامە: تائێستا دەسەڵات مامەڵەیەکی واقیعبینانەی کردووە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن وەک بەشێکی گرنگ لەناو پرۆسەی سیاسیی هەرێمدا، کە ڕوونە ئەم ئۆپۆزسیۆنە ئۆپۆزسیۆنی وڵات نییە، بەڵکو ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە؟**

* با لە کۆتایی پرسیارەکەوە دەستپێبکەم، بۆ مەگەر دەسەڵات تێکەڵاوبوونی حیزبو دەسەڵاتی وەک کێشە سەیرکردووەو بووەتە جێگەی پرسیارو بیرکردنەوەی، یان ئێستە پاش ئەو هەموو شێوانو کارەساتە ئیدارییو گەندەڵییەی لەم کێشەیە کەوتووەتەوە هەر لە ڕۆژگاری وەزیرو وەکیل وەزیر بە یەک سەڵاحیەتەوە تا ئەمڕۆی ڕەخنەو گلەییو گازندەی هاوڵاتییانو ئۆپۆزسیۆن هەنگاوی ستراتیژییو بڕیاری پێویستی بۆ جیاکردنەوەیان وەرگرتووە، تا جیاوازیی لەنێوان دەسەڵاتو وڵات بکات، ئەمە جگە لە گوتارو ئەدەبیاتی ئۆپۆزسیۆن شتێکی تر نییە، بەڵام لە خۆیدا یەکێکە لەو چەمکە گرنگە سیاسییانەی پێویستی بە قسە لەسەرکردنی زۆرتر هەیە، تا لانیکەم لە هۆشیاریی کۆمەڵگەو تاکی هاوڵاتییدا کۆتایی بە تۆمەتی بەخائینکردنی ئەو هێزو کەسو لایەنە سیاسییانە بێنێ، کە بۆچوونو دیدیان ناکۆکو جیاوازە لەگەڵ سیاسەتگوزارییو بڕیارەکانی دەسەڵاتداو هاوڵاتی لەوە بگات دژایەتی سیاسەتو بڕیارەکانی حکومەتو دەسەڵات دژایەتی نەتەوەو نیشتمان نییە، بەداخەوە ئەمە کەلتوورێکی زاڵە لە دەسەڵاتەکانی خۆرهەڵاتدا.

**ڕۆژنامە: پەیوەندیی ئێوە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لە چ ئاستێکدایە، لەکاتێکدا لە میدیاکانەوە هەست بە لەیەکتری نزیکییەکی پێویست ناکرێت؟**

* وابزانم پەیوەندیی نێوان ئێمەو بزووتنەوەی گۆڕان جێگەی پرسیار نییە، کە ئاساییو باشەو کوتلەکانمان لە پەرلەماندا هاوکارییو پێکەوە گفتوگۆکردنو بیروڕاگۆڕینەوە لەسەر بابەتەکانی پەرلەمان لەنێوانیاندا بەردەوام هەیە، ئەوەی وایکردووە وێنەی پەیوەندییەکانمان زۆر بە ڕووەوە نەبێت، ڕەنگە بەهۆی نەبوونی بارەگاو بەرپرسی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بێت لە شارو ناوچە جیاکانی کوردستاندا.

**ڕۆژنامە: ئێوەن ناتانەوێت زۆر نزیک ببنەوە، یان گۆڕانە؟**

* دەکرێت پێچەوانەکەشی بپرسین گۆڕان نایەوێت زۆر لە ئێمە نزیک بێتەوە؟ یان هەلومەرجو پێویستییەکانی زۆرتر لێک نزیکبوونەوە لەلایەن هەردوولاوە نەبووەتە پێویستی تا لایەکیان دەستپێشخەری بۆ بکات.

**ڕۆژنامە: بۆچی تائێستا سێ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکەی هەرێم بەشێوەیەکی ڕێکخراو خاوەنی پرۆژەو کاری هاوبەش نین؟ ئەو هۆکارانە چین کە وەکو پێویست ئەو دۆخەی نەخولقاندووە؟**

+ ڕەنگە یەکەم هۆ تازەیی ئەزموونی ئۆپۆزسیۆنبوونی پەرلەمانی بێت لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوی هاوبەش یەکتر ئەزموونکردنو متمانە بە یەکتری زیاتری دەوێت، دووەم دەشێت جیاوازیی هاوسەنگیی نێوان ئەم هێزانە لە پەرلەماندا هۆکارێک بێت، چونکە ژمارەی کورسییەکان زۆر لێکنزیک نین، ڕەنگە خاوەنی گەورەترین فراکسیۆن کە فراسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕانە بیرۆکەی وەهای لا گەڵاڵە نەبووبێو دەستپێشخەری وەهای نەکردبێت، ڕەنگە بەهۆی جیاوازیی بیرو ئایدیۆلۆژیاو دیدی جیاوازییانەوە بێت بۆ شتەکان کە سەرەنجام ڕەفتاری سیاسییو جۆری مامەڵەیان لە تەک پرسەکاندا جیاواز دەبێتو بیر لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ چالاکییە ئۆپۆزسیۆنییەکەشیان کەوتبێتە پەراوێزی ئەو جیاوازییانە، هۆکارێکی تر ئۆپۆزسیۆن ڕێگەیەک نییە بۆ دەسکەوتەکانی دەسەڵاتو حوکمڕانییو وەرگرتنی پۆستو پێگە لە دەسەڵات، بەڵکو دابەشکردنی بێ بەشبوونە بە هیوای بەدەستهێنانی زیاتری ڕای شەقامو دەنگی جەماوەر بە مەبەستی گوڕخواردنەوە بۆ خولی داهاتوو، ڕەنگە هەرلایەکیان بیەوێت بە جیا دەسکەوتی پەرلەمانی بۆخۆی تۆمار بکات بۆ ڕازیکردنی دەنگدەرەکەی خۆیو بەدەسهێنانی ڕای شەقامیش.

ڕەنگە بە ڕێژەی جیاواز هەموویان بێت، بەڵام ئەوەندەی من ئاگاداربم ئێستا ئەگەرچی لە چوارچێوەی کوتلەیەکی ڕێکخراو، یان بەرەیەکی ڕێکخراوی ئۆپۆزسیۆندا نین، بەڵام هاوکارییو پرسو ڕاو گفتوگۆی باش لەنێوانیاندا هەیە.

**ڕۆژنامە: هەندێک لە چاودێران پێیانوایە؛ ئێوە وەک یەکگرتوو کە ئێستا لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنن، هەندێکجار هەڵوێستە سیاسییەکانتان لە بەرامبەر دەسەڵاتدا نەرمەو پێشهاتە سیاسییەکان هەڵوێستی توندتر لە ئێوە دەخوازێ، بەوپێیەی ئۆپۆزسیۆنن، ڕات لەوبارەیەوە چۆنە؟**

* ئێمە حیزبێکی سیاسیی ئیسلاحییو ئیسلامیی میانەڕەوین، ئەمەش کۆی خەسلەتو سیفەتە سیاسییە جوێکەرەوەکانی ئێمە دەسنیشان دەکاتو لە حیزبو ڕێکخستنە سیاسییەکانی تر جیامان دەکاتەوە، کەواتە نەرمییو مرونەت لە تەعامول لەگەڵ پرسو کێشە سیاسییەکان، لەگەڵ ڕووداوەکان لەگەڵ

> کێشەکەمان لەگەڵ پارتی گەیشتە چارەسەر

قەوارەو بوونەکانی تر لەگەڵ کۆمەڵگە لەگەڵ تاکو کۆمەڵەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ هەر جۆرە ئینحیرافو کێشەو قەیرانێک، بەشێکی سروشتی بنەڕەتییە لە ڕەفتاری سیاسییو ستایلی تایبەت بە کارو مامەڵەی خۆمانو پێوەی پابەندین، نەک وەک هەندێک بێ ئینسافیمان دەرهەق دەکەن، کە گوایە لە ترسی ئەم حیزب، یان ئەو لایەن، یان حکومەتو دەسەڵاتی هەرێم، یان لەبرسانو بۆ دەسکەوت ناچارین هەڵوێستو مامەڵەمان نەرمو ئارام بێت. نەخێر زۆرو کەم وانییە ئەوە بەشێکە لە خەسڵەتی بونیادیی ئەو حیزبەو جگە لە خواو خۆمان کەس دەستی لە دروستکردنی بڕیارو هەڵوێستی سیاسیی ئێمەدا نییەو ناشبێ- إن شاء الله-.

**ڕۆژنامە: پەیوەندیی ئێوە لەگەڵ پارتیو یەکێتی لە چ ئاستێکدایە، میدیاکان لەم ڕۆژانەدا باسی ئەوەیان کرد پارتی خۆی لە ئێوە نزیککردووەتەوە، ئەم مەسەلانە چۆنن؟**

* پەیوەندیمان لەگەڵ هەردوولا ئاساییە، ئێمە لە ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتو ئەوانیش پێکهێنەری دەسەڵات لە ئەرکو ڕۆڵی یەکتر تێدەگەین، ئێمە واتێدەگەین ئۆپۆزسیۆن یانی بەیەکگەشتنەوە-تواصل- لە پێگەو جێگەی گوتارو دیدی جیاوازەوە بۆ سیاسەتگوزارییو دەسنیشانکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان، مانای سەنگەر لە یەکتر گرتنو شیرو تیر لە یەکتر سوینو یەکتر نەفیکردن نییە.

بەنسبەت پەیوەندیی ئێمەو برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان وتم؛ ئاساییە، گفتوگۆو کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەش پەیوندیی بە پاشماوەی کێشەکانی ٢٠٠٥/١٢/٦ بوو لەنێوانماندا کە گفتوگۆو کۆبوونەوەی ناوە ناوە لەنێوانماندا بۆ چارەسەرکردنی هەبووەو نەپچڕاوە لە ماوەی ڕابردوودا تا لەم چەند ڕۆژەی دواییدا گەشتینە چارەسەرێکی هاوبەشو هەردوولا پێی ڕازیبووینو سوپاسیان دەکەین.

**ڕۆژنامە: هەواڵی دروستکردنی پارتێکی سیاسیی ئیسلامیی لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتی ئیسلامییەوە لە میدیاکان بڵاوبووەتەوە، کە بەڕێز عەبدولڕەحمان سدیقی، سەرکردەی دەستلەکارکێشاوەی یەکگرتووی تێدایە، زانیاریی زیاتری بەڕێزتان لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە چییە؟**

* بەڕاستی زۆرو کەم ئاگاداری شتی وانیم.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە کۆمەڵگەی کوردستان زەرووریەتی بوونی پارتێکی دیکەی مەیل ئیسلامیی بخوازێت (لەکاتێکدا ئەگەر ئەم پارتە ناوەکەشی ئیسلامیی نەبێت)؟**

* وەک جەنابت دەزانیت بەندە ئەوە زیاتر لە (١٥) ساڵە لە سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی حیزبی یەکگرتووی ئیسلامیدامو بە کردەیی لە کارو ئەرکو پێویستییەکانی حیزب ئاگادارمو لە ڕووی ئەکادیمیشەوە لە هەمان بواردا شتێک لە پسپۆڕیم بەدەستهێناوە، بۆیە ڕەنگە بتوانم تا ڕادەیەک بابەتیانە دوورابییەکانی ئەم بابەتە لێکبدەمەوە، بەر لەوەی باس لە ناوەڕۆکیو ئاراستەی حیزبەکە بکەم وەک لە پرسیارەکەدا ئاماژەتان پێکردووە، قسەیەک لەسەر ژیانو ڕۆڵی حیزب بکەم لە ئێستادا، هەروەک لە کتێبی قەیرانەکانی حیزبدا ئاماژەم پێکردووە، ئەمڕۆ نەک لە کوردستان لەسەر ئاستی هەموو ناوچەکە دیاردەی بێزارییو تووڕەییو دوورکەوتنەوەو وەڕسبوون لە حیزب بە گشتیی لەلایەن هاوڵاتییانەوە بەدیدەکرێت، هاوجووت لەگەڵ ئەمەشدا ناکاراییو زیاتر بچووکبوونەوەو پووکانەوەو پەراوێزکەوتنی حیزبە بچووکەکانیش دیارو بەرچاوە، هەروەک عەبدولئیلاە بەلقەزیز، دەڵێت: حیزب تووشی خوێنبەربوون هاتووە-نزیف-و زۆر دەگمەنە حیزبی تازە دامەزراوو پێکهێنراو بتوانێت گەشەی پێویست تا ئاستی نوێنەرایەتی بەشێک لە هاوڵاتییان بکات، ئەوانەشی لەدەرەوەی دەسەڵاتن ڕۆژ بەڕۆژ پەراوێز دەکەون.

دووەمیان، بە ڕای من باشتر بوونی ژیانو بژێوییو مووچەی خەڵک پاش گۆڕانی ڕژێمی بەعس پێشتر حیزب یەکێک بوو لە سەرچاوەکانی داهاتی هاوڵاتی بۆ بژێویی ناچاری ئینتما بۆ حیزب دەبوو.

سێیەم، هۆو کاریگەریی بزووتنەوەی گۆڕانو نووسەرە سەربەخۆکان کە لە ناشیرینکردنو بوغزاندنی جەماوەر لە حیزب ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو.

ئێستا ئەگەر ئەم دۆخەی ژیانی حیزبایەتی بخەینە پاڵ پێویستییە مادییو مەعنەوییەکانی دامەزراندنی حیزبو ئەویش لە ژینگە کۆمەڵایەتیو کایە سیاسییەکەی کوردستاندا دروست بکرێت، بە ئەستەم دەتوانین بڵێین؛ کۆمەڵگە حیزبێکی نوێ تەزکییە دەکاتو لە دەوری کۆدەبێتەوەو دینامیکییەتێکی ئەوتۆی دەبێت کۆمەڵگە ببزوێنێت.

دەمەوێت بە کوردی قسە بکەین، ئەم دەنگوباسەی دروستکردنی حیزبی نوێو زەرورەتی پارتێکی نوێ لە کوردستاندا لەژێر دووکاریگەریدایە، یەکەم: کاریگەریی بزووتنەوەی گۆڕان پاش (٧/٢٥) لە کوردستان، دووەم: کاریگەریی سەرکەوتنی حیزبی عەدالەو تەنمییە لە تورکیا، بەڵام ئەوەی من لێی دڵنیام دووبارەکردنەوەی ئەم دوو ئەزموونەو هاوشێوەکانیان دەقاودەقو بەو شێوازەی خۆیان دووبارە نەبێتەوە سەر ناگرێت، لە هەر جێگەیەک سەرکردەیەکی وەک کاک نەوشیروانو ژمارەیەکی بەرچاو لە هەڤاڵانی لە قیادەی حیزبێکی گەورەی دەسەڵات وەک یەکێتی جیابوونەوە، وە لە هەر شوێنێک ژمارەیەک سەرکردەی وەک عەبدوڵڵا گولو ئەردۆغان لە حیزبی فەزیلەی خاوەن سەرۆک وەزیرانی تورکیا- نەجمەدین ئەربەکان کە بە هەڵگەڕاوە لە دین ناویان دەبات- جیابوونەوە، ئەوا ئەو ئەزموونانەش دووبارە دەبنەوە.

بەنسبەت ناوەڕۆکی فیکرییو ئاراستەی سیاسییەوە وا دەزانم لە کوردستان ئەوەندە دابەشبوونی فیکرییو سیاسییو ئاراستە سیاسییەکان ڕوونو ئازادو کراوەیە، لە ڕاپەڕینەوە تائێستەش ژمارەیەک لە حیزبو گرووپو کۆمەڵەی ئیسلامیی لە گۆڕەپانی کوردستاندا ئامادەییان هەبووە، دەبێت شوناسی سیاسیی ڕوون بێت، ئیسلامیی مەشرەبو ئیسلامیی مەیل پاساوی بوونی نابێت، لێرە ئیسلامیی ئیسلامییەو عەلمانی عەلمانییە، ئەگەر دیدو وێناکردنێکی تری هەبێت بۆ پەیوەندیی دینو سیاسەتو بە ڕوونی ڕابگەیەنرێت، بکرێتە پاساوی جیاییو جیاوازیی دەشێت شتێکی جیاوازو نەوعیی بێت، ئەگینا لەو حیزبو ڕێکخستنە ئیسلامییانەی کە هەن زیاتر ناکاتو باشتر نابێت.

### لە ١/٩ی ساڵی ئاییندە، مافی چارەنووسی خۆیان دیاریی دەکەن

# باشووری سودان: دروستبوونی نوێترین دەوڵەتی جیهان

ئا: شالاو فەتاح

کێشەی باشووری سودان مێژوویەکی درێــژی هـەیـەو دەگـەڕێـتـەوە بـۆ پێش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سودان. باشوورو باکوور بەوەدا جیادەکرێنەوە، کە باکوور وەکو دیین موسڵمانن، بەڵام باشوورییەکان مەسیحیو چەند ئاینێکی دیکەی ئەفریقاییان هەیە.

چەوساندنەوەی باشوورییەکان بەدەست نوخبەی دەسـەڵاتـداری بـاکـوورو گوێ لێنەگرتنیان بـووە هـۆی درووستبوونی درێژترین جەنگی ناوخۆ لە تەواوی ئەفریقادا، کە نزیکەی پەنجا ساڵی خایاندو بە ڕێککەوتنێک کۆتایی پێهات لە ساڵی (٢٠٠٥)، کە مافی چـارەی خۆنووسینی بۆ باشوورییەکان دابینکردبوو. ئەم دەنگدانە بڕیارە لە سەرەتای ساڵی داهاتوو ئەنجامبدرێت، بەڵام هێشتا باکوور دوودڵـەو کاردەکات بۆ تێکدانی دەنگدانەکە.



## سودان

سـودان گەورەترین وڵاتی ئەفریقایە، ڕووبەرەکەی یەک ملیۆن مەتر چوارگۆشە دەبێتو (٢٧) ملیۆن دانیشتووانیەتی. سودان سنووری دوو کەلتوورە لە ئەفریقادا، باکووری ئیسلامییو باشووری مەسیحی. لە سوداندا (٥٩٧) ئێتنی جیاواز هەیەو زیاد لە (٤٠٠) زمانو دیالێکتی جیاواز قسەی پێدەکرێت. جگە لە دینی ئیسلامو مەسیحییەت، خەڵکی سودان چەند دینێکی دیکەی ئەفریقایی پێڕەو دەکەن. پێشترو بەریتانیا تا چلەکانی سەدەی بیستەم وەک دوو بەڕێوەبەرێتی؛ حوکمی سودانی دەکرد، باشوور کە زیاتر ئەفریقی بوو، باکوور کە زیاتر عەرەبی بوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٤٦) بەریتانیا ڕێگەی بە باکوور دا کە فشاری زیاتر بخاتە سەر باشوور بۆ یەکخستنەوەی هـەردوو بەشەکە. عومەر حەسەن ئەلبەشیر، کە لەلایەن دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە داواکراوە، سەرۆکی هەموو سودانە، پایتەختی باکوورو گشت سودان؛ خەرتوومەو حکومەتی ناوەندی لێیە، پایتەختی باشووریش جوبایەو باشوور لەلایەن سالڤا کییرەوە سەرۆکایەتی دەکرێت.

## مێژووی کێشەکە

کێشەی باشووری سودان لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە گەشەی کرد. ڕابوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە باکووری سودانو دوو پارتە گەورەکەی ئەو بەشە، وایکرد خەڵکی باشووری سـودان نەتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. هەردوو حیزبەکە لەنێوان دەسەڵاتی میسرو بەریتانیادا یارییان دەکرد. پارتی ئوممە (مەهدییەکان) داوای جیابوونەوەیان لە میسر دەکردو پارتی یەکێتی نەتەوەیی (میرغەنییەکان) داوای یەکێتی میسرو سودانیان دەکرد، بەڵام هیچ یەکێک لەم دوو پارتە ئامادەی دابەشکردنی دەســەڵات نـەبـوون لـەگـەڵ بـاشـوورە ئەفریقاییەکەی ئەو وڵاتە.

شەڕی ناوخۆ لەنێوان باکوورو باشووردا لە ساڵی (١٩٥٥) هەڵگیرسا، دوای ئەوەی ساڵێکیش کە سودان سەربەخۆیی وەرگرت، هەر بەردەوام بوو. خەڵکی باشوور گلەیی ئەوەیان دەکرد کە حکومەتی خەرتووم ئەو بەڵێنەی کە بە بەریتانیاییەکانی داوە لە پێدانی فیدراڵی بە باشوور، جێبەجێی نەکردووە.

یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکانی جەنگ، بوونی سەرچاوەی سرووشتی زۆر بوو لە باشووری سودان. نەوت (٧٠٪)ی دەسهاتی هاوردەی سودان پێکدەهێنێتو سەرچاوەکەی باشوورە. ئەمە جگە لەوەی چەند سەرچاوەیەکی ئاوی گرنگ لە باشووردان. لەکاتێکدا باکوور لەسەر سنووری بیابانی سەحارەیە. ئەمە وایکردووە باکوورییەکان بیانەوێت باشوور کۆنترۆڵ بکەن، لەکاتێکدا باشوورییەکان دەیانەوێت خۆیان کۆنترۆڵی ئەو سەرچاوانە بکەن.

حکومەتە باکوورییەکانی سـودان نەیانتوانی ئەو جەنگە کۆنترۆڵ بکەن تا ساڵی (١٩٧٢)، ئەوکاتەی پەیماننامەیەکی ئاگربەستو ئـاشـتـی بەسترا. ساڵی (١٩٨٣)و بۆ دووەمین جار شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتە دەستیپێکردەوەو کاتێک ئەو جەنگە لە ساڵی (٢٠٠٥) کۆتایی هات، کە بە درێژترین جەنگی ناوخۆی ئەفریقا لەقەڵەم دەدرێت، (٢٥٠٠٠٠٠) کەس کوژرابوونو ملیۆنانیش ئاوارەبوون. دوای ئەوەی سەرۆکی سودان، واتە نەیمری حوکمی شەریعەی لە هەموو وڵاتدا ڕاگەیاندو ویستی خۆی بۆ بە ئیسلامیکردنی سـودان دەرخست. لە هەشتاکاندا چەند کودەتایەک ڕوویان دا، لـەنـێـویاندا کودەتای ساڵی (١٩٨٩)ی ژەنـەڕاڵ عومەر بەشیرو سـەرکـردەی کاریزمیی حەسەن تورابی بوو، کە وڵاتیان گواستەوە بۆ زەمەنێکی دیکتاتۆرییەتی ئیسلامی. جەنگی ناوخۆی سودان لەنێوان دانیشتووانە ناعەرەبییەکەی سودانو حکومەتی ناوەندییە.

## ئاشتیو ریفراندۆم

ساڵی (٢٠٠٥)و دوای پەنجا ساڵ لە جەنگ، باکوورو باشوور دەستیان بە گفتوگۆی ئاشتیی چرو پڕ کرد، کە کۆتایی بە جەنگ هێنا. هەردوولا دەستیان کرد بە گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی سیستمێکی فیدراڵیی لە سودان، بەڵام باشوور توانی مافی ریفراندۆمیش بباتەوە.

١/٩ی ساڵی ئاییندە باشووری سوودان مافی دەنگدانی هەیە لەسەر چارەنووسی خۆی بۆ جیابوونەوە لە باکوور. پێدەچێت زۆرینەی باشوورییەکان دەنگ بە جیابوونەوە بدەن، ئەمەش دەبێتە دروستبوونی نوێترین وڵات لە ئەفریقادا. پارتی سەرەکی باشووری سودان بە سەرۆکایەتی سالڤا کییر، ئەو ڕاپرسییە بە ئەنجامی زیاتر لە نیو سەدە خەبات دژی حکومەتی ئیسلامی خەرتووم دەبینێت.

لە شاری جوبای پایتەختی باشووری سـودان، هەموو شتێک ئامادەکراوە بۆ سەربەخۆیی، تەنانەت بینای سەرۆکایەتی نوێش، بەڵام هێشتا نادیارە کە ئایا خەرتووم ئامادەیە ریفراندۆمەکە بەڕێوەبچێتو وەک پلانی بۆ دانراوە، یاخود دەستکاریی ئەنجامەکان دەکرێت یان نا. هەرچەندە سەرۆک عومەر بەشیر ئـەوەی دووپـاتـکـردووەتـەوە، کە باکوور ڕێگریی لە باشوور ناکات ئەگەر ویستیان جیاببنەوە، بەڵام خەڵکی باکوور ناتوانن باوەڕ بەوە بکەن وڵاتەکەیان دابەش ببێتو دوور نییە جەنگێکی نوێ دروستببێت. لەڕاستیدا سیاسییە سودانییەکانی باکوور بەهیچ جۆرێک بە بیرۆکەی ریفراندۆم ڕازی نەدەبوون، گەر فشارێکی زۆری خۆرئاوا نەبووایە.

## کێشەکانی بەردەم ریفراندۆم

هەوڵەکانی باکوور بۆ چوونەدەرەوە، تێکدانو دواخستنی ریفراندۆم، دیارو ئاشکران. هێندە نابێت کە کۆمیتەیەک بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن دامـەزراوە، کە چوار مانگی لەبەردەمدایە بۆ ڕێکخستنی هەموو شتێک بۆ دەنگدان، تەنانەت گەر بە خێراترین شێوەش کاربکەن ناتوانن (١/٩)ی ساڵی داهاتوو هەموو شتێک ڕێکبخەن. گەر دوابخرێت، باشوورییەکان هەست دەکەن دووبارە لە مافی دەنگدان بێبەشکراونو دوور نییە مافی سەربەخۆیی یەکلایەنە ڕانەگەیەنن، ئەمەش دەبێتە ڕۆژی قیامەت بۆ ئەوان، ئەم ئیختیارە دەبێتە هۆی درووستبوونی جەنگێکی دیکەو بەشیریش دان بەو وڵاتە نوێیەدا نانێتو زۆر وڵاتی دیکەش، بەتایبەت لە ئەفریقا کە لایەنی ئەو دەگرن.

یەکێکی دیکە لە ئیختیارەکان؛ بریتییە لە کەمکردنەوەی میسداقییەتو تێکدانی ریفراندۆمەکە، بە بەکارهێنانی چەند گرووپێکی ئۆپۆزسیۆن، کە باکوور چەند ساڵێکە بەکاریان دەهێنێتو وەک میلیشیا لە دژی باشوور کاریان پێدەکات.

لـەلایـەکـی دیـکـەوە، سیاسییەکانی باشوور کارتەکان دەخەنە دەستی باشوور بە حوکمکردنی نەشیاو و لاوازکـردنـی هەرێمەکەی خۆیان. زۆرێک لە بیانییەکان ڕەخنەو گلەیی لە بەرپرسانی باشوور دەکەن، کە هۆیەکی بەرەوپێش نەچوونی گفتوگۆکانی ئاشتیی، خۆیانن، تەنانەت لەنێوان کادیرە بەوەفاکانی پارتی گەورەی باشووری سـودان، ڕەخنەو بێئومێدیی پەرەیسەندووە. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئامارزانییەکی ئامادەکردووە دەربـارەی دۆخی باشوور، کە خراپی بارودۆخی ئەو هەرێمە دەردەخـات. تائێستاش (٨٥٪)ی پێگەیشتووان ناتوانن بخوێننەوەو بەرزترین ئاستی مردنی منداڵو دایکی هەیە لە جیهاندا. گەندەڵییش بووەتە کێشەیەکی دیکەو زۆرێک لە هاوڵاتییانی پرسیار لە چارەنووسی پارە دەرەکییەکان دەکەن کە وەک یارمەتی دەدرێت بە باشوور، وەڵامیش ئەوەیە کە «بۆ سوپا» خەرجکراوە. ترسی ئەوە هەیە کاتێک بـاشـووری سـودان جیابووەوە، شۆڕشگێڕەکان ناسەقامگیرییەکی زیاتر بخوڵقێنن بەهۆی دیموکراتینەبوونیانەوە.

---

# جەنگیز ئاکتار: ئۆتۆنۆمی دیموکراتی نەک تەنیا بۆ کورد، بۆ تورکیاش گرنگە

سازدانی: ڕۆژنامە

**نووسەرو لێکۆڵەری سیاسیی، جەنگیز ئاکتار، وای دەبینێت کە تورکیا ئێستا بەرەو هەموو لایەکان کراوەتەوەو تەرکیز دەخاتە سەر گشت شوێنێک لە جیهاندا، هەروەها دەیەوێت لە گشت شوێنێکی جیهاندا ئەکتیڤ بێت.**

**مشتومر لەسەر ئۆتۆنۆمی دیموکرات لەلایەن پەکەکەو بەدەپەوە بە پرۆپۆزەڵێکی گرنگ دەزانێتو دەڵێت: نەک تەنیا بۆ کورد، بەڵکو بیرۆکەی لامەرکەزییەت لەپشت ئۆتۆنۆمی دیموکراسییەوە شتێکە کە تورکیا بەگشتیی پێویستی پێیەتی.**

**ڕۆژنامە: دەربارەی مشتومرە ناوخۆییەکانی تورکیا، پێتوایە کوردەکان، چ بەدەپەو چ ئەوانی دی کە داوای ئۆتۆنۆمی دیموکراسی دەکەن، دەتوانن ئەو مافە لە دەستووری نوێی تورکیادا بەدەستبێنن؟**

* ئەو مشتومرەی لەسەر ئۆتۆنۆمی دیموکرات لەلایەن پەکەکەو بـەدەپـەوە، پرۆپۆزەڵێکی گرنگە. نەک تەنیا بۆ کوردەکان، بەڵکو بیرۆکەی لامەرکەزییەت کە لەپشت ئۆتۆنۆمی دیموکراسییەوە شتێکە کە تورکیا بەگشتیی پێویستی پێیەتی. تورکیا پێویستە ببێتە لامەرکەزیی، چونکە چیتر ناتوانرێت لە یەک مەرکەزەوە گشت تورکیا بەڕێوەببرێت کە ئەنکەرەیە. لەبەرئەوە لە سوودی گشت وڵاتە کە ئیدارەیەکی لامەرکەزیی تەبەنی بکەن. بۆیە پێموایە نەک تەنیا کوردەکان، بەڵکو هەموو هاوڵاتییانی ئەم وڵاتە سـوودی لێدەبینن، بـەڵام ئەم لامەرکەزییەتە دەبێت بخرێتە چوارچێوەیەکی دەستوورییەوە، بۆئەوەی یاسایی بێت. بیرۆکەی ئیدارەی لامەرکەزیی شتێکی مەحاڵ نییە، بەڵام پێویستمان بە هەمواری دەستووریی دەبێت بۆ ئەوە، لە دەستووری نوێدا کە بڕیارە (٢٠١١)دا بخرێتە ڕوو، زۆر پێویستە بیرۆکەی لامەرکەزییەت بچەسپێنرێت، بۆئەوەی لە داهاتوودا قبووڵی بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی دیموکراسی بکرێت.

**ڕۆژنـامـە: وەک نـووسـەرو پسپۆڕێک، گەشبینیت بە چـارەسـەری کێشەی کورد لە ماوەیەکی کەمدا، هەندێک لە نووسەرە تورکەکان دەڵێن؛ تورکیا هەرگیز هێندە نزیک نەبووە لە چارەسەری کێشەی کـوردەوە تۆ لەمبارەیەوە دەڵێیت چی؟**

* ئێستا ڕەزامەندییەک هەیە لەنێوان سیاسییەکاندا بۆ چارەسەری کێشەی کورد، بەڵام ناتوانم پێشبینیی تورکیایەک بکەم کە لەڕووی ئابووریو سیاسییەوە سەقامگیر بێت بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کێشەی کورد کلیلی چارەسەری کێشەکانی دیکەیە، بەڵام دەربارەی ئەوەی کەی تورکیا کێشەی کـورد چـارەسـەر دەکـات، ئەمە پرسیارێکی ترەو ڕەنگە سەدان ساڵ بخایەنێت بۆ چارەسەر، هیچ ڕێگایەکی خێرا نییە، دەبێت دیالۆگو مشتومر بکرێتو دەزگای دیالۆگ بینا بکرێتو هەنگاوی وەک لامەرکەزییەتو پـەروەردە بەکوردیی بکرێت، بۆئەوەی چارەسەری کێشەکە پێش بکەوێت. کێشەی کوردەکانی ئـەوروپـاو عێراق چارەسەر بکرێت. کێشەی گرووپی کوردەکانی کەمپی مەخموور چارەسەر بکرێت، ئەمەش پێویستی بە ئاشتبوونەوەو موسالەحە هەیە. پێویستە گفتوگۆ دەربـارەی بەندکراوەکان بکرێتو هەوڵی دابینکردنی دادوەریی بدرێت. یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە کە چۆن جێی کوردەکان دەکرێتەوە لە سیستمی یاسایی تورکیادا، کوردەکان بە کـوردی قسە دەکـەن، بەڵام بوونێکی ئاشکرای جەماوەرییان نییە. ئەمەش کێشەی هـەرە گرنگی یاساییە، پێویستە وجودی قانوونییان پێ ببەخشرێت. چۆنو کەیو لە چ دۆخێکدا کوردەکان چەک دادەنێن، ئەی پاسەوانی گوندەکان (بەشێکە لە سوپای تورکیا) چەک دادەنێن. بۆیە پێموایە کێشەیەکی درێژخایەنو ئاڵۆزە، بەڵام چارەسەرکردنی کێشە هێندە گرنگە کە پێویستە سیاسییەکان هەر لەئێستاوە دەست پێبکەین. پێویستە پێش هەموو شتێک ئابووریی ئەو ناوچەیە پێش بخرێت.

**ڕۆژنامە: وەک خاڵی دەستپێک، پێتوایە تورکیا دان پەکەکەدا بنێتو موخاتەبەی بکات؟**


* لە سیاسەتدا گشت شتێک مومکینە، بۆ نموونە گرووپی وا هەبووە تیرۆریست بوون، بەڵام دواتر بوونەتە موخاتەبی حکومەتەکان. بۆیە هەموو شتێک مومکینە، پێویستمان بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو پێویستمان بە گفتوگۆی ناڕاستەوخۆیە، کە پێموایە ئێستا ڕوو دەدات. دەزانـم لە هەولێرو سلێمانی گفتوگۆ دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، ئەمانەش بەشێوەیەک لە شێوەکان گفتوگۆ دەربارەی ئەوە دەکەن. بۆیە پێموانییە دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجالان بکات کە دواجار پێشەوای پەکەکەیە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گفتوگۆ دەکرێت. دواجار ئەوەی گرنگە ئامانجەکانی تورکیاو کوردەکانە، نەک جۆری گفتوگۆکان.

**ڕۆژنامە: تا چ ڕادەیـەک وتووێژ لەگەڵ هەولێردا یارمەتیدەر دەبێت لە چارەسەری کێشەکە؟**

*دیارە ئێجگار گرنگە، بۆ هەر چارەسەرێک دەبێت سەرۆکە کوردییەکانی عێراق لەبەرچاو بگرێت. بۆیە دەبێت سەردانو گفتوگۆکردن هەبێت. کە ئێستا هەیە. من ئەوە هەڵدەسەنگێنم. لەبەرئەوەی تورکیا ناتوانێت کێشەی کورد بە بیرکردنەوەی تاکتیکی چارەسەر بکات، بەڵکو دەبێت ستراتیژی درێژخایەنی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. بەکورتی پێشوازیی لە میانگیریی بەڕێز بارزانی، وەک هەر میانگیرێکی دیکە کە مەبەستی باشی لەپشتەوە بێت، دەکرێت.

**ڕۆژنامە: لە ماوەی کورتخایەندا؛ پێتوایە تورکیا پێویستە چ هەنگاوێک بنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، چ هەنگاوێک زۆر گرنگە بۆ دەوڵەت لە ڕوانگەی تۆوە؟**

* باسی هەنگاوی ئابووریو کەلتووریم کـرد، بـەڵام ئەگەر لـەڕووی سیاسییەوە بدوێین، دەستگیرکردنی ئەندامانی کەجەکە کە دەزگایەکی کوردییە، بوەستێنرێت، چونکە زیاتر کێشەکان دەورووژێنێت. ئەمەش هەنگاوێکی ڕاستەوخۆیەو دەبێت دەستبەجێ بنرێت. دواتر باس لە کێشەکانی دیکە بکرێت کە باسمکردن، وەکو خوێندنو لامەرکەزییەتو ئاشتەوایی بخرێتە چوارچێوەیەکی دەستوورییەوە.



پرۆفایل

**پرۆفیسۆر جەنگیز ئاکتار، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی.**

**چەندین کتێبی لەسەر تورکیاو یەکێتیی ئەوروپا نووسیوە.**


**ئەزموونێکی زۆری کـارکـردنـی لە سلکی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەیە.**

**مـاوەیـەک وانـەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لە زانکۆی گالاتاسارای تورکیا وتووەتەوە.**

**ئێستا گۆشەنووسی ڕۆژنامەی زەمانو چەند ڕۆژنامەیەکی دیکەیە.**

## مالیکی کارتی لەکارخستنی لەدەست کورد دەرهێنا

# «کورد، بەبێ کارتی فشار بچێتە هەر مفاوەزاتێکەوە، تووشی هەڵە دەبێت»



راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**وەڵامی داوا (١٩)خاڵییەکەی کورد، لەلایەن نوری مالیکی، سەرۆکی دەولەتی یاساوە، کورد لە کارتی خستنی حکومەتی نوێی بەغدا بێبەش دەکاتو هاوکات، ئەندامانی پەرلەمان رەتکردنەوەی ئەو مەرجە بە مەترسی وەسفدەکەنو بە پێویستی دەزانن، بەبێ کارتی فشار، کورد بەشداریی حکومەت نەکات.**

لە سەرەتای مانگی ئابی رابردوودا، شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، لیستێکی (١٩)خاڵییان لە دواکاریی پێشکەش بە هەریەک لە نوری مالیکیو ئەیاد عەلاویو عادل عەبدلومەهدیو ئیبراهیم جەعفەری، وەک پاڵێوراوانی پۆستی سەرۆک وەزیران کرد، سەرەڕای بەردەوامیی گفتوگۆکان، بەڵام تا ئێستا ئەنجومەنی باڵا بەسەرچەم خاڵەکانو دەولەتی یاساش، بە (١٨) خاڵیان رازی بووە.

یەکێک لەو خاڵانەی کە لەنێو (١٩) خاڵەکەدا باسکراوەو وەکو گرەنتییەک بۆ کورد دادەنرێت، تایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی عێراق لەکاتی کشانەوەی لایەنی کوردستانیی لە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی ئەو بەرنامەیەی هەردوولا لەسەری رێکدەکەون، یان بەدیکردنی پێشێلکاریی دەستووریی لەلایەن ئەو حکومەتەوە.

لە چەند هەفتەی رابردوودا، وەفدی کوردیی لەگەڵ لیستی دەولەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی کە ناوبراو ئێستا شانسی وەرگرتنی سەرۆک وەزیرانی عێراقی زیاترە، گفتوگۆیان کردووەو نوری مالیکی ئەو مەرجەی کە تایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەی حکومەت، رەتکردووەتەوە.

زانا رۆستایی، ئەندامی وەفدی دانسوتکار لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەگەر ئەو خاڵە بچەسپێت، دەبێتە کارتێکی فشار بەدەست کوردەوەو کورد دەتوانێت بەکاری بهێنێت لە دژی حکومەتەکەی مالیکیو هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت بکات، بەڵام ئەو خاڵە جێی گفتوگۆکردنەو رەنگە بتوانین بەشێوەیەکی تر ئەو خاڵە دابڕێژینەوە کە هەم پێچەوانەی دەستوور نەبێت، هەم ئەو ئامانجەی کورد بێتەدی، رەتکردنەوەیشی جێی مەترسییەو کورد ئەو کارتەی بەدەستەوە نامێنێت، لەبەرئەوە ئەو کاتەش مالیکی هیچ هەڕەشەیەکی بۆ رووخاندنی حکومەتەکەی لەسەر نابێتو پێدەچێت خواستەکانی کورد جێبەجێ نەکات.

وتیشی: «ئەم خاڵە، گرەنتییە بۆ کورد، بەڵام هێڵی سوور نییە، ئەگەر رەتبکرێتەوە، پێویستە لایەنی کوردستانیی داوای زەمانەتی تر بکات، بۆئەوەی حکومەتەکەی مالیکی پابەندی ئەو بەڵێنانە بێت کە بە کوردیان دەدات».

هەرچەند لە دەستووری عێراقدا، باس لە هەڵوەشاندنەوەی حکومەت نەکراوە لە کاتی کشانەوەی هەر لیستێکیدا، بەڵام بە بۆچوونی یاساناسان، رێککەوتنە سیاسییەکان ئەو بابەتە یەکلایی دەکەنەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە لە بڕگەی حەوتەمی مادەی (٦١)ی دەستووری عێراقدا کە تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، هاتووە کە ئەنجومەنی ناوبراو، دەتوانێت لەسەر داوای پێنجیەکی ئەنجامەکانی، متمانە لە سەرۆک وەزیران وەربگرێتەوە، بە مەرجێک وەرگرتنەوەی ئەو متمانەیەش بە دەنگی زۆرینەی رەهای تێکرای ژمارەی پەرلەمانتاران بێت.

بەوپێیەش، پێویستە (١٦٣)دەنگ کۆبکرێتەوە بۆ لەکارخستنی حکومەتی نوێ کە لە ئێستادا کورد بە هەموو فراکسیۆنەکانییەوە (٥٩)کورسی هەیە، ئەو کات پێویستی بە کۆکردنەوەی (١٠٤) کورسی تر دەبێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی نوێ، کە ئەمەش لە رووی عەمەلییەوە بە کارێکی ئەستەم دادەنرێت.

بەکر حەمەسدیق، یاساناسو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: داواکارییەکی کورد، داواکارییەکی سیاسییەو دەستووریی نییە، چونکە لە دەستووردا دەقێک نییە باس لەو بابەتە بکات، بەڵکو ئەو خاڵە پەیوەندیی بە رێککەوتنی سیاسییەوە هەیەو دەستوور رێگەی بە هەموو رێککەوتنێکی سیاسیی داوە لە دەرەوەی پەرلەمانو ئەگەر رێککەوتنی لەسەر بکرێت، دەستوور رێگریی لێ ناکات.

ئەوەش دەخاتەڕوو: «ئەگەر لەسەر ئەو خاڵە رێکبکەوین، مالیکی پابەندە بە جێبەجێکردنییەوە، بەڵام ئەگەر رێکنەکەوین، مالیکی هیچ پابەندبوونێکی نییە، بۆیە کورد بەبێ کارتی فشاری نووسراو کە کاریگەریی هەبێت، بچێتە هەر دانوستانێکەوە، تووشی هەڵە دەبێتو پێویستە گرەنتی بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد هەبێتو چارەسەری بەدیلی هەبێت».

مەترسیی نەبوونی کارتی گوشاری هەڵوشاندنەوەی حکومەت بۆ کورد، لەوەدایە کە ئەزموونی چوار ساڵی رابردوو دووبارە ببێتەوە، لەوەی کە سەرەڕای ئەوەی کە کورد چەندین کێشەی لەگەڵ ئەو حکومەتەدا هەبوو، کوتلەکانی تریش پشتیان تێکردو نەیتوانی، یان نەیویست حکومەتەکەی مالیکی بڕووخێنێت.

خالید شوانی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەندامی وەفدی دانوستکار لە ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ئاشکرای دەکات، کە تا ئێستا سوورن لەسەر ئەو خاڵە، بەڵام هێشتا لە گفتوگۆکردندانو پێدەچێت شێوازێکی تر بدۆزێتەوەو هەردوولا رێککەوتنی لەسەر بکەنو بە رۆژنامەی راگەیاند: «لیستی دەولەتی یاسا، مەرجی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت لەکاتی کشانەوەی کورد لە حکومەت، بە پێویست نازاننو بەدیلی تریان پێشکەش کردووەو بەڵێنیان داوە، هاوپەیمانێتییان لەگەڵ کورددا تا سەر بێتو ئامادەن هەموو مافەکانی کورد جێبەجێ بکەن، بەڵام پێشتریش بەڵێنو رێککەوتنی نووسراو هەبووەو بەڵێنمان پێدراوەو داواکارییەکانی کورد جێبەجێ نەکراون، بۆیە ئێمە ئەو مەرجەمان وەکو گرەنتیی داناوە».

---

## «زۆرترین ململانێ لەسەر نەوتو داراییە»

# وەزارەتە ئەمنییەکان دەدرێنە کەسانی سەربەخۆ

هەستیار قادر، کاروان عومەر

وەزارەتە ئەمنییەکانی حکومەتی نوێی عێراق دەدرێنە کەسانی سەربەخۆو سەدرییەکانیش داوای وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان دەکەنو سەرکردەیەکی ئیئتیلافی دەولەتی یاساش پێشبینیی دەکات زۆربەی ململانێکان لەسەر وەزارەتەکانی نەوتو دارایی بێت.

لەگەڵ ئەوەی هێشتا کێشە لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقو ئەو لایەنە هەیە، کە بڕیارە کەسێکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دیاریی بکات، کێبڕکێی نهێنیی لایەنەکان بۆ دیاریکردنی وەزارتەکانیان دەستی پێکردووەو لەو چوارچێوەیەدا ئیئتیلافی دەولەتی یاساو بەشێک لە ئیئتیلافی نیشتمانی، کە رەوتی ئەحرار (سەدریەکان)و چەند لایەنێکی بچووکی جگە لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییو حیزبی فەزیلە لەخۆ دەگرێت بەشێوەکی بەرایی لە سەردابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان رێککەوتوون، لەو چواچێوەیەشدا رەوتی سەدر کە لە حکومەتی پێشووی مالیکیدا کشانەوە، کار بۆ بەدەستهێنانی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان دەکەن،لەوبارەیەشەوە بەها ئەعەرەجی سەرکردەی رەوتی سەدر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ئەوان جەخت لە وەرگرتنی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان دەکەنەوە، کە پەیوەندییان هەیە بە خزمەتکردنی هاوڵاتییانەوە، بەڵام ویستی لیستەکەشی بۆ وەرگرتنی پۆستە سیادییەکان نەشاردەوەو بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو داواکارییەمان ئەوە ناگەیەنێت کە دەستبەرداری وەزارەتە سیادییەکان دەبین، بەڵام زیاتر چاومان بڕیوەتە وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان».

لە بەرامبەردا ئیئتیلافی دەولەتی یاسا پێیوایە؛ ئەو لیستانە باس لە وەرگرتنی وەزارەت دەکەن کە کار بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران ناکەن.

خالد ئەسەدی، سەکردەی دەولەتی یاسا ئاماژە بەوە دەکات؛ کە هێشتا کات زووە بۆ باسکردنی پرسی دابەشکردنی وەزارەتەکان، بەوپێیەی بە وتەی ناوبراو سەرجەم لیستەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران، نەک وەزیرەکانو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «تەنیا ئەو لیستانە لە ئێستاوە باسی ناوی ئەو وەزارەتانە دەهێنن، کە دەخوازن وەریبگرن، کە چانسی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانیان نییە».

هاوکات لیستی عێراقییە، کە هێشتا ئومێدی بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران ماوەو لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییو حیزبی فەزیلەدا کاری بۆ دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە بە هێندەی قەبارەی خۆی پۆست وەربگرێت.

فەتاح شێخ، سەرکردەی لیستی عێراقییە تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە حکومەتێکدا بەشدار دەبین کە لەسەر بنەمای هاوبەشی پێکبهێنرێتو بەشدارێکی راستەقینەیان هەبێتو رۆڵێکی کاریگەرییان هەبێت لەو حکومەتەدا، نەک تەنیا بەشداریی بکەن بێ ئەوەی رۆڵییان هەبێت».

ئاشکراشی کرد؛ لیستەکەیان دەخوازێت بەپێی قەبارەی خۆی وەکو گەورەترین لیست، پشکێکی گەورەیان هەبێت لە وەزارەتە سیادییەکانو خزمەتگوزارییەکان.

ئەو سەرکردەیەی ئیئتیلافی عێراقییە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە وەزارەتە سیادییەکان دەدرێتە کەسانی سەربەخۆو پێشبینیشیکرد، کە زۆرترین کێبڕکێ لەسەر وەزارەتەکانی نەوتو دارایی بێت، وتیشی: «رێککەوتووین کە وەزارەتە ئەمنییەکان کەسانێکی سەربەخۆ بیگرنە دەست، چونکە پرسی ئەمنی پرسێکی نیشتمانییەو نابێت کەسی حیزبیی بیگرێتە دەستو بەم شێوەیەش تەنیا وەزارەتی نەوتو دەرەوە، کە هەردووکیان وەزارەتی سیادیین، جێگەی کێبڕکێی لایەنەکان دەبێت».

هەندێکی تریش پێیانوایە؛ لیستە بچووکەکان پۆستی وەزاریی بچووکیان بەردەکەوێت، تەنیا لە بارێکدا نەبێت، کە هاوکێشەی پێکهێنانی حکومەت یەکلایی بکەنەوە، کە چانسی وەرگرتنی پۆستی باڵایان دەبێت.

د.رەشید عەزاوی، سەرکردەی حیزبی ئیسلامیی عێراقی، کە پێکهێنەری سەرەکیی بەرەی تەوافوقەو خاوەنی (٦) کورسییە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەشێوەیەکی گشتیی لیستە بچووکەکان ئەگەری وەرگرتنی پۆستی زۆرو باڵایان کەمترە بە بەراورد لەگەڵ لیستە گەورەکان»، بەڵام ئاماژەی بەوەدا؛ کە بارودۆخی سیاسیی عێراق ئەوە دەستنیشان دەکات کە لیستەکان کام پۆست وەردەگرنو ئەگەر هەیە لیستێکی بچووک کە پرسی پێکهێنانی حکومەت یەکلایی بکاتەوەو لە بەرامبەردا پۆستی باڵا وەربگرێت».




وانە سوودمەند بە لە :
وەنی هێڵێکی ئینتەرنێتی بێبەرامبەر لە شوێنە گشتییەکاندا
وە0535111000 یان بە ناردنی نامەیەك بۆ info@gorannet . net )


www.gorannet.net
بە کرینی هێڵێکی ئینتەرنێتی گۆران نێت تەنها بە 15000دینار
دەبیتە خاوەنی خێراییەکی بێ رکابەر... 512 کیلۆبیت !!
دابەزاندنی کرێی مانگانە بۆ تەنها 40000 دینار
ببە بە خاوەنی هێلێک و بەم ز
Gnet Hotspot بەشداربووانی کۆن و نوێی گۆران نێت دەبنە خا
بۆ زانیاری زیاتر پەیوندیی بکەن بە : (لە نۆرماڵەوە 5111000 لە مۆبایلە

# حکومەت، (٤٠)ملیۆن دینارەکەی کرێکارانی سلێمانی نادات



کرێکاران داوای مافەکانیان دەکەن

فۆتۆ: AFP

راپۆرتی: رۆژنامە

(٤٠)ملیۆن دیناری کرێکارانی سلێمانی کە لە یەکی ئایاری ئەمساڵەوە، بڕیاری لێدرابوو تا وەک رێزلێنان پێیان بدرێت، تا ئێستا نەدراوە، ئەمە لەکاتێکدا هەردوای بڕیارەکە، کرێکارانی هەولێرو دهۆک، بڕی (٦٠)ملیۆن دیناریان وەک رێزلێنان پێدراوە.

لەرۆژی یەکی ئایاری ئەمساڵداو لەیادی کرێکارانی کوردستاندا، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، بڕیاری دا بە پێدانی (١٠٠)ملیۆن دینار وەک رێزلێنان بەو کرێکارانەی کە زەمان کراون لە بەڕێوەبەرێتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی بڕیاربوو پارەکەش لەو بڕە مانگانەیە بێت کە کرێکاران خۆیان مانگانە وەک دڵنیایی لەو بەڕێوەبەرێتییە تایبەتە دایدەنێن، هەر دوای بڕیارەکەش کرێکارانی هەولێرو دهۆک، بڕی (٦٠)ملیۆن دیناریان پێدرا، بەڵام تا ئێستا کرێکارانی سلێمانی لەو رێزلێنانە بێبەش بوون.

یاسین عەزیز، سەرۆکی یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «تا ئێستا ئەو بڕەپارەیە نەدراوە بە کرێکارانی سلێمانیو بۆ ئەو مەبەستەش، سەردانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیمان کردووەو چووینەتە بەڕێوەبەرێتیی دارایی سلێمانی، کارەکەش لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا ماوەو پارەکە خەرج نەکراوە».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، بڕیاری خەرجکردنی ئەو بڕەپارەیە کەموکووڕیی ئیداریی تێدابووەو پێویستە بڕیاری نوێی لەئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ دەربچێت. یاسین عەزیز، ئاماژەی بەوەشکرد: تەنیا خەرجکردنەکەی سلێمانی کێشەی تیابووەو «هۆکارەکەش لەبەرئەوە بووە کە وەزارەتی دارایی دوو وەزارەت بووەو تێکەڵکراوەتەوە، بۆیە رێنماییو یاساکان بەتەواوەتی یەکنەخراوەتەوە».

سەرۆکی یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان، بە «عەیبە»ی زانی کە تا ئێستا ئەو بڕەپارەیە خەرج نەکراوە، «چونکە وا خەریکە جەژنێکی نوێی کرێکاران دێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو پارەیە، پارەی حکومەت نییەو پارەی کرێکاران خۆیانەو رێزلێنانە بۆ ژمارەیەک کرێکاری کەمدەرامەتو نموونەیی کە بەڕێوەبەرێتیی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی پارێزگاکان بە هاوکاریی سەندیکاکانی کرێکاران دەستنیشانی ئەو کرێکارانە دەکەنو پێویستە کرێکارەکە زەمانکراوبێت»، سەبارەت بەو بڕەش کە بە هەر کرێکارێک دەدرێت، وتی: «پێشنیازمان کردووە کە لە (١٠٠)هەزار کەمتر نەبێت».

سەبارەت بە دواکەوتنی پێدانی ئەو رێزلێنانە بە کرێکارانی کوردستان، نەزمی موسا، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری کرێکاران لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئاماژەی بەوە کرد: بڕیاری پێدانەکە، پێویستیی بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیرانە، تا رەزامەندیی لەسەری دەرببڕێت، «هەرکاتێک ئەو کاروبارانە جێبەجێکران، ئەوا بڕە پارەکەیان بۆ خەرج دەکرێت».

پەرمانتارێکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیش، لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەی پێنەدانی ئەو بڕەپارەیەیە بە کرێکارانی سلێمانیو پێی وایە: ئەوان، شایەنی زۆر لەوە زیاترن.

سەردار رەشید، ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی لە پەرلەمانی کوردستان، لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: ئاگاداری ئەوەم کە تا ئێستا ئەو پارەیە نەدراوە، هەربۆیە هەفتەی پێشوو، سەردانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیم کردو لەسەندیکای کرێکارانیش پرسیارم کردووە، بەڵام تا ئێستا وەڵامێکی روونم لەوبارەیەوە دەستنەکەوتووە، لەکاتێکدا کرێکاران شایەنی زۆر لەوە زیاترن».

لەگەڵ ئەوەی کە چینی کرێکاران لە زۆربەی چینەکانی تری کۆمەڵگە ماندووترنو هاوکات، شۆڕەسواری ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو پێویستیان بە خزمەتی زیاترو دابینکردنی ژینگەی گونجاوی کارکردنو گوزەرانی باشترن بۆ خۆیانو خێزانەکانیان، ئەمەش تەنیا بەبوونی یاسای تایبەت لەو بوارەدا دێتەدی.

پەرلەمانتارەکەی کوردستان، باروگوزەرانی کرێکاران بە باش نابینێت، «چونکە تا ئێستا یاسایەکی کار نییە تا بتوانێت مافەکانی کرێکاران دەستەبەر بکات، بۆئەو مەبەستەش، ئێستا پرۆژە یاسایەک بەدەستەوەیە کە بە هاوکاریی سەندیکای کرێکارانو وەزارەت هاتووەتە بەرهەمو بڕیاریشە یاسای خانەنشینیو دڵنیایی کرێکارانیش بنێردرێتە پەرلەمان، کە رەنگە بەو دوو یاسایە بتوانین بارو گوزەرانی کرێکاران چاکبکەین».

# بەنزینخانەکان، یاریی بە نرخ دەکەن



رۆژنامە

شۆفێران، نیگەرانن لە بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە بەنزینخانە بازرگانییەکانداو بەڕێوەبەری دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی سلێمانیش، رایدەگەیەنێت: «ئەو بەنزینخانانە ئازادن، بە چ نرخێک بەنزین دەفرۆشن».

لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئۆتومبێلو بەرزبوونەوەی ئاستی بەکارهێنانی بەنزیندا، بەتایبەت ئەو جۆرەی لەڕووی کوالێتییەوە باشەو زیاتر لە بەنزینخانە بازرگانییەکاندا دەستدەکەوێت، بەڵام هیچ دامەزراوەیەک نییە لێپێچینەوە لە بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لەو بەنزینخانانەدا بکات، لەکاتێکدا ئەم هەفتەیە، نرخی هەر لیترێک (١٠٠) دیناری چووەتە سەرو بە (٩٥٠)، یان بە (٩٧٥) دینار فرۆشراوە.

ئاسۆ حەمید، (٢٦)ساڵ، شۆفێری ئۆتۆمبێلی هۆندای، ئاماژەی بەوەکرد، ناچارن کە رۆژانە پەنا بۆ بەنزینخانە بازرگانییەکان بەرن، ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان نرخ دادەنێن، بێئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە.

وتیشی: «راستە ئەو بەنزینخانانە بازرگانینو سەر بە حکومەت نین، بەڵام ناکرێت بۆ قازانجی خۆیان، هەر رۆژە بەنرخێک بەنزین بفرۆشنو کەسێک نەبێت لەمافی خەڵک بپرسێتەوە».

ئەو قسانەی ئەو شۆفێرە، لەکاتێکدان کە خاوەنی بەنزینخانەی هەوار لە سلێمانی، گرانبوونی نرخی بەنزین دەبەستێتەوە بە بەرزبوونەوەی لە بۆرسەی جیهانیدا.

عەبدوڵڵا جەلال، دەڵێت: «ئێمە پەیوەستین بەو کۆمپانیایانەی رۆژانە سووتەمەنییان لێدەکڕین، ئەگەر ئەوان لە بۆرسەی جیهانیی بەنرخی بەرزتر سووتەمەنی بکڕن، ئەوا گرانتر بەئێمەی دەفرۆشنو ئێمەش ناچارین، لەسەر خەڵکی زیاد بکەین».

ئەو، لەم هەفتەیەدا بەنزینی سوپەری بە (٩٥٠)دینار فرۆشتووە، نمونەی ئەوە دەهێنێتەوە بۆ هەر لیترێک کە لەکۆمپانیای قەیوانی کڕیوە، (٩٣٥)دیناری پێداوە، بۆیە بە (٩٥٠)دینار بە خەڵکی فرۆشتووەتەوە.

هەرچی بەڕێوەبەری دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی سلێمانیشە، ئاشکرای دەکات کە لەڕووی نرخەوە، دەسەڵاتیان بەسەر بەنزینخانە بازرگانییەکاندا نییەو ئەو نرخە پەیوەستە بە بازاڕی ئازادەوە.

جەمال عەلی ئەحمەد، وتی: «بەنزینخانەی حکومیو موڵکیمان هەیە، موڵکییەکەش دوو بەشە، ئەوەی ئێمە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، ئەوانەن کە خۆمان لەسەرچاوەکانی کەرکووکو بێجی سووتەمەنییان بۆ دابین دەکەینو دەبێت بە (٥٠٠) دینار بیفرۆشن، بەڵام بازرگان، ئێمە سووتەمەنییان نادەینیو نرخیش بازاڕ دیاریی دەکات، بەشێوەیەک ئەگەر بڕکەی زۆربێت، نرخەکەی دادەبەزێتو کەمیش بێت بەرزدەبێتەوە».

بەڕێوەبەری دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی سلێمانی، راشیگەیاند: «بەنزینخانە بازرگانییەکان، خۆیان بەرپرسن لەجۆری ئەو بەنزینەی دەیهێنن، واتە ئەگەر کوالێتییان خراپ بێت، یان کێشە لە عەدادەکانیان هەبێتو بە بەڵگەوە ئەوە بسەلمێت، چاو لەکەس ناپۆشینو غەرامەیان دەکەین».

# مەرزی حاجی ئۆمەران کێشەی لەگەڵ ئێران هەیە

ئەحمەدبالەکی- حاجی ئۆمەران

حکومەتی ئێران پابەندی رێککەوتنەکانی نابێت کە لەبواری ئاڵوگۆڕی بازرگانیو مامەلەکردن لە مەرزی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران، لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا ئیمزای کردووە.

عەبدولواحید گوانی، قایمقامی قەزای چۆمان بەرۆژنامەی راگەیاند: لەگەڵ لایەنی ئێرانی کۆبوونەوەمان کردووە بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو پرۆتۆکۆلانەی کە لەنێوانماندا هەیە، بەڵام تا ئێستا ئەوان ئەو مەرجانەیان جێبەجێ نەکردووە.

لەماوەی چەند سال رابردوودا قایمقامی قەزای چۆمان ژمارەیەک رێککەوتننامەی لەگەڵ قایمقامی پیرانشارو ئوستانی ئازربایىجانی غەربی مۆرکردووە بۆ رێکخستنی سنوورەکانو چارەسەرکردنی کۆسپو تەگەرەکانی بەردەم بزاوتی بازرگانی، بەڵام بە وتەی ئەو قایمقامە «تائێستا نەتوانراوە ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن».


لەچەند رۆژی رابردوودا ئەو خاڵانەی جێبەجێنەکراون بۆ شاندێکی بازرگانی ئێرانی بەسەرۆکایەتی (بەرقەعی مەنصوری) جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران، خراونەتە روو، وەک قایمقامی چۆمان دەڵێت: «بەراشکاویی پێمان راگەیاندوون کە کۆمەڵێک کێشە هەن لەلایەن ئێرانەوە دروستدەکرێت، کە بووەتە هۆی ئەوەی کە بزاوتی بازرگانی وەستان بەخۆیەوە ببینێت».

یەکێک لەو خاڵانەی تائێستا حکومەتی ئێران پێوەی پابەند نەبووە، وەرگرتنی پارەیە لەو گەشتیارانەی کە دێنە هەرێم یان لەهەرێمەوە دەچنە ئێران، لەکاتێکدا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لە هیچ لایەکەوە پارە وەرناگیرێت.

هەروەک حکومەتی ئێران نرخی فیزای لە (٤٥) دۆلارەوە بەرزکردووەتەوە بۆ (٩٢)دۆلار، لەکاتی بە رەسمی کردنەوەی مەرزەکەش هەردوولا رێککەوتوون لەسەر پەیرەوکردنی ستانداردە جیهانییەکان، بەڵام تائێستا حکومەتی ئێران هەر سیستمە کۆنەکە پەیرەو دەکات.

قایمقامی چۆمان ئاماژەی بەوەشکرد : ئێستا ئەفسەرێکی ئێرانی راستەوخۆ دەتوانێت سنوور دابخات، هەرچەندە ئێمە داوامانکردووە کە دەروازەکە بەبەردەوامی کراوەبێت، بەڵام ئێستا بۆنەیەکی ئاسایی هەبێت بە ئارەزووی خۆیان سنوور دادەخەن، بەمەش زیان بە کەرتی بازرگانی هەردوولامان دەکەوێت، تووشی سستیی دەبێت.

# بەرنامەی حکومەت بۆ مۆڵەتدان بە سۆپەرمارکێتو کۆمپانیاکان



هاشم غەمگین

دروستکردنو کردنەوەی بیناو پرۆسەی تەلارسازییو هۆتێلو سۆپەرماركێتی جۆراوجۆر لە هەرێمی کوردستان، رێژەیان لە زیادبووندایەو ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەو سۆپەرمارکێتانە تەنیا لە شارەکاندا جێگیردەبنو دروستدەکرێنو دەکرێنەوەو خزمەتگوزارییو کەلوپەلو خواردەمەنیو کاڵاو شمەکەکانیان لە شارەکاندا عەرزو پێشکەشی هاوڵاتییان دەکەنو دەفرۆشرێن، قەزاو ناحییەکان لەبوونو خزمەتگوزارییەکانی ئەو مارکێتو کۆمپانیایانە بێبەشنو تەنیا لە ریکلامی شاشەی تیڤییەکانەوە کەرەستەو کاڵاکان دەبینن، بۆیە دەبینرێت کە زۆربەی هاوڵاتییان بۆ تەماشاکردنو بۆ کڕینی کەلوپەلو پێداویستییەکانی بیناسازیی، کارەبایی، پێداوستییەکانی نێو ماڵ ..هتد، لە قەزاو ناحییەکانەوە روو دەکەنە شارەکان، ئەمەش بووەتە هۆی لاوازکردنی بازاڕەکانی ئەو ناوچانەو دووربوون لە گەشەکردنو هێشتنەوەی بە چەقبەستوویيو دواکەوتوویی، لەگەڵ ئەوەشدا بەرنامەی حکومەت لە بەرامبەر چۆنێتیی کارو مۆڵەتدانو دابینکردنی زەوی بۆ ئەو سۆپەرمارکێتو کۆمپانیا بیانییانە، لاوازەو سوودو کەڵک بەگشتیی ناگەیەنێت کە پێویستە حکومەت مەرجو بەرنامەو چۆنێتیی مۆڵەتدان بەو کۆمپانیاو سۆپەرمارکێتانە بگۆڕێت، چونکە مۆڵەتدان بەو چەشنە، وادەکات کە بازاڕی شارەکان زیندووبنو بازاڕی شارۆچکەو ناحییەکان مردوو.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، هەر مارکێتێکی جلوبەرگ، پێداویستیی نێوماڵ، کارەبایی، بیناسازیی، جوانکاریی، خواردەمەنیو پاکوخاوێنی...هتد، لە سەرجەم شارو شارۆچکەو تەنانەت هەندێک لە مارکێتەکان لە گوندەکانیش بەشو بنکەیان هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەو وڵاتانە مەرجی پێدانی مۆڵەتو کارکردن بەو کۆمپانیاو سۆپەرمارکێتانە ئەوەیە، دەبێت تۆڕی بنکەو مارکێتەکانیان فراوان بێتو سەرجەم ناوچەکان بگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکێک لەو مارکێتانە، چەندان گەنج لە کوڕو کچ تیایدا کاردەکەنو بەگشتی سوودی پەیڕەوکردنی ئەم بەرنامەیە، ئەوەیە:

یەکەم: دەبێتە هۆی چالاکبوونو جوانبوونو بووژاندنەوەی سەنتەری بازاڕی قەزاو شارۆچکەو ناحیەکان، مەرجیش نییە بەرزییو قەبارەی بیناکان هاوشێوەی شارەکان بن.

دووەم: قوتاربوونی هاوڵاتییان لە مەسرەفو ئەزیەتو بوونی ئاسانکارییو بەرجەستەبوونی پێداویستییەکان.

سێیەم: کۆنترۆڵکردنو جێگیربوونی نرخو نەهێشتنەوەی بوار بۆ گرانبوونی نرخی کاڵاو شمەکەکان.

چوارەم: دەبینین کە ساڵانە زۆر لە گەنجان لە زانکۆو پەیمانگاکاندا پرۆسەی خوێندن تەواو دەکەنو دەردەچن، بەڵام هیچ شوێنێک نییە لێی دابمەزرێنو بەبێ ئیشوکار دەمێننەوەو لە سەر شۆستەو شەقامەکان دەسووڕێنەوە، بۆیە حکومەت دەتوانێت لە رێی جێبەجێکردنو پیادەکردنی ئەم پلانەو تەرخانکردنی زەوی بۆ ئەو سۆپەرمارکێتو کۆمپانیایانەی هەنووکە لەشارەکاندان، بۆ دروستکردنی بینا بۆ گواستنەوەو جێگیربوونو فرۆشتنی کاڵاکانیان لە قەزاو ناحیەکان، بەم شێوەیەش دەتوانرێت دەرفەتی کار بۆ ئەو دەرچووانەی زانکۆو پەیمانگاکان برەخسێتو رێژەی بێکاریی لەناوچەکە کەمببێتەوە.

وەزارەتی پەروەردە سست دەبێت 16

# شەش ساڵە (٢٠٠٤) شوقە لە کەسنەزان، بە تەواونەکراویی ماونەتەوە

هەنگاو هاشم- هەولێر

لەگەڵ ئەوەی یەکێک لە گرفتەکانی بەردەم هاوڵاتییان، کێشەی نیشتەجێبوونە، بەڵام پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون کەمتەرخەمییان تێدا دەکرێتو لەماوەی خۆیاندا تەواوناکرێنو لەو چوارچێوەیەشدا، ماوەی نزیکەی شەش ساڵە، (٢٠٠٤) یەکەی نیشتەجێبوون لەشاری هەولێر لەسەر ڕێگای کەسنەزان، تەواو نەکراون.

هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم، بۆ ڕۆژنامە، وتی: کۆمپانیایەکی تورکی، تەواوکردنی ئەم یەکەنیشتەجێبوونانەی گرتبووە ئەستۆ بەشێوەی بەڵێندەرایەتی، بەڵام دواتر ئەم کۆمپانیایە، پڕۆژەکەی تەواو نەکردووەو جێی هێشتووە.

وتیشی: «کاری تەواوکردنی ئەم یەکەنیشتەجێبوونانە فراوانکراو دەیدەین بە کەرتی تایبەت بەشێوەی وەبەرهێنان تەواوی دەکاتو ئەم پارەیەی کە حکومەت تێیدا خەرجی کردووە، دەدرێتەوە بە حکومەتو وەبەرهێنەر پڕۆژەی تەواوکردنی شوقەکان لەئەستۆ دەگرێتو دەیفرۆشێتەوە، لەئێستاشدا خەریکی گفتوگۆکردنین لەسەر ئەم بابەتە».

ئەوەشی خستەڕوو: لەسەرەتاوەو چەند ساڵێک لەمەوبەر، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، گرێبەستی ئەم پڕۆژەیەی لەگەڵ کۆمپانیاکە کردبوو، هۆکاری تەواونەکردنی پڕۆژەکەش نازانین.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، ئاماژەی بەوەشدا: ژمارەی شوقەکانی ئەم پڕۆژەیە، (٢٠٠٤) شوقەیە کە تا ئێستا بەشێکی زۆریان تەواو نەکراون، لە ئێستاشدا خەریکی ئەوەین کە جەردی پڕۆژەکە بکەین، بۆ ئەوەی بزانین، حکومەت چەندی تێدا خەرجکردووە، بۆئەوەی ئەم پارەیە بکرێت بەماڵ بەسەر وەبەرهێنەرەکەوە، ئەم وەبەرهێنەرە پارەکەی حکومەت دەداتەوە، دواتر شوقەکان دەفرۆشێتەوە.

لە ئێستادا دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، نازانێت کەی پڕۆژەکە تەواو دەبێتو پێشیان وایە: پڕۆژەیەک لەسەرەتاوە دەستی پێبکرێت، ئاسانترە لەوەی کە چەند ساڵێک بەجێهێڵرابێت.

ئەندازیار ماجید عەبدولڕەحمان، بەڕێوبەری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی هەولێر، ڕوونیکردەوە: پڕۆژەی دروستکردنی شوقەکانی ڕێگای کەسنەزان، لەسەرەتادا کۆمپانیایەکی تورکی، ئەرکی دروستکردنی گرتە ئەستۆو ئەم کۆمپانیایە هەرەسی هێنا، بەم هۆیەوە چەند ساڵێک پڕۆژەی دروستکردنی ئەم شوقانە ڕاگیرا.

وتیشی: «لەسەرەتادا، دروستکردنی ئەم شوقانە لە ئەستۆی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، دواتر بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەم پڕۆژەیە گوازرایەوە بۆ سەر دەستەی وەبەرهێنان بۆ تەواوکردن».

ناوبراو باسی لەوەشکرد: لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە گرێبەستی دروستکردنی ئەم شوقانە ئەنجامدراوەو دەستکراوە بەدروستکردنیان، لەئێستاشداسەرجەم ئەولەویاتەکانی ئەم پڕۆژەیەمان داوە بە دەستەی وەبەرهێنان.




شوقەکانی کەسنەزان

فۆتۆ: هەنگاو

---

راڤەی بودجە

## کارەساتێکی گەورە لە هەرێمێکی بچووک



عەلی حەمەساڵح

مەبەستم ئەوە نییە بەهۆی تەقینەوەیەکەوە سەدان کەس لەم مەملەکەتەی ئێمەدا گیانی لەدەست داوە، چونکە بەتەنیا مردنی هاوڵاتییان کارەسات نییە، ئایا دەکرێت لە هەرێمێکی سێ شارییدا (٨٧٦) ملیۆن دۆلار درابێتە حیزبو نەزانرێت لەچی شوێنێکەوە ئەو پارەیە خەرجکراوە؟! کارەساتەکە لەوێدا گەورەتر دەبێت کە سەرۆکی حکومەتیش نەزانێت یان بزانێت، بەڵام چاوپۆشیی لێ بکات، ئەم (٨٧٦) ملیۆن دۆلارە لە کوێی بودجەدا خەرجکراوە، یان دروستتر وایە بڵێین سەرۆکی حکومەت بڵێت پارە نەدراوەتە حیزب؟

ساڵی رابردوو، هەریەک لە پارتیو یەکێتی مانگانە (٣٥) ملیۆن دۆلاریان وەردەگرت، واتە بە هەردوولا (٧٠) ملیۆن دۆلار، بە بودجەی سەرجەم حیزبەکانی دیکەشەوە دەگەیشتە نزیکەی (٧٣) ملیۆن دۆلار، کە ساڵانە دەکاتە (٨٧٦) ملیۆن دۆلار.

ئەم ژمارانەی سەرەوە رەنگە هیچ کەسێک دووچاری سەر سورمان نەکات، چونکە ئەمە زانیارییەکی نوێ نییەو تەنانەت بەرپرسانی حیزبیش خۆیان باسیان لێوە کردووە، کەواتە ئەوەی نوێیەو کارەساتە، چییە؟

سەرجەمی ئەو پارانەی کە ساڵی رابردوو حکومەت خەرجی کردووە، یان دروستتر وایە بڵێین خۆی دەڵێت خەرجمکردووەو ئێمە لێی دڵنیانین، چەندین جارو بەشێوەیەکی زۆر ورد خوێندوومەتەوە خوێندنەوەیەکیش کە بۆ لێکۆڵینەوە بێت، تەنانەت یەک دیناریش نەنووسراوە ئەمە بۆ حیزب خەرجکراوە، بەپێی چی؟

بەپێی نووسراوی ژمارە ٨٢٢٩/٤/٥لە ٢٠١٠/٥/٢٦دا، کە واژووی وەزیری دارایی لەسەرەو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم نێردراوە، بەوردیی ئەو پارانە خراوەتەروو کە ساڵی رابردوو خەرجکراوە، کە بری پارەی خەرجکراو (٩) ترلیۆنو (٩٥٢) ملیار دیناروٚ (١٢٢) ملیۆن دینارە، زۆر بە وردیی خەرجکردنی سەرجەمی ئەم پارانە خراوەتەڕوو، زیاتر لە (٣٠٠) خانە هەیە کە پارەی تێدا خەرجکراوە، بە کۆکردنەوەی سەرجەمی ئەم (٣٠٠) خانەیە ئەو (٩) ترلیۆن دینارە خەرجکراوە، بەڵام تەنیا لە یەک خانەشدا ئاماژە بەوە نەدراوە پارە درابێتە حیزب.

ئەگەر بڵێین؛ ئەو پارەیەی دەدرێتە حیزب لە خانەی بەخشین(منحە)دا جێگای کراوەتەوە، راست نییە، بۆ؟

چونکە ساڵی رابردوو ئەو پارەی بۆ بەخشین تەرخانکرا (٤٣٤) ملیار دیناربوو، کە دەکاتە (٣٦٧) ملیۆن دۆلار، بەڵام (٨٧٦) ملیۆن دۆلار (٨٧ هەزارو ٦٠٠ دەفتەر دۆلار) دراوەتە حیزبەکان، واتە (٥٠٩) ملیۆن دۆلاری زیاترە لەو پارەیەی دراوەتە بەخشین، ئەمە جگە لەوەی کە زانیاریی ورد هەیە لەسەر ئەوەی کە پارەی بەخشین بۆ شتی دیکە خەرجکراوەو پەیوەندیی نییە بەو پارەیەوە کە دراوەتە حیزب. ئەی کەواتە ئەم (٨٧٦) ملیۆن دۆلارە لە کوێوە دراوەتە حیزبەکان؟

بەدڵنیایەوە ئەو پارەیەی دراوەتە یەکێتیو پارتیو حیزبەکانی دیکەش، لە بودجەی گشتیی بووە، بەڵام بۆ لە خەرجییەکاندا ئاماژەی پێنەکراوە، ئەمە جێگای لەسەر وەستانەو پێش هەموو کەس کاری ئۆپۆزسیۆنە بەدواداچوونی بۆ بکات، ئایا لە هیچ شوێنێکی دونیادا دەکرێت حکومەتێک (٩٧٦) ملیۆن دۆلار ببەخشێتە حیزب، بەڵام دیار نەبێت لە کوێ ئەم پارەیەی داوە؟! ئەگەر دادگا لەم مەملەکەتەی ئێمەدا بوونی هەبێت، من ئامادەم سەرجەم ئەو بەڵگەنامانە بخەمە بەردەستی کە راستیی ئەم نووسینەی سەرەوە دەسەلمێنێت، ئەگەر دادگاش لە پرسێکی وا نەیەتە دەنگ، هەقی خۆمان نییە بڵێین ئەو (٣٥) ملیار دینارەی کە بودجەی بەکاربردنی دەسەڵاتی دادوەرییە بۆ ئەمساڵ، دەچێتە خانەی بەهەدەردانی پارەوە.

(٨٧٦) ملیار دۆلار کە هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی دراوەتە حیزبەکان و نازانین لە کوێوە پێیان دراوە، ئایا ئەمە پارەیەکی زۆرە؟ چی دەکرێت بەم پارەیە؟ بەم پارەیە (٣٠) هەزارو (٦٠٠) خانوو دروست دەکرێت، بەوپێیەی کە حکومەتی هەرێم بۆ دروستکردنی (٦٠٠) خانووی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان (٢١) ملیار دیناری تەرخانکردووە، بەم (٨٧٦) ملیۆن دۆلارە (٧٩) نەخۆشخانەی (٢٠٠) قەرەوێڵەیی دروست دەکرێت، بەوپێیەی کە حکومەت بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەی (٢٠٠) قەرەوێڵەیی (١٣,٥) ملیار دیناری تەرخانکردووە، ئایا دەکرێت نەزانرێت پارەی دروستکردنی (٧٩) نەخۆشخانەی (٢٠٠) قەرەوێڵەیی لە کوێوە خەرجکراوە؟

---

# میوەی پشدەر، (٢٠٪) کەمیکردووە

هۆشەنگ سەروچاوەیی

بەرهەمی ئەمساڵی جوتیاران، بەتایبەتی گوێزو هەنار لەچاو ساڵانی رابردوودا، بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووەو بەڕێوەبەری کشتوکاڵیش، هۆکارەکەی بۆ کەمتەرخەمیی جوتیاران دەگەڕێنێتەوە.

حاجی قادر کەریم، جوتیارێکی دۆڵی بالیسانەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەرچەندە ئەمساڵ بارانێکی زۆر باریو کاریگەرییەکانی وشکەساڵیی لەناوچەکەماندا نەهێشت، بەڵام بەرهەمی میوەمان لەچاو چەند ساڵی رابردوودا، زۆر کەمیکردووە، بەتایبەتی هەنارو گوێز کە زۆربەی کرم لێیداوەو بەهۆی پووچییەکەیەوە لەشوێنی خۆی هەڵدەوەرێتو بەکەڵکی خواردن نایەتو هۆکارەکەشی دیار نییەو چەندجارێکیش لەوەرزی بەهاردا دەرمانی لەناوبردنی مێروومان بەکارهێناوە.

لەبەرامبەردا، محەمەد حاجی، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی رانیە، بە ڕۆژنامەی وت: ئەمساڵ لەکاتی گوڵکردنی هەریەک لە دارەکانی گوێزو هەناری ناوچەکەدا، بارانێکی زۆرباریو گوڵەکانیانی هەڵوەراند، هەروەک ئەمساڵ پلەی گەرمی زۆر بەرزبووە، بەمەش بەشێک لە میوەکانیانی سووتاندو کاری کردە سەریان.

ئەوەشی ئاشکراکرد: بەرهەمی ئەو دوو جۆرە میوەیەی جوتیارانی بیتوێنو پشدەر، بە ڕێژەی (٢٠٪) کەمیکردووە، چونکە هەردوو جۆری دارەکە، زۆرئارەزووی کەشوهەوای سارد دەکەنو لە وەرزی گەرمای زۆردا بەرگە ناگرن.



باخێکی هەنار لە دۆڵی بالیسان

فۆتۆ: هۆشەنگ

---

# حکومەت، بودجەی خەمڵێنراوی (٢٠١١)ی نەناردووەتە پەرلەمان

پشتیوان سەعدوڵڵا

ئەگەرچی هەفتەی رابردوو سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی ڕاگەیاند، داوایان لە حکومەت کردووە بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی ٢٠١١ بنێرنە پەرلەمان، بەڵام تائێستا نەگەیشتووەتە پەرلەمانو فراکسیۆنی گۆڕانیش داوا دەکات حکومەت لەو بارەیەوە ئاگاداربکرێتەوە.

بەپێی مادەی (٧٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەبێت لە سەرەتای تشرینی یەکەمدا، بودجەی ساڵ بگاتە پەرلەمان.

ڕۆژی (١٠/٩) لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە تەلاری پەرلەمان، د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وتی: «داوای بودجەی تەخمینیمان لە حکومەتی هەرێم کردووە، تا ئەو کاتەی بودجەی حەقیقی ئامادە دەبێت».

هاوکات، بایز تاڵەبانی، وەزیری داراییو ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکیدا کە لە ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتی هەرێم بڵاوکراوەتەوە، ڕایگەیاندووە: بۆ ئەوەی بتوانین لە کاتی خۆیدا بودجە ڕەوانەی پەرلەمان بکەینو زووتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ماوەی مانگێکە داوامان لە سەرجەم فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم کردووە، بەپەلە بودجەی ساڵی(٢٠١١)مان بۆ بنێرن، بەڵام تا ئێستا یەک دوو وەزارەت بودجەی ساڵی داهاتوویان ناردووە.

ئەوە لە کاتێکدایە بە وتەی بایز تاڵەبانی: «پێویستە هەر وەزارەتێک، بەجیا لە دوای مانگی حوزەیرانەوە بودجەی خەمڵێنراوی وەزارەتەکەی ئامادەبکاتو بینێرێت بۆ وەزارەتی داراییو دواتر وەزارەتی دارایی بودجەی خەمڵاندنی ساڵی داهاتوو دەنێرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران».

لە یاداشتێکیدا کە ڕۆژی (١٠/١٧) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی کرد، فراکسیۆنی گۆڕان داوادەکات، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە دواکەوتنی ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان ئاگاداربکرێتەوەو حکومەتیش هۆکاری دواکەوتنەکەی ڕوونبکاتەوە.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا حکومەت بودجەی بۆ پەرلەمان نەناردووەو هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر نەداوە، لەکاتێکدا ئەگەر یەک ڕۆژ ناردنی بودجە دوابکەوێت، پێویستە حکومەت ڕوونکردنەوە بداتو هۆکاری دواکەوتنەکەی ئاشکرابکات.

بەپێی خەمڵاندنی وەزارەتی دارایی عێراق، بودجەی ساڵی (٢٠١١)ی عێراق زیاتر (١٠٢) ترلیۆن دینار دەبێت، لەو چوارچێوەیەشدا بودجەی هەرێمی کوردستان (١٢) ترلیۆنو (٤٨٤) ملیار دینار دەبێت.

## بنکەی مەشقی بەرگریی‌و فریاکەوتن لە باینجان وەک نموونە

# بڵێی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم ئاگاداربێت؟

**بەدواداچوونی: رۆژنامە**

بەشێک لەو پێشمەرگانەی کە پێشتر بە هۆی گۆڕانبوونیان سزا دران، ئێستا مانگانە بێ ئـەوەی پرسیان پێبکرێت‌و رەزامەندییان لەسەر بێت، ئابوونەی حیزبییان لێدەبڕدرێت.

لە بنکەی مەشقی بەرگریی‌و فریاکەوتنی باینجان (شارۆچکەیەکە نزیکەی ٢٥ کم لە سلێمانییەوە دورە) ژمارەیەک ئەفسەرو دەرەجەداری سزادراو لەسەر گۆڕان، دەوام دەکەن، مانگانە لەسەر فۆڕمی مووچەکانیان، بەبێ پرس و رەزامەندیی خۆیان، ئابوونەی حیزبییان لێ دەبڕدرێت.

بۆ هەر ئەفسەرێک (٦) هەزار دینارو پلەکانی خوارتر یەکی (٣) هەزار دینار لە موچەکانیان دەبڕدرێت بەناوی ئابوونەوە بۆ حیزب.

بزووتنەوەی گۆڕان لە سەرەتای کاری خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، ژمـارەیـەک پـرۆژەیـاسـای پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد. هەندێکیان بۆ جارێک خوێندرانەوەو دوایی فەرامۆش کران. هەندێکی تریان هەر بە یەکجاریی فەرامۆش کراون.

یەکێک لەو پرۆژانە، کە پەسەندکردنی «بێ سنوور» قازانج بە هەرێمی کوردستان‌و دانیشتووانەکەی‌و هێنانەدی سیستمی دیموکراسی دەگەیەنێت، پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی کاری حیزبایەتییە لەناو هێزە چەکدارەکانی هەرێمدا (پێشمەرگە، پۆلیس، ئاسایش، پاسەوانی سنوور و پۆلیسی دارستان).

دەسەڵاتدارانی هەرێم بە زارەکی لافی سەربەخۆبوون‌و نیشتمانیبوونی هێزە چەکدارەکان لێ دەدەن، بەڵام تائێستاش تێکرای هێزە چەکدارەکانی هەرێم لە نێوان پارتی‌و یەکێتی-دا دابەشکراون. بۆیە وەک شارەزایان دەڵێن «ئەم هێزانە تواناو ئـارەزووی نیشتمانیبوونیان لێ سەنراوەتەوە، ئەگەر وەلائی ١٠٠٪ یان بۆ ئەم دوو حیزبە نەبێت، تووشی عەزێت و لێپرسینەوە دێن».

لێسەندنی ئابوونە لـەو ئەفسەرو پێشمەرگانە دوای ئـەوە دێـت کە لە سەروەختی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی کوردستان‌و مانگەکانی دواتردا هەردوو حیزب، بە تایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە سنووری خۆی، کەوتە وێزەی ئەو سەربازو پۆلیس‌و دەرەجەدارانەی لەناو هێزە چەکدارەکاندا گومانی (گۆڕان) بوونی لێ دەکردن.

سـەرەڕای ئـەوەی سـەرۆکـی حکومەتی هـەرێـم بە بـڕیـاری ژمـارە ٢٩٧٧ی ٢٠١٠/٤/١٩ بڕیاریدا سەرجەم سزادراوەکان بگەڕێنرێنەوە شوێنەکانی خۆیان، بەڵام هێشتا دۆسێی سزادراوەکان بەتەواویی یەکلایی نەبووەتەوە. ئەوانەشی گەڕاونەتەوە شوێن، یان وەزارەتەکانی پێشوویان، بەجۆرێکی تر سزا دەدرێن.

لێرەدا تەنیا یەک نموونە دەخەینە بەردەستی وەزیری ناوخۆی هەرێم، بزانین ئاخۆ ئاگای لەم هەواڵە هەیە.

بڕینی ئابوونەی حیزبیی لە مووچە، لە چەند لاوە بە خەتا لە قەڵەم دەدرێت، لـەوانـەش «نیشانەی حیزباندنی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە»، هەروەک، دژی هەردوو بڕگەی مادەی (٢٠)ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤە.

لـە بڕگەی (١)دا ئـازادیـی داوە بە هەرکەسێک خۆی حیزب‌و کۆمەڵە بۆ خۆی دیاریی بکات. بڕگەی (٢)ش قەدەغەی کردووە هەرکەسێک ناچار بکرێت بەزۆر ببێت بە ئەندامی حیزبێک، یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراو.

هـەروەهـا، جۆرێکە لە ئەشکەنجەی دەروونیی. ئەو ناوانە هەموویان لەلایەن یەکێتییەوە بە شـێـوازی جـۆراوجـۆر سزادرابوون لەسەر ئەوەی گومانیان لێ کردبوون گۆڕان بن، یان دەنگیان بە گۆڕان دابێت، کەچی ئێستا بەبێ ئەوەی پرسیان پێ بکەن، پارووی دەمی منداڵیان دەبەن بۆ حیزب.

پرسیارەکە ئەوەیە، جەنابی وەزیر دەزانێت پارەی ئابوونە بۆ کوێ دەچێت؟ چۆن سەرف دەکرێت‌و کێ کەڵکی لێ وەر دەگرێت؟

ئەم رەفتارەی لێرەدا کراوە چاوەڕێی کاردانەوەی وەزیری ناوخۆو حکومەتی هەرێمی لێ دەکرێت، بۆ قەدەغەکردنی کۆکردنەوەی ئابوونە لەسەر فۆڕمی مووچە لە تـەواوی وەزارەت و دامودەزگاکانی هەرێمدا.

ئەم لیستەی ئەوبەر ناوو پلەی ژمارەیەک لەو ئەفسەرو دەرەجەدارانەن:

| ریز | پلە | ناوی سیانی بە پیت |
|---|---|---|
| 1 | عقید | ل. ب. ر |
| 2 | عقید | م. ع. ک- ح |
| 3 | مقدم | د. س. خ |
| 4 | نقیب | ا. ف. ع |
| 5 | م1 | ح. م. ر |
| 6 | م1 | ئا. ع |
| 7 | م1 | ر. س. ر |
| 8 | م1 | ا. ر. ر |
| 9 | م1 | د. ش. ف |
| 10 | ش.م | ک. س |
| 11 | ش.م | ا. س. ر |
| 12 | ش.م | ش. م. ا |
| 13 | ش.م | ئا. ع |
| 14 | ش.م | ت. ع. ر |
| 15 | ش.م | ب. م. ر |
| 16 | ش.م | ک. ع. ع |
| 17 | ش.م | ئا. ر |

## وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەریی: فەرمانی دەستگیرکردنی قاسم ئاغا دەرچووە

# وەزارەتی ناوخۆ: دەستگیرکردنی پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە

**بەدواداچوونی: رۆژنامە**

سێ رۆژ لەمەوبەر ئاشکرابوو کە قاسم ئاغا لە کوردستانە، بەڵام تائێستا نە دادگاو نە هێزە ئەمنییەکانی کوردستان هیچ رێوشوێنێکیان بۆ دەستگیرکردنی نەگرتووەتەبەر.

دوای ئەوەی لە بڵاوبوونەوەی لێدوانێکی تەلەفۆنی خۆیدا، ئاشکرابوو کە قاسم ئاغای تۆمەتبار بە کوشتنی سەدان هاوڵاتی لە کوردستانە، مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی‌و پارێزگاری هەولێرو بنەماڵەی شەهیدانی کۆیە هەریەکەو بە جیا راگەیەنراوی خۆی بڵاوکردەوە، وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەریش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئەو تۆمەتبارە دەرچووەو بریکاری وەزارەتی ناوخۆش دەڵێت: «هەر کە فەرمانی دادگـای بۆ دەرچـوو پۆلیس دەچێت دەستگیری دەکـات، ئیتر ئەوە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە».

هەرچەندە لە هەفتەی رابــردوودا لە پرێس کۆنفرانسێکدا، نـەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر رایگەیاند: قاسم ئاغایان لە کوردستان دەرکردووەو پێیان وابووە، کە ئەو کەسێکی مەرغوب نییە تا لە کوردستان نیشتەجێ بێت، بەڵام قاسم ئاغاو خێزانەکەی لە رێگەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە بە ژمارەیەک میدیای ناوخۆییان راگەیاند: تائێستا لە کوردستانن‌و بە هیچ جۆرێک دەرنـەکـراون، هەربۆیە دوێنێ دووبـارە پارێزگاری هەولێر راگەیەنراوێکی تری بڵاوکردەوە، کەتێیدا هاتووە: «ئێمە قاسم، ئاغامان لە هەولێر دەرکردووەو بە کەسێکی قبووڵ نەکراومان دانـاوەو رێگەشمان نەداوە بە رێگەی فڕۆکەخانەی هەولێردا بڕوات»، ئەم روونکردنەوە نوێیەی نەوزاد هادیش زیاتر ئەو راستییە دەسەلمێنێت، کە تۆمەتبار تائێستاش لە کوردستانە.

لەلایەکی ترەوە، مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی لە راگەیەنراوێکدا کە سەبارەت بەوەی کە گوایە کەسێک کە لەناو ریزەکانی یەکێتیدایە لە سەردەمی ئەنفالدا ژمارەیەک لـە پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی شەهیدکردووەو دواتـر هێنراوە بەسەر قاسم ئاغادا، بڵاوکردووەتەوە.


بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان
حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی داد
یاداشتی دەستگیر کردن

لە راگەیەنراوەکەشدا هاتووە: «پێمانوایە قاسم ئاغا، سەرەڕای ئەوەی وەک جاشێکی تاوانبار ناسراوە، وەک هەر تۆمەتبارێکی دیکە مافی ئـەوەی هەیە کە لە بـەردەم دادگادا بەرگریی لەخۆی بکات، مادام وەک خۆیان دەڵێن لە هەولێرە، یان دەبێت بەپێی خۆی بچێتە بەردەمی دادگا، یاخود پۆلیس بیگرێت‌و بیباتە بەردەم دادگا».

سەبارەت بەدەستگیرکردنی قاسم ئـاغـا، جـەلال شـێـخ کـەریـم بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بە رۆژنامەی راگەیاند: دەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارە لە دادگاوە فەرمانی بۆ دەردەچێت‌و پۆلیس دەچێت جێبەجێی دەکات، ئەوە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، ئەمە ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بێت، ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمیش بێت، ئەوا دادگا ئێمە ئاگادار دەکاتەوەو وەزارەتی ناوخۆ پۆلیس دەنێرێت لە هەرکوێیەک بێت دەستگیری دەکات، بەڵام مادەم لە هەرێمی کوردستانە ئەوا دادگا بڕیارەکە دەنێرێت بۆ بنکەی پۆلیس‌و ئەوانیش دەچن دەیگرن».

بەڵام وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەریی جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە قاسم ئاغا بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، عەبدولباست فـەرهـادی، لە لێدوانێکیدا بە سایتی سبەی راگەیاندووە: «قاسم ئاغا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچـووەو ئەگەر لە هەرێمی کوردستان مابێت، پێویستە لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە دەستگیر بکرێت، دواتریش ئەرکی دادگاییکردنەکەی لە ئەستۆی ئێمەیە، بۆیە لە ئێستادا پێویستە کەسوکاری قوربانیانی دەستی قاسم ئاغا، پۆلیس‌و دەزگاکانی ئاسایش ئاگادار بکەنەوە لە بوونی ناوبراو لە هەرێمی کوردستاندا.

لە بەیاننامەیەکیشیاندا بنەماڵەی شەهیدان‌و ئەنفالکراوانی کۆیە، ئاماژەیان بـەوەکـردووە، کە گەورەیی تاوانەکانی تاوانبار (قاسم ئاغا)و مێژووە دوورو درێژەکەی زیاتر لە (٣٠) ساڵ لە خزمەتکردنی رژێمی بەعس، ناکرێت نەزانرێت‌و خۆی لێ لابدرێت، نووسیویشیانە: «دەبوایە دەسەڵات بەرپرسیارێتی خۆی نیشانبدایەو تاوانباری رادەستی دادگا بکردایە، نەک پاساو هێنانەوەی نادروست‌و بەهانەی بێ بنەما بۆ داپۆشینی ئەو غەدرە گەورەیەی کردیان دەرهەق بە کەسوکاری شەهیدان‌و پێشێلکردنی سەروەریی یاسا».

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستی رۆژنـامـەدایـە قاسم ئـاغـا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو (٤٢) داوای یاسایی لەسەر تۆمارکراوەو داواکـان چوونەتە دادگـای تاوانەکانی عێراق و پێویست بوو دادگای تاوانەکانی عێراق بازگەکان ئاگادار بکاتەوە بۆ ئـەوەی ئەگەر ناوبراو لە عێراق مابێت دەستگیر بکرێت، بەڵام تائێستا ئەم رێوشوێنانە نەگیراونەتەبەر.

لەلایەکی ترەوەو هەر پێش ئاشکرابوونی ئەوەی کە قاسم ئاغا لە کوردستان ماوە، پەرلەمانتاران‌و رێکخراوە داکۆکیکارەکان لە کەسوکاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان بە گومان بوون لەوەی قاسم ئاغا، چووبێتە دەرەوەی کوردستان‌و ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە بۆ دەرکردنی قاسم ئاغا، وەک چۆن پارێزگاری هەولێر ئاماژەی پێکردبوو.

هەروەک، سیوەیل عوسمان، نوێنەری کۆیە لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەکـرا تاوانبار دەستگیر بکرایەو مـەودای دەرچوونی نەدرابایە، چونکە لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن دادگاوە بۆ دەرچووە، لە ئێستاشدا هیچ بەڵگەیەکمان لە بەردەستدا نییە، کە بیسەلمێنێت قاسم ئاغا لە هەرێم نەماوە».

هاوکات بە بـڕوای داکۆکیکارێکی کەسوکاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان ئاماژە بەوە دەکـات، کە رەنگە ئەو قسانەی کە لەبارەی شوێنی ئێستای ئەو تاوانبارەوە دەکرێت، هەر بۆ شوێن ونکردنی بێت‌و هیچی تر.

عومەر محەمەد، بەرپرسی لقی سلێمانی ناوەندی چاک بۆ رۆژنامە وتی: «جگە لە قسەکانی پارێزگاری هەولێر، هیچ شتێکی وا لەبەردەستدا نییە، کە قاسم ئاغا بۆ دەرەوەی کوردستان رۆیشتبێت، کۆکردنەوەی زانیارییش لەسەر شوێنی ئێستای ئەو تاوانبارە، پێویستی بە رێوشوێنی زۆر ورد هەیە، هەربۆیە پێمانوایە؛ ئەو قسانەی کە لەبارەی شوێنی ئێستایەوە دەکرێت رەنگە هەر بۆ شوێن ونکردنی بێت‌و هیچی تر».

بە بـڕوای عومەر، حکومەتی هەرێم هەڵەیەکی یاسایی کرد کە تۆمەتبارێکی وەک قاسم ئاغای نەدا بە دادگا، چونکە بە سزاگەیاندنی ئەو تاوانبارە بۆ متمانەی حکومەت‌و سـەروەریـی یاسا گرنگ بوو، ئەمە جگە لـەوەی کەمێک لە مافی کەسوکاری قوربانییانی دەگێڕایەوەو بۆ باری سایکۆلۆژییان باش بوو».

## نامەیەک بۆ...؟


ئەحمەد حەمەساڵح

هـەرچـەنـدم کـرد، بۆم ساغ نەبووە کە ئەم نامەیە بۆ کێ بنێرم، کام لە سەرۆکەکانی (حکومیی، یان حیزبیی) پەرلەمان، یان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، یان بەڕێوەبەرێتییەکی هاتوچۆ. هەرچەندە زۆر دڵـنـیـاش نیم، ئەو لایەنانەی سـەرەوە ئەم جۆرە نامانە دەخوێننەوەو بەهەند وەریدەگرن، یان نا، بەڵام خەمێک، ئازارێک لەناخەوە هانیدام کە رەشبین نەبم، ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان چارەسەریشی نەکەن، بزانن‌و ئاگاداربن باشترە.

بـەڕێـزان، هەرکەسێک، سەفەرێکی ناوچە سنوورییەکان بکات، بەتایبەت ئـەو ناوچانەی کە تانکەرە بارهەڵگرە نەوتییەکان لێوەی گوزەردەکەن، قافڵەکانی تانکەرە نەوتهەڵگرەکان دەبینێت. ببوورن‌و تووڕەمەبن لە نامەکەم، لێرەدا مەوەستەو بەردەوام بە لە خوێندنەوە، نارەحەت مەبەو مەڵێ، دیسان باسی نەوتە، دڵنیات دەکەم لـەڕووە سیاسیی‌و داراییەکەیەوە، وەک سامانێکی نەتەوەییمان کە نەوتە، چۆن دەفرۆشرێت‌و بۆ بەم شێوەیەو پارەکەی چی لێدەکرێت‌و دەیـان پرسیاری دیکە کە پرسیاری رۆژانـەی خەڵکە، نادوێم، ئەوەی کە مەبەستە باسبکرێت، کێشەکانی رێگەوبانە کە بەهۆی قافڵەکانی تانکەرە نـەوت هەڵگرەکانەوە روودەدەن، هەر کەسێک سەردانی ناوچەیەکی سنووریی بکات، ئەو راستییەی بۆ روونەبێتەوە کە خەڵکی ناوچەسنوورییەکان‌و ئەوشۆفێرانەی رۆژانـە لـەو سنوورانە کـاردەکـەن، لەم جادانەدا کە بەحساب ناوچەی خێرایە بۆ شۆفێران، بەڵام نەک ناوچەی خێرا نییە، بەڵکو مەترسیداریشە، لەئیستادا، هەفتە نییە لێرەو لەوێ خەم‌و ئازارێک بە رووداوێکی هاتوچۆ کە هۆکارەکەی قافڵەی تانکەرە نەوتهەڵگرەکانە، نەبینرێت‌و نەبیسترێت، ئاگاداربوون‌و زانینی هۆکاری چەندین رووداوی هاتوچۆ کە دیمەنی ترسناک (هەر لە کەمئەندامبوون، یان برینداربوون، یان گیانلەدەستدان، یان زەرەرو زیانێکی مادیی زۆر) نەبێتە خەم‌و ناسۆری ماڵێک. بەنموونە، خەتی سلێمانی پێنچوێن، لەسەید سادقەوە تا پێنچوێن، لەگەڵ ئەوەی جادەکە یەک سایدە، سەیری دیمەنی جادەکە بکە کە بەهۆی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکانەوە چۆن تێکچووە، هەندێک شوێنی شەقامەکە دەڵێی بە کۆمەڵ قیرەکەی دانـراوە، هەر بەرزیی‌و نزمییە، هەندێک شوێنیش بەناچاریی شۆفێرەکان لەقیر لادەدەن‌و دەچنە قەراغی جادەکە، واتە لەسەر خۆڵەکە رێدەکەن‌و شوفێرەکان هەر ئەمبەرو ئەوبەریانەو لەبەر خراپیی رێگاکە، زیانی زۆر بە ئۆتۆمبێلەکان دەگەیەنێت‌و شۆفێرەکان لەبەرخۆیانەوە هەریەکەو بەئسلوبێک نارەزایی دەردەبڕێت‌و ئۆتۆمبێلە نزمەکان، واتە قەمەرە (ئۆتۆمبێل، نییە تا شوێنی مەبەستی سەردانەکەی، دەیانجار ژێری نەدات لە تاسە دروستبووەکان)و خۆزگە بەڕێزیشتان بۆ راستی ئەم وتەیە، بە قەمەرە سەفەرێکتان بکردایە، تا ئەو دیمەنە بەچاوی خۆتان ببینن.

چەند کیلۆمەترێک پێش ئەوەی بگەیتە پێنجوێن، لە ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکەوە، تانکەرە بارهەڵگرەکان وەستاون‌و دڵنیام ئاگادارن، بەخەڵکی رێبوار ئەژمار ناکرێن، ئەمە دیمەنی دەروازەی هەر شارۆچکەیەکی سنوورییە. رێـکـردن لـەم شەقامە یەک سایدە، زۆر مەترسیدارە، کارەساتیش لێرە زۆرتـرە، هەقیشە هەموومان دوعابکەین کە بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمبێلەوە، تانکەرە نەوتەکان نەتەقنەوە، چونکە ئەوکات هەم زەرەرو زیانی زۆر دەبێت، هەم وڵاتانیش پێمان دەزانن کە لە ماڵەکانماندا نەوت نییەو لەرێگەوبانەکانیش نەوت دەسووتێت‌و لە وانەیە بڕواشمان پێنەکەن کە رووداو بێت‌و وابزانن کە بیرەنەوتی نوێمان دۆزیوەتەوە. وەک لەسەرەتاوە بەڵێنم پێدان، تەنیا لە رووی مەترسیی رێگەوبانەوە بدوێین، چونکە نەوت هەردەڕوات‌و رۆژێک وەڵامی (کەی‌و چۆن‌و بۆچی‌و کێ) هەر روونەبێتەوە، بەڵام بۆ ئێستا بەپێویستی دەزانین، بیرێک لە خەڵکی بکەنەوە تا دوور بن لە کارەساتی تانکەرەکان.

سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی: سلێمانی، کێشەی ڕێکخستنی هاتوچۆی هەیە، زیاتر لەوەی کە ئەندەرپاسی بوێت 18

## پەرلەمانتارێک: یەکێتیو پارتی دەیانەوێت ڕێکخراوەکە بۆ بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان بەکاربهێنن

# مامۆستایان هانا بۆ پەرلەمان دەبەن



ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

(٨) لیستی مامۆستایان، داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەن، کێشەکانی ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان چارەسەربکاتو چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕێکخراوەکە بکات، پەرلەمانتارێکیش بە پێویستی دەزانێت، پەرلەمان سەرپەرشتی هەڵبژاردن بکات.

دوای دووجار دواخستن، بڕیارە لە (٢٠١٠/١٢/٢)دا هەڵبژاردنی ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەڕێوەبچێتو لەسەر بنەماو میکانیزمەکانی پرۆسەکە ناکۆکییەکی توند لەنێوان لیستەکانی مامۆستایانی یەکێتیو پارتیو (٨) لیستی دەرەوەی یەکێتیو پارتی دروستبووە. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ئەو (٨) لیستەکە دوو یاداشتیان ئاراستەی (ی.م.ک) کردو یەکێتیی مامۆستایانیش داواکارییەکانیانی ڕەتکردووەتەوە.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لە شاری سلێمانی، (٨) لیستی مامۆستایان کە پێکهاتوون لە (ڕێکخراوی مامۆستایان، مامۆستایانی یەکگرتوو، پیشەیی، کۆمەڵ، دەستەی داکۆکی لە مافی مامۆستایان، سەردەم، زەحمەتکێشان، پارێزگاران)، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەوەیان ئاشکراکرد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو ڕێکخراوەکە، پەنادەبەنە بەر پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد.

یاداشتەکە وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامە نێردراوەو داوادەکەن «دروستکردنی لیژنەیەک لە ئەندامانی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ چاودێریکردنو سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنو بە ئامادەبوونی نوێنەری لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنو لیژنەی باڵای هەڵبژاردن لە سەرجەم لیستەکان پێکبهێنرێت، هەروەها ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٢)ی پەرلەمانی کوردستان، جگەلەوە پەرلەمان داوا لە حکومەتی هەرێم بکات، بودجەی هەڵبژاردن دابین بکات».

ئەوەش خراوەتەڕوو «داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین، چارەسەری کێشەکانی (ی.م.ک) بکەن و ئەم یاداشتەی ئێمە بە هەند وەربگرنو ببنە هۆکاری یەکڕیزیی لەناو مامۆستایانو چاوەڕوانی ڕۆڵی بەڕێزتانین».

م. ئەحمەد کەرکوکی، سکرتێری مامۆستایانی کۆمەڵی ئیسلامیی، ڕایگەیاند: «دوای ئەوەی چەندجارێک یاداشتمان پێشکەش بە یەکێتیی مامۆستایان کردو ئەوان وەڵامیان نەدایەوە، هانا بۆ پەرلەمانی کوردستان دەبەین بۆئەوەی کێشەکانی نێوان ئێمەو یەکێتیو پارتی چارەسەربکات، هیواداراین پەرلەمانی کوردستان بە دەم داواکارییەکانمانەوە بێت، ئێمە دەمانەوێت هەموو لایەنەکان بەشداریی هەڵبژاردن بکەنو مافی کەس نەفەوتێت».

د. جەعفەر عەلی، ئەندامێکی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، هاوڕایە لەگەڵ لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانی مامۆستایان لەوەی کە یەکێتیو پارتی میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی ڕێکخراوەکەیان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا داناوەو «یەکێتیو پارتی دەیانەوێت، ڕێکخراوەکە سێبەری خۆیان بێتو وەڵامدەرەوەی سەرجەم بەرژەوەندییە حیزبیو سیاسییەکانیان بێت، نەک وەڵامدەرەوەی بەرژەوەندییە پیشەییەکانی مامۆستایان بێت، ئەوەش هەڕەشەیە بۆ سەر بنەماکانی دیموکراسی».

سەبارەت بە تەداخولی پەرلەمان، ناوبراو ڕایگەیاند: هەر کاتێک پێویست بکات، دەبێت پەرلەمان بێتە دەنگو هەم سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ڕێکخراوەکە بکاتو جۆرێک لە میکانیزم بۆ پرۆسەکە دابڕێژێت، کە مافی لیستە جیاوازەکان بپارێزرێت، ئەویش بۆ پاراستنی مافی مامۆستایانو بە پیشەییکردنی ڕێکخراوەکە.

لە نێو ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایاندا، یەکێتیو پارتی زۆرینەنو لە کۆی (٤٠) ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزی، نزیکەی (٣٠) ئەندامیان سەر بەو دوو پارتەنو بە بڕوای لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانی مامۆستایان، بنەماو میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی لە بەرژەوەندیی یەکێتیو پارتیدا دانراوەو بەو هۆیەشەوە لە ماوەی ڕابردوودا زۆرترین ڕەخنەیان لێ گرتووە، کە دیاریترینیان (زیاتر لە (١٦٠) ئەندام کۆنگرە بەبێ هەڵبژاردن سەردەکەون بۆ ئەندامێتیی کۆنگرە، کە زۆرینەیان لە لیستێکی دیاریکراوە، کە ئەوەش لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتی ناگونجێت، پێشێلکردنی خاڵێکی تر لە یاسای ژمارە (٤)، کە باس لەوە دەکات؛ پێویستە سەرۆکی یەکێتیو ئەندامانی سکرتارییەتو سەرۆکی لقەکان خۆیان تەرخان بکەن بۆ کاری ( ی.م.ک)، بەڵام هەموویان کاری تریان هەیە لە وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرێتییەکانی سەر بە وەزارەت، هەندێکی تریان زیاتر لە ساڵێکە خانەنشینن، وەک سکرتێری پێشوو و جێگری سکرتێرو ژمارەیەک لە ئەنجومەنی تەنفیزی، کە ئەمەش پێشێلی خاڵێکی تری یاساکەیە، هەروەک لە هیچ شوێنێکی پەیڕەوەکانو یاساکەشدا ساڵی خزمەت دیاریی نەکراوە بۆ کاندیدی هەڵبژاردن بۆ کۆنگرە، بەڵام ( ی.م.ک) بەبێ هیچ بیانوویەک، (٥) ساڵی دیاریکردووەو دواتر کردی بە (٣)ساڵ.

ئەو لیستانە داوادەکەن «هەڵوەشاندنەوەی ئەو بنەماو یاسایانەی بۆ ئامادەکاریی هەڵبژاردن ئامادەکراونو سەر لەنوێ ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردن ئامادە بکرێنەوە بە شێوەیەکی تەوافوق لە چوارچێوەی یاسادا، کە ڕەزامەندیی هەموو لیستەکانی لەسەر بێت».

ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، لە ساڵی (١٩٦٢) دامەزراوەو لە ماوەی (٤٨) ساڵی تەمەنیدا (١١) کۆنگرەی بەستووەو تەنیا (٢) هەڵبژاردنی ئەنجامداوە.

# وەزارەتی پەروەردە، سست دەبێت

لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن

بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشە پەروەردەییەکان، چەند بەڕێوەبەرێکی گشتیی لە وەزارەتی پەروەردە، بانگکرانە پەرلەمانو لەگەڵ لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە پەرلەمان کۆبوونەوە، هاوکات ئەندامێکی لیژنەکە ئەوە دەخاتەڕوو، دوای زیاتر لە مانگێک لە دەستپێکردنەوەی دەوامی خوێندن، تا ئێستا کێشە پەروەردەییەکان چارەسەر نەکراون.

هەفتەی ڕابردوو، لەسەر داوای لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، بەڕێوەبەرانی گشتیی (پلاندانسازیی، نەهێشتنی نەخوێندەواریی، ژمێریاریی) لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردسان، چوونە پەرلەمان.

عەزیمە نەجمەدین، ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئەوەی خستەڕوو، دوای مانگێک لە کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان، تا ئێستا پێداویستییەکانی قوتابخانە (کتێب، تاقیگە، نۆژەنکردنەوەی بینا) دابین نەکراونو کێشە پەروەردەییەکان چارەسەر نەکراون.

لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنەوەی دەوامی خوێندنی ساڵی (٢٠١٠-٢٠١١)دا، سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان، ئەوەی ئاشراکرد، کە ئەمساڵی خوێندن، ساڵی بنیاتانی قوتابخانەو خوێندنگەی نوێو بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردە دەبێت، بەڵام تا ئێستا کێشە سەرەکییەکانی بواری پەروەردە، بەتایبەتی کەمیی بینای قوتابخانە چارەسەر نەکراوە، هەرچەند حکومەت بودجەیەکی (١٠٠)ملیۆن دۆلاریی بۆ تەرخانکردووە.

عەزیمە نەجمەدین، وتیشی: «حکومەت، بودجەی بۆ دروستکردنی بینای قوتابخانە تەرخان کردووە، بەڵام تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەکاتێکدا دەبوو لە هاوینی ڕابردوودا، ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکرانایەو وەزارەتی پەروەردە، سستو کەمتەرخەمە لە هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە پەروەردەییەکان».

# خوێندکارانی مەلەکان لە خوێندن بێبەش دەبن

هۆشەنگ هەرتەلی- خەلیفان

بەهۆی نەبوونی قوتابخانەکانی دواقۆناغی بنەڕەتیو ئامادەیی لە سنوورەکەیاندا، دەیان خوێندکاری گوندەکانی دۆڵی مەلەکانی سەربە ناحیەی خەلیفان لە خوێندن بێبەش دەبن.

بایز تەها، باوکی یەکێک لە خوێندکارانی ناوچەکەیەو بە (ڕۆژنامە)ی ڕاگەیاند: دۆڵی مەلەکان (٩) گوند لەخۆی دەگرێت، بەڵام تائێستا قوتابخانەی قۆناغەکانی بنەڕەتی (٩،٨،٧)و ئامادەیی تێدانییەو هەرکاتێک کە منداڵەکانمان گەیشتنە ئەو قۆناغانە بەناچاریی لە خوێندن دادەبڕێنو دەگەڕێنەوە ماڵەوە.

باسی لەوەشکرد، ئەمساڵیش وەک چەند ساڵی ڕابردوو بەدەیان قوتابیمان لە خوێندن بێبەش بوونو تائێستاش لایەنی پەیوەندیدار هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەیان نەداوە.

سەبارەت بە نەبوونی بینای خوێندنی قۆناغەکانی بنەڕەتیو ئامادەیی جەنگاوەر خالید، بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دۆڵی مەلەکان بەهۆی دووئیدارەییەوە لە ڕووی تەندروستیو پەروەردەوە کەوتبوونە سەر پارێزگای سلێمانیو تا ئەم کاتەش هەروەک خۆی مابووەوە، بەڵام ئێستا ئەم دۆڵە کەوتوونەتەوە سەر میلاکی پەروەردەی سۆران.

وتیشی: «ئێستا بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆران لە هەوڵی ئەوەدایە سەردانی ناوچەکە بکاتو شوێنێک بۆ بینای قوتابخانەیەکی دواناوەندیی دەستنیشان بکات».

بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان، ئاماژەی بەوەشکرد؛ جگە لە کێشەی نەبوونی قوتابخانە، کێشەی میلاکی مامۆستاشیان هەیەو مامۆستایانی ناوچەکە دانیشتووی سنووری کۆیەن، ئامادەنین لە سنووری قەزای سۆران دەوام بکەن.

دۆڵی مەلەکان هەریەکە لە گوندەکانی (گۆڕەشێر، سەرەوچاوەی باران، مەلەکان، بلەی سەروو، بلەی خواروو، تاڵینانی سەروو، تاڵینانی خواروو، کەندۆر، کانی بەرد) لەخۆ دەگرێتو سەدان ماڵ لەو نۆ گوندە نیشتەجێن، بەڵام بەهۆی نەبوونی بینای قوتابخانە، دەیان خوێندکار لە خوێندن بێبەش بوونو دوای تێپەڕبوونی مانگێک لە دەستپێکردنەوەی خوێندنی ئەمساڵ، هەوڵی دروستکردنی بینای خوێندنیان بۆ دەدرێت.

# کرێی وانەبێژیی دوو ساڵی مامۆستایانی پێنجوێن خەرج ناکرێت

خالید مەحمود- پێنجوێن

کرێی وانەبێژیی دوو ساڵی ڕابردووی مامۆستایانی سنووری پەروەردەی پێنجوێن نەدراوەو مامۆستایانیش هەڕەشەی ئەوە دەکەن ئەمساڵ هیچ وانەیەکی «موحازەرات» نەڵێنەوە.

بەڕێوەبەری کارگێڕیو دارایی دیوانی وەزارەتی پەروەردەش بە گرفتی پەروەردەی سلێمانی دەزانێتو دەڵێت: «ئەگەر مامۆستایەک کرێی ساڵێک وانەبێژیی وەرنەگرت، با ساڵی دواتر ئەو وانانە نەڵێتەوە».

سۆران ئەحمەد، تەمەن (٢٦) ساڵ، مامۆستای کۆمەڵایەتی، کرێی وانەبێژیی ساڵی ڕابردووی وەرنەگرتووە بە ڕۆژنامەی وت: «پارەی موحازەرەی چوار مانگی پێرارم وەرنەگرتووە، کە هەفتەی چوار بەشەوانەی موحازەرەی بابەتی فەلسەفەی پۆلی پێنجەمی وێژەیی بوو لە ئامادەیی پێنجوێن، بەڕێوەبەری پەروەردەی پێنجوێنمان ئاگادارکردەوە، کە کرێی وانەبێژیمان وەرنەگرتووە، بەڵام ئەوە دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕبوو، هیچ وەڵامیان نەدایەوە، لەکاتێکدا کە بەڕێوەبەری پەروەردە خۆی وتی: ئەگەر لەسەر ئەرکی خۆم بووە نایەڵم مافتان بفەوتێت».

لە بەرامبەردا لوتفی سدیق، بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕیو دارایی لە وەزارەتی پەروەردە لە لێدوانێکی تایبەتدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بڕواناکەم هیچ مامۆستایەک لە کوردستان (٢٤) بەشەوانە (حصە)ی هەبێت لە هەفتەیەکدا، کە زیاتر لەو بەشە ئینجا بە موحازەرە حسابە، ئەگەر حاڵەتێکی لەوشێوەیە هەیە، با بە یاداشت ئاگادارمان بکەنەوە».

سەبارەت بەوەی کە بڕیاربوو کرێی وانەبێژیی زیاد بکرێت، لوتفی سدیق، وتی: «زۆر هەوڵمانداو سەردانی وەزارەتی داراییو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد، چونکە وەزارەتی پەروەردە ئەو بودجەیەی نییەو توانای زیادکردنی نییە، بۆ ئەوەش بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی دەوێت».

پشتیوان عوسمان، (٢٥) ساڵ، مامۆستایە لە قوتابخانەی شلێری بنەڕەتیو یەکێکی ترە لەو مامۆستایانەی کە کرێی وانەبێژیی وەرنەگرتووە بۆ ڕۆژنامە وتی: «من موحازەرەی پێنج مانگی ساڵی پارو سێ مانگی ساڵی پێراریشم وەرنەگرتووە، کە (٣٦) بەشەوانەمان هەبووە، هەفتەی (١٢) وانەی فیزیای قۆناغی هەشتو نۆم وتووەتەوە».

سەرپەرشتیارێکی کارگێڕیش ڕایدەگەیەنێت؛ کرێی وانەبێژیی چەند مانگ، لای بەڕێوەبەری قوتابخانەکانە، بەڵام هی ساڵانی ڕابردوو فەوتاوە».

بارام محەمەد، سەرپەرشتیاری کارگێڕیی لە ئامادەیی پێنجوێن بە ڕۆژنامەی وت: «ئەگەر مامۆستایەک پارەی موحازەرەی پاری هەبێت، لە مانگی یەک تا پێنج، ئەوا لای بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیانەو هۆکاری پێنەدانەکەی لەوان بپرسن، بەڵام هەر مامۆستایەک پارەی موحازەرەی ساڵی پێراری وەرنەگرتووە، ئەوە فەوتاوە، باشترە باسی نەکات».

# کام حەقیقەت!! وەڵامێک بۆ (ئەفسەرێکی نانبڕاو)

پاش بڵاوکردنەوەی نارەزایی ئەفسەرێکی نانبڕاو لە رۆژنامەی رۆژنامە لاپەڕە (٢٠) لە بەرواری (٢٠١٠/١٠/١٢) کە باس لە کەمتەرخەمیو بێباکی سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات لەئاست مافەکانی ئەو پۆلە ئەفسەرەی کە لەسەر بیروڕای جیاواز لەسەرە کارەکانیان لابراون‌و دران بەدادگای سەربازییو فەرمانی گرتنیان هەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە.

من یەکێکم لەو پۆلە ئەفسەرەو بەپێویستی دەزانم بۆ خوێنەرانی روونبکەمەوە کە (حەقیقەت) چۆنەو لەکوێوە سەری هەڵداوە.

هەر دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان بزووتنەوەی گۆڕان لە رێگەی (فراکسیۆنی گۆڕان)ەوە هەوڵی زۆر جددی دا بۆ چارەسەری کێشەی سزادراوە سیاسییەکان توانیی زۆرینەی سزادراوەکان بگێڕێتەوە بۆ مووچەو دەوامی فەرمیی خۆیان، دەربارەی ئێمەش بەردەوام (بزووتنەوەی گۆڕان)و سەرکردەکانی هاوکاری ماددیو مەعنەوییان کردووین‌و تاڕادەیەک لەگیرفانی خۆشیان هاوکارییان کردووین‌و تائێستاش لەگەڵ (حکومەتی هەرێم) لەگفتوگۆدان بۆ چارەسەری کێشەکەمان.

هەمیشە بەڕێز سەرۆکی (بزووتنەوەی گۆڕان)و ئەو سەرکردە بەڕێزانەی کە ئەو ئەفسەرە بەڕێزە بە بێباکو کەمتەرخەمیان دەزانێت بەڕێزەوە هاوکارو پشتیوانمان بوون، بۆیە من دەپرسم، ئایا ئەوە بێباکیو کەمتەرخەمیو گومانە یان (حەقیقەت)؟

**رائید عەلی**
**ئەفسەرێکی سزادراوی سیاسیی**

# «وەرێ» داوای مۆنۆمێنتو خانوو دەکات

**هۆشەنگ هەرتەلی**

دانیشتووانی گوندی وەرێی ناحیەی بێتواتە، سەرەڕای بێبەشبوونیان لە پرۆژەی خزمەتگوزاریی، داوای مۆنۆمێنت‌و خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدان دەکەن.

محەمەد حاجی عوزێر، ئەنجومەنی گوندەکە، بە رۆژنامەی راگەیاند: گوندەکەمان لەزۆربەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەکو نەخۆشخانەو پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو جۆگاکانی ئاودێرییو چەندانی تر بێبەشەو کەس خۆی بەخاوەنی نازانێت.

وتیشی: «بەهۆی نەبوونی نەخۆشخانەوە، دەبێت بەناچاری نەخۆشەکانمان بۆ ناوچەکانی کۆمەڵگای شکارتەو گوندی مێرگەسەر ببەین‌و بەوهۆیەشەوە چەندان کیلۆمەتر بە ئۆتۆمبێل ببڕین».

بەهۆی کاریگەریی وشکەساڵییەوە، ماوەی دووساڵە سەرچاوەکانی ئاوی کانیو کارێزەکانی وشکبوون‌و دانیشتووانی گوندەکەش، ئاماژە بەوەدەکەن کە چەند جارێک سەردانی بەڕێوەبەری ناحیەکەیان کردووە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوییەکەیان، وێڕای بەڵێندان، تا ئێستا پرۆژەکەیان بۆ نەکراوەو بەهۆیەوە بەشێکی زۆری زەوییە بەراوەکانیان وشکبوونەتەوە.

لەبەرامبەردا، قادر ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری ناحیەی بێتواتە، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەبەرنامەماندایە کە بۆ ساڵی داهاتوو، تەواوی پرۆژەکانی ئاوخواردنەوەو دروستکردنی نەخۆشخانەو جۆگاکانی ئاودێرییان بۆ بکەین.

هەروەک فوئاد عوسمان، وتەبێژی وەزارەتی کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەبەرنامەی وەزارەتەکەیاندایە کە مۆنۆمێنتی بچووک لەوناوچانە دروست بکەن کە قوربانییانداوەو دروستکردنی خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدانیش، یەکێکی ترە لە پرۆژەکانی وەزارەتی شەهیدان.

گوندی وەرێ، سەر بە ناحیەی بێتواتەی قەزای رانیەیەو رۆژی (١٩٨٨/٥/١٨)دا لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی بەعسەوە بەچەکی کیمیاویی هێرشی کرایە سەرو بەوهۆیەوە، (٣٦) شەهیدو (١٥)بریندارى لێکەوتەوە، حکومەتی بەعسی رووخاویش، رێگەی نەدا شەهیدەکان لەگۆڕستانەکانیشدا بنێژرێن‌و لەناوچەیەک کە پێی دەوترێت (قەشان)و چەند کیلۆمەترێک لەخوارووی گوندەکەوەیە، شەهیدەکان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە نێژران‌و تا ئێستاش گۆڕستانەکەیان بەبێ شورا ماوەتەوە.

# پێچەکانی گەلی عەلی بەگ وەک خۆی لێدێتەوە

**ئەحمەد باڵەکی- سۆران**

دوای هەفتەیەک لە نوێکردنەوەی رێگای گەلی عەلی بەگ، وەک خۆی لێدێتەوە، بەرپرسانی ناوچەکەش گۆڕینی رێڕەوی رێگاکە بە چارەسەر دەزانن، نەک نوێکردنەوەی.

رێگای گەلی عەلی بەگ سەرەڕای ئەوەی ناوچەیەکی گەشتیاریی بەسەرەوەیە، رێگای سەرەکی نێوان سۆران‌و هەولێرە، بەهۆی فشاری زۆری سەر رێگاکەوە، دوای هەفتەیەک لە نوێکردنەوەی دووبارە تێکدەچێتەوە.

بەشدار عەلی، شۆفێری ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو رێگایە تادەگاتە هەولێر وەکو پێوست نییەو دەبێت بکرێتە دوو ساید، بەتایبەتی رێگای هاملتۆن، چونکە رۆژانە زیاتر لە (١٠) هەزار ئۆتۆمبێل هاتوچۆی لێوەدەکەن، یان لانیکەم لە ئێستادا چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

لای خۆشیەوە کرمانج عێزەت، قایمقامی سۆران، ئاماژەی بەوەکرد: ئەو رێگایە سەرەتا تەنیا بۆ کاری سەربازیی دروستکراوە، بۆیە دەبێت رێڕەوی رێگاکە بگۆڕدرێت، چونکە پێشتر ئەو هەموو قەرەباڵغییەی بەسەرەوە نەبووە.

بەهۆی تێکچوونی رێگاکەوە کاری نوێکردنەوەی تێدا ئەنجامدرا، بەڵام بەماوەیەکی کەم دوای کاری نوێکردنەوەکە دووبارە رێگاکە تێکچووەوە.

ئەندازیار ئەیوب سەعید، بەڕێوەبەری کەرتی چواری سۆران لە بەڕێوەبەرێتی رێگاوبانی هەولێر، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە رۆژنامەی راگەیاند: ماوەیەک لەمەوبەر کاری چاککردنەوەی رێگای گەلی عەلی بەگ-مان ئەنجامدا، بەشێوەیەکی کاتیو ئەم چارەسەرەمان بە سەرکەوتوو دانەنا، چونکە دەبێت یان رێگاکە کۆنکرێت بکرێت، یان رێڕەوەکەی بگۆڕدرێت بەهۆی زۆریی فشار لەسەری.

ئەو ئەندازیارە هۆکارێکی دیکەی خراپبوونی رێگاوبانەکانی گەڕاندەوە بۆئەوەی چەندین ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرو گەشتیاریی باری لە خۆیان زیاتر باردەکەن‌و بە رێگاکەدا هاتوچۆ دەکەن، راشیگەیاند: «لەم ماوەیەدا کاری رنینی رێگاکە ئەنجامدەدەینەوەو هیوادارین بەوشێوەیە کێشەی ئەو پێچانە چارەسەربکەین».

# سەندیکای رۆژنامەنووسان رێ خۆشکارە بۆ رۆژنامەنووسان نەک تەنگژەکار

**مصطفی صالح کریم ***

برای ئازیز رۆژنامەنووس زمناکۆ ئیسماعیل راپۆرتێکی لە ژمارە ٦٠٣ی (رۆژنامە)دا بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (دەستی سەندیکای رۆژنامەنووسان لە پەیمانگاکان دوور دەخرێتەوە).

* خوێنەر واتێدەگا کە رووداوێکی گرنگ رووی داوەو تێیدا سەندیکا کەتنێکی کردووە لەبەرئەوە دوورخراوەتەوە کە ئەمە وانییە ئێمە چەندساڵێکە بە هەوڵدان و یاداشت نووسین‌و تەقەلای بەردەوام توانیمان ساڵانە چەند کورسییەک بۆ رۆژنامەنووسان لە پەیمانگاو کۆلێژەکان دابین بکەین، پار داوامان کرد کە دەرچووانی پیشەییش بگرێتەوەو مەرجی تەمەن‌و نمرەشیان لەسەر لاببرێ، پار پیشەییەکانی گرتەوەو ئەمساڵیش کارئاسانی تر کرا لەمەرجەکاندا.

هەروەها داوامان کردبوو ژمارەیان زیادبکرێ ئەمساڵ ئەوەش کرا.

* کاتێک کە رێنماییمان لە خوێندنی باڵاوە بۆ دەهات لە رێگای رۆژنامەکانەوە رۆژنامەنووسانمان ئاگادارەکرد، ئەوانەی ئارەزووی خوێندنیان هەیە لە بەشی رۆژنامەنووسی با سەردانی سەندیکا بکەن‌و داخوازیی پێشکەش بکەن، دوای ئەوەی کە هەموو داخوازییەکانمان وەردەگرت بە لیستێک دەماننارد بۆ زانکۆو پەیمانگا، ئەوان لای خۆیان دوای تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوە لە مەرجەکانی وەرگرتن هەڵیاندەبژاردن‌و قبووڵ دەکران.

واتە ئێمە تەنها هۆی گەیاندن بووین، چونکە هیچ کاتێک لێمان هەڵنەبژاردوون‌و جیامان نەکردوونەتەوە، چەند کەس داوای کردبێ، دۆسیەی هەموویانمان وەک یەک ناردووە بێ جیاوازیی، تەنانەت هەبوو لەنێو ئەو خوێندکارانەدا ئەندامی ئەنجوومەن بوو، بەڵام سەندیکا تای تەرازووی ئەوی قورس نەکردووە لەسەر حسابی ئەوانی تر لەئەنجامیشدا ئەوان وەرگیراون‌و ئەندامەکەی ئەنجومەن وەرنەگیراوە.

* ئەو وتەیە بێ بنەمایە کە «سەندیکای رۆژنامەنووسان دەیانەوێت تەنگژە لەبەردەم ئەو تاقیکردنەوانەدا دروستبکەن‌و نایانەوێت جیاواز لە ئەندامانی سەندیکا هیچ رۆژنامەنووسێکی دیکە لەو بەشەدا وەربگیرێت، بۆ ئەوەش نایانەوێت تاقیکردنەوەکانی ئەو بەشەکە کرا بەئەنجامی تەواوی خۆی بگات» ئێمە ئەم توهمەتە رەت دەکەینەوە، دەتوانن لە پەیمانگاکان‌و لە زانکۆکان بپرسن، ئاخۆ بەهیچ جۆرێک سەندیکا خۆی کردووە بەخاوەن لەو مەسەلەیەدا، ئەگەر بەڵگەیەک بۆ ئەوە هەیە با بیزانین، یان کێیە ئەو کەسەی بەناوی سەندیکاوە ویستویەتی جگە لە ئەندامی سەندیکا کەسی تر وەرنەگیرێت با بیزانین.



* بەنیسبەت سەندیکاوە کاتی خۆی لە پرۆژەی یاساکەیدا ئەوەی قبووڵ نەکرد کە هەموو رۆژنامەنووسێک دەبێ ئەندام بێ لەسەندیکا، چوونکە لەو باوەڕەدایین دەبێ رۆژنامەنووس ئازاد بێ‌و بە ئارەزووی خۆی دەبێتە ئەندامی سەندیکا یان نابێ.

وەک سەندیکا خۆشحاڵین بەوەرگرتنی زۆرترین ژمارەی رۆژنامەنووسان بۆ تەواوکردنی خوێندن، ئەندام بن لەسەندیکا یان نەبن گرنگ ئەوەیە رۆژنامەنووسی کارابن.

*ئەمساڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا رێنمایی نەداوە بە سەندیکا بۆ پاڵاوتنی خوێندکارانی رۆژنامەنووس بەڵکو راستەوخۆ بۆ پەیمانگاکان‌و کۆلێژەکانیان ناردوە، لابەلا پێیان وتین کە تەنیا پێناسەی سەندیکایان پێ بێ، ئیتر بەڵگەی تری ناوێ.

من بەش بە حاڵی خۆم نەمزانیوە کە لە دواییدا ئەو پێناسەیەشی نەویستوە تائێستا لەم رۆژنامەیەدا خوێندمەوە، کە بەلای منەوە شتێکی ئاساییە، بۆ هەموو رۆژنامەنووسێک ئەو بوارە بڕەخسێ‌و هەرگیز نارەزاییمان دەرنەبڕیوە.

* ئەوەندەشی پەیوەندی بە قسەکانی منەوە هەیە وادیارە لەگواستنەوەیدا بۆ سەر کاغەز هەندێ شێواندنی تێدا پەیدابووە.

ئەوەی من وتوومە لەوێوە دەست پێ دەکات کە بووە بەنووسینی راپۆرتەکە «سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سێ ساڵ لەمەوبەر داوایان لە........تا د».

– ئەمجا نوسراوە: «مستەفا ساڵح کەریم ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان رەتیناکاتەوە، کە ئەو پرۆژەیەی سەندیکا کێشەی تێکەوتبێت دەڵێت ئەو کارە ساڵانە کۆسپی تێدەکەوێت‌و رۆژنامەنووسان تیایدا زەرەرمەند دەبوون».

بەندە ئەو کێشەیەم روونکردۆتەوە کە لەراپۆرتەکەدا باسی نەکراوە وتم: ساڵانە ئەوەندە درەنگ ئەو رۆژنامەنووسانە وەردەگیران ساڵەکەیان لەکیس دەچوو، خوێندنەکەیان دوادەخرا بۆ ساڵی دوایی، لەبەرئەوە داوامان لە وەزارەت کردبوو کە لەکاتی خۆیدا ئەو کارە بەئەنجام بگەیەنرێ بۆ ئەوەی زەرەرمەند نەبن.

هەروەها لەزاری منەوە نوسراوە «بەڵام دیارە پار خروقات رووی دابوو لە هەولێرو لای هەندێک لایەنەوە کە سەندیکا لە دەرەوەی ئەندامانی سەندیکا بەناوی رۆژنامەنووسیەوە خەڵکیان بەسەر بەشی راگەیاندنا سەپاندبوو».

ئەوی راستی بێ ئەو رستە نالەبارانە هی من نین، سەندیکا لەدەرەوەی سەندیکا چ مانایەکی هەیە؟، بەڵکو من وتم «پار لەهەولێر خروقات کرابوو، لەدەرەوەی سەندیکا بەناوی رۆژنامەنووسییەوە هەندێ لایەن خوێندکاریان بەسەر بەشی راگەیاندندا سەپاندبوو، سەندیکاش بەرامبەر بەوە لەبەیاننامەیەکدا نارەزایی خۆی دەربڕیو بێئاگایی خۆی لەو وەرگرتنە پیشاندا».

* جا کە سەندیکا نارەزایی خۆی پیشاندابێ‌و ئەو کارەی بە خروقات زانیبێ چۆن دەوترێ (سەندیکا لەدەرەوەی ئەندامانی سەندیکا) خەڵک دەسەپێنێ.

لەکۆتاییدا ئێمە وەک سەندیکا کارێکی خراپمان نەکردووە کە توانیومانە ساڵانە چەند کورسییەکی خوێندن بۆ رۆژنامەنووسان دابین بکەین ئێستاش بەختەوەرین کە ژمارەیان زیاتر دەکرێ، کە ئەوە خواستی ئێمە بوو، هەروەها جێی خۆشحاڵیشە کە ئەو کورسییانە والایە بۆ هەموو رۆژنامەنووسان بێ جیاوازی.

لەگەڵ رێزو خۆشەویستیمدا.

*** جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسان**

# چۆڵبوونی گوندەکانی هەورامان، بە ئەستۆی کێ؟



شاخەوان عەلی

زۆرجار لێرەو لەوێ، بەرپرسانی حکومەت‌و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، قسەو باس لەوە دەکەن کە گرنگی دەدەن بە گوندنشینان‌و ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانەی کە تا ئێستا بە چۆڵیی ماونەتەوە.

هەمیشە گوندنشینان‌و خەڵکی هەورامان، گلەیی ئەوەمان لە حکومەتی هەرێم هەیە کە هیچ ئاوڕێکی لە ناوچەکەمان نەداوەتەوە، هێندەی ئاوڕی لەو شوێنانەی هەورامان داوەتەوە کە خەڵکی ناوچەکانی دیکە رووی لێدەکەن، ئەمەش ئەو هەستەمان لادروست دەکات کە حکومەت هیچ ئاوڕێکی لە هەورامییەکان نەداوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە چەندین جار لەلایەن حکومەتی فاشی پێشووی عێراقەوە، خەڵکەکەی راگوێزراوەو خانووەکانمان خاپوورکراون.

لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستا تەنانەت یەک خانوو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکە زیانلێکەوتووە، کە ئەو هەموو زەرەرو زیانەیان لێکەوتووە، نەکراوە. خەڵکی ناوچەکەمان لەسەردەمی شاخدا پاڵپشتێکی زۆرباشی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی میللەتەکەمان بووە، نەک ئەوەی کە هیچ ئاوڕێک لە گوندەکانمان نەدراوەتەوە، ئەوەتا ئێستا بەبەرچاوی حکومەتەکەمانەوە، گوندەکانمان وردەوردە بەرەو چۆڵبوونی یەکجاریی دەڕۆن. لەسەردەمی حکومەتی بەعسدا، بەزۆرە ملی گوندەکانمان پێ چۆڵکراوەو ئێستاش لەسەردەمی حکومەتی کوردیدا، لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست‌و ئاوڕلێنەدانەوەمان، خەڵکەکەی خەریکە گوند گوند دێنە خوارەوەو بە یەکجاریی چۆڵ دەبن.

ویستی یەکەم دەستپێکی حکومەت لە گەیاندنی خزمەتگوزاریی بەخەڵکی ناوچەی هەورامان، پرسینەوە نەبوو لەخەڵکەکەی، بەڵکو خۆشکردن‌و رازاندنەوەی سەیرانگاکانی بوو، ئەویش وەک پێویست نییە، بۆ هەندێک گوندو شوێن کە کەسێکی بەرپرسی ئەو دوو حیزبە فەرمانڕەوایەی لێیە، بەدەیان خانوو و مامۆستاو خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکرێت، کەچی بۆ زۆرێک لە گوندەکانی هەورامان، لەسەرەتاییترین ماف، هاوڵاتییەکانی بێبەش دەکرێن. بەرپرسێک بۆی گێڕامەوە کە لە گوندەکەی ئەواندا، لەبەرئەوەی کە خەڵکەکەی خزمەتی شۆڕشیان کردووە، لەقوتابخانەکەیاندا نزیکە (١٠)قوتابییان هەبوو، وتی زیاتر لە (٣٠)کارگوزارمان بۆ دامەزرێنراوەو لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە بۆ مزگەوتەکەیان، کەچی هەورامان ئەو هەموو خزمەتەی پێشکەش بە کورد کردووە لەکاتی شۆڕشەکاندا، لەو هەموو خزمەتگوزارییانە بێبەشە، لەبەرئەوەی کەس دڵسۆزیان نییەو کەس بەدەنگ داواکانیانەوە نایەت.

ئەوەی لێرەدا زۆر مەبەستمە بیخەمەڕوو، ئەوەیە کە تا ئێستا چەند گوندێک، لەبەرئەوەی کە ژیانی خەڵکەکەی تیادا ناگوزەرێت، روویان لەشارەکان کردووەو کەس خەمیان ناخوات، ئەو بەرپرسەی لەسەرەوە باسم کرد، وتی، ئێمە بۆ قوتابخانەو مزگەوتی گوندەکەمان، ژمارەیەکی زۆر خزمەتگوزارمان دامەزراندووە، لەبەرئەوەی گوندەکەمان ئاوەدان بێت. لای ئێمە ئەم شتە بەو شێوەیە بەدی ناکرێت‌و هاوڵاتییانی گوندنشین ژیانیان ناڕوات، یان ئەوەیە دامەزراوەو لەشاردایە، یان ناتوانێت بۆ چارەسەرێکی سەرەتایی نەخۆشییەکەی روو لە شار بکات، ئەوە ئەمساڵیش هەردوو گوندی یاڵانپێ‌و نارنجڵەی هەورامان لە ئانوساتدان کە قوتابخانەکانیشیان دابخرێن، لەبەر نەبوونی ژیان‌و گوزەران تێیاندا وەک پێویست.

لە هەولێرو سلێمانی، غەدر لە ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ دەکرێت 20

# بەڕێوەبەری هاتوچۆی کەرکوک: ئێستا حکومەتی هەرێمیش هاوکاریمان ناکات



سازدانی : شاڵاو محەمەد

**عەمید سالار ئەحمەد فەقێ، بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای کەرکوک، لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا، بڕوای وایە کە کەرکوک، کراوەتە چوارچێوەی رەش بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەند هاوکارییان ناکەنو رایدەگەیەنێت کە لە ئایندەیەکی نزیکدا، پێدانی مۆڵەتی شۆفێریی لە کەرکوک دەکرێتەوە.**

**رۆژنامە: هۆکار چییە کە دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر ئازادکردنی کەرکوکدا، تا ئێستا پێدانی مۆڵەتی شۆفێریی بە هاوڵاتییان نەکراوەتەوە؟**

* جگە لە هەرێمی کوردستان کە سیستمی تایبەتیو وەزارەتی خۆی هەیە، پێدانی مۆڵەتی شۆفێری لە هەموو عێراقدا راگیراوە، لە ئێستادا پرۆژەیەکی گەورە کراوەتەوە بۆ پێدانی مۆڵەتی شۆفێرییو تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل، بۆیە دەتوانین بڵێین، پێدانی مۆڵەتی شۆفێریی بەمزووانە دەکرێتەوە، بەڵام ناتوانین کاتەکەی دیاریی بکەین، چونکە بڕیارە لیژنەیەک لە بەغدادەوە بێت بۆ ئەو پرۆژەیە، هەروەها ئێمە پێنج کەسمان ناردووە بۆ خولی راهێنانو خولەکەیان تەواکردووەو ئەوانیش دەبنە مامۆستای (٢٠)کادیری ترو لەماوەی (١٠) رۆژدا خولەکان تەواو دەکەینو دواتر بەغدا ئاگادار دەکەینەوە لەوەی ئێمە ئامادەین بۆ کارکردن.

**رۆژنامە: چ ئامادەکارییەکتان کردووە بۆ تاقیکردنەوەی شۆفێران، لە کاتی کردنەوەی مۆڵەتی شۆفێریدا؟**

* جارێ نازانین کە سیستمی پلانی مۆڵەتی شۆفێری چۆنە، ئەوە لەگەڵ ئەو پڕۆژەیەی کە باسمکرد کە تەواو بوو، رێنمایی بۆ هەموو عێراق دەردەچێت کە لەسەر چ شێوەیەک تاقیکردنەوە بکەن، ئایا دەرچوونە لەگەڵ شۆفێران، یان ترایی لەناو شار دەبێت، یان لەدەرەوەی شار، یان تاقیکردنەوەی هێماکانی هاتوچۆ، چۆن دەبێت؟ لەئێستادا هیچ زانیارییەکمان لانییە.

**رۆژنامە: ماوەیەکە رووداوەکانی هاتوچۆ لە سنووری پارێزگای کەرکوک، زیادیان کردووە، هۆکاری ئەو رووداوانە چین؟**

* شاری کەرکوک، کەمترین رێژەی رووداوی هاتوچۆی تێدا تۆمارکراوە کە کارەساتی دڵتەزێنی تێدا روویدابێت، بەڵام هۆکاری ئەو رووداوانە، دەکەوێتە سەر شۆفێران، لە کاتێکدا شەقامەکانی کەرکوک وێرانو تەسکنو بەرگەی ئەو ئۆتۆمبێلە زۆرە ناگرن.

**رۆژنامە: ئەوەی بەڕێزت باست لێوەکرد، کەمتەرخەمیی شۆفێران بوو لە ئاستی رووداوەکانی هاتوچۆدا، دەکرێت پێمان بڵێن، ئێوە وەکو بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆی کەرکوک، پشکی چ کەمتەرخەمییەکتان بەردەکەوێت؟**

* بەداخەوە، پۆلیسی هاتوچۆمان زۆر کەمە، تا ئێستا هیچمان بۆ نەکراوە، پۆلیسمان کەم دەبێتەوە، زیاد ناکات، (٣) ساڵ پێش ئێستا، وەزیری ناوخۆ بڕیاری دامەزراندنی (٢٨٠) پۆلیسی هاتوچۆی بۆ دەرکردین، دوای ئەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا بەپێی نەتەوە ناوەکانمان نارد، تا ئێستا هیچیان بۆ نەکردووین، بۆ سزاو شەڕ، شتمان بۆ دەکەن، بەڵام بۆ ئیشی خێر، هیچمان بۆ ناکەن.

**رۆژنامە: دەکرێت ئاماری رووداوەکانی هاتوچۆ لەماوەی شەش مانگی رابردوودا، بۆ رۆژنامە بخەیتەڕوو؟**

* لە رۆژی (٢٠١٠/١/١) تا رۆژی (٢٠١٠/٦/٣١) ئاماری رووداوەکانی هاتوچۆی پارێزگای کەرکوک بەم شێوەیە بووە: پێکدادانی نێوان دوو ئۆتۆمبێل «ئیستیدام» (٧٣)رووداو بووە بەو هۆیەوە (٢٣)هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوەو (٦١) هاوڵاتیش بریندار بوون، دەرچوونی خێرا «دهس» (٣١)رووداو تۆمارکراوە، (٢٢) هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە (١٢)هاوڵاتی بریندار بوون،رووداوی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل «ئینقلاب» (١٦)رووداو، (١١)هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە، ئەمە جگە لەوەی (٥٢)هاوڵاتی بریندار بوون، سەرەڕای تۆمارکردنی (١٨) حاڵەتی دزینی ئۆتۆمبێل کە لەماوەی ئەم (٦) مانگە روویداوە.

**رۆژنامە: ئەگەر سەیری ناو شاری کەرکوک بکەیت، هیچ جۆرە هێمایەکی ئاگادارکردنەوەی هاتوچۆ نابینرێت، چ هەنگاوێکتان ناوە بۆ چارەسەرکردنی؟**

* بەپێی ئیمکانییەتی خۆمان هێمای هاتوچۆمان دابینکردووە، نەسرییەکی زۆر کەممان هەیەو لە پارەی ناو دائیرە هەڵدەگرین بۆ هێمای هاتوچۆ، یەک هێمای هاتوچۆمان لە هیچ شوێنێکەوە بۆ نەهاتووە، جگە لەسەرەتای دامەزراندنی پۆلیسی هاتوچۆی کەرکوک کە هەندێک هێمامان لە وەزیری ناوخۆ (سلێمانی)و پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی بۆ هات.

لەگەڵ ئەندازیاری هاتوچۆ کە سەر بە شارەوانیی کەرکوکە، هەوڵمانداوە بۆ زیادکردنی هێماکانی هاتوچۆ. من پێموایە، کەمتەرخەمییەکە لە بەغداوەیە، چونکە کەرکوک کراوەتە چوارچێوەیەکی رەشەوە، بۆیە هیچمان بۆ نەکراوەو ئەو هاوکارییەی کە حکومەتی هەرێمیش دەیکردین، ئێستا ئەوانیش هاوکاریمان ناکەن.

**رۆژنامە: بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، لەماوەی دوو مانگی رابردوودا، چەندین ئەفسەری عەرەب گوازراونەتەوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆی پارێزگای کەرکوک، لەو بارەیەوە کێ بەرپرسە؟**

* بەغدا ئەو ئەفسەرانە دادەمەزرێنێتو دواتر بە گواستنەوە (نەقڵ) بۆمان دەنێرێت، داوامان لە ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگاری کەرکوک کردووەو رازیبوونی ئەوانم وەرگرتووە، دواتر ئەوانە کەرکوکین، ئەوەی کە نایاسایییە رێژەی برا عەرەبەکان زیاتر دەبێت لە رێژەی کورد، بۆیە ئێستا لە بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆی کەرکوک، رێژەی عەرەب لە کورد زیاترە، راستە زەرەر دەکەین، بەڵام لە داهاتوودا ئەگەر دامەزراندن کرایەوە، بەڕێژە لە نێوان کوردو عەرەبو تورکمان دامەزراندن دەکەین، ئەگەر (٣٠)پۆلیسی هاتوچۆی عەرەب زیاتر بێت، ئەو کاتە (٣٠)کورد زیاتر دادەمەزرێنین.

# سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی: سلێمانی کێشەی رێکخستنی هاتوچۆی هەیە، زیاتر لەوەی کە ئەندەرپاسی بوێت

سازدانی: زمناکۆ ئیسماعیل

**خەسرەو کەمال، سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی، ئاشکرای دەکات لەئێستادا شاری سلێمانی، کێشەی رێکخستنی هاتوچۆی هەیە، زیاتر لەوەی ئەندەرپاسی بوێتو بەپێویستی دەزانێت، قەرەباڵغی شار ببرێتە دەرەوەی شەستیو ناوشار پیادەڕەو بکرێت.**

**ئەوەش ناشارێتە کە ماستەرپلانی سلێمانی، کەموکووریی هەیەو دەڵێت: ئەو کەموکوورییانە ئەوەندە کاریگەر نین، چونکە ماستەرپلان، شتێکی زیندووەو نوێدەکرێتەوەو زانیارییەکانی گۆڕانکارییان تیادا دەکرێت.**

**رۆژنامە: دەتوانیت بڕی ئەو بودجەیەمان بۆ روونبکەیتەوە کە ئەمساڵ بۆ شارەوانی تەرخانکرابوو؟**

* بودجەکە زۆرە، بودجەی وەبەرهێنان نزیک بە (١٢)ملیار دیناربوو، بەڵام پرۆژەی بەردەوامما‌ن زۆر بوو، لەدوایشدا چەندین پرۆژەی دیکەمان بۆ پەسەندکراو خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، بەردەوام ئەو پرۆژانەی کە بزانین زۆر پێویستن، داوای دەکەین لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوان بودجەمان بۆ دابین دەکەن.

**رۆژنامە: لە رابردوودا، کێشەی ئیفرازکردنو دابەشکردنو قەرەبووکردنەوەتان هەبووە، بۆ ئەوەش بەشی هونەریتان لەنێو ئەو کێشەیەدا چەقیوەو ناتوانێت لێیی قوتاربێت، ئێوە دەتوانن بە چ پێومرێک ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن؟**

* چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەتەنیا پەیوەندیی نییە بەگۆڕانکاریی لە سیستمی شارەوانی، یان لەستافدا، چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە پەیوەستە بەگۆڕینی چەند یاسایەکو پەیوەستە بە هەماهەنگیکردنی چەند دەزگایەکی حکومیی، ئیفرازاتو قەرەبووکردنەوەوە، ئەوانە بەپێی چەند یاسایەک دەبێت کە پەیوەستن بە وەزارەتی شارەوانیو کشتوکاڵو دادەوە، کە سێ دەزگای سەرەکی لەخۆ دەگرێت، (شارەوانیی سلێمانییە، بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کشتوکاڵە، بەڕێوەبەرێتیی تۆمارکردنی خانووبەرەیە)، لەگەڵ وەزارەتی داراییش لەهەندێ حاڵەتدا، ئەگەر بێتو موڵکەکان سەر بە وەزارەتی دارایی بن، ئەمە پرۆسەیەکی یاساییە، هەمیشە بەهۆی ئەو یاسایانەی کە دانراوە بۆ ئەوەی کە ئەم سیستمە رێڕەوی خۆی وەربگرێت، دەبێت هەندێک هەنگاوی یاسایی بگیرێتەبەر تا ئەم کارە تەواو دەبێت، لەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا، دەبێت چەند گۆڕانکارییەک بکرێت لەیاساکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کە چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، ئێستا لیژنەیەکی باڵای تایبەت بەکوژاندنەوەی زەویوزار پێکهاتووە، کێشەی ئەوە هەبوو کە رێوشوێنەکان دوادەکەوتن لەنێوان ئەو بەڕێوەبەرێتییانەی کە باسمانکردن، ئێستا ئەو لیژنەیە دانراوە کە تایبەت دەبێت بەچاککردنەوەی ئەو کێشانە، هەموو ئیجرائاتەکان لەلایەن ئەو لیژنەیەوە بەڕێوەدەچن، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە دەیاندرێتێ.

**رۆژنامە: مەسەلەی گۆڕینی موڵک، چۆن هەڵدەسەنگێنن لەنێوان بازرگانو وەبەرهێندا، پێتان وا نییە، ئەو مەسەلەیەش زۆرجار هۆکاری سیاسییو دەستڕۆیشتنی بەرپرسانی دەکەوێتە پشت؟**

* ئیستبدالکردنی موڵک، بەخەمڵاندن دەکرێت لەڕێگای دادگاوە، ئەو سیستمەی کە ئێستا بەکاردێت، کە یەکێک موڵکێکی دەبێتو بەر یەکێک لەپرۆژەکان دەکەوێت کە دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە، یان ئیستبدالی بۆ بکرێت، لیژنەی قەرەبووکردنەوەمان هەیە، خەمڵاندنی سەرەتایی خۆمان هەیە، ئەو خەمڵاندنە بڕیاری کۆتایی نییە، خەمڵاندنێکە بۆ موڵکەکە دەکرێت لەڕووی شوێنو نرخەوە، ئەمە دەخرێتە بەردەم دادگا کە بڕیاری کۆتایی لای ئەو دەبێتو لیژنەی ئەوان خەمڵاندنی بۆ دەکات، ئەگەر خاوەن زەوییەکە، یان ئێمە رازی نەبووین بەو خەمڵاندنە، بۆمان هەیە ئیعتراز بگرین بۆ چەند جارێک، ئەمە رێگای یاساییەو لەوێوە بڕیاری لێدەدرێت.

**رۆژنامە: ماوەیەکە، باس لەوە دەکرێت کە ماستەرپلانی سلێمانی کەموکورتی هەیە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە چوار ملیۆن دۆلاری تێچووە، هۆکاری ئەوە چییە، چ رێگایەک بۆ چاککردنەوەی ئەو هەڵانە، ئەگەر هەن، دەگرنەبەر؟**

* ماستەرپلانی سلێمانی، پرۆژەیەکی گەورەیە، بەتەنیا نەخشەیەک نییە کە دروستکرابێت بۆ شاری سلێمانی، کۆکردنەوەی داتایە، هەڵسەنگاندنی ئەو راپۆرتانەیە کە هەمووی هەڵسەنگێنراوە لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە، چەند جارێک گۆڕانکاریی تیاداکراوە پێش ئەوەی پەسەندبکرێت، ئەم ماستەرپلانە، بەردەوام کاری پێکراوە.

**رۆژنامە: وەک دەوترێت (شارەوانیی سلێمانی، پلانێکی بەهێزی نییە لە بەڕێوەبردنی کارەکانی)دا، بەڵگەش بۆ ئەمە، زۆرجار دەبینین کە شارەوانی شەقامێک چاک دەکات، بەڵام جارێکی دیکەو لەپاش چەند مانگێک هەڵیدەوەشێنێتەوە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

* جێبەجێکردنی پرۆژە لەگەڕەکە کۆنو نوێکاندا، پەیوەندیی بەژێر زەوییەوە هەیە، کاتێک ئێمە پرۆژەیەک جێبەجێدەکەین، پێویستە چەند بەڕێوەبەرێتییەک چەند کارێکی دیکە بکەن، لەوانە راکێشانی هێڵی ئاو، کارەبا، هێڵی تەلەفۆن، ئەمانە کاتێک کە پرۆژەکە جێبەجێدەکرێت، جاری وا هەیە بودجەیان نییە، یان نەخشەکەیان تەواو نەبووە، پێویستیو داواکاریی هاوڵاتییانیش بەردەوام وا لەشارەوانی دەکات کەخزمەتگوزارییەکانی جێبەجێ بکاتو رانەوەستێت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە، بەناچاریی شەقامێک قیرتاو دەکەین بۆ گەڕەکە تازەکان، بۆ ئەوەی خەڵک لەهاتوچۆی زەحمەت رزگاریان بێت، بەڵام لەهەندێک شوێندا ناچارین رێگە بدەین بە بەڕێوەبەرێتیی ئاو کە شەقامەکە هەڵبکەنێتەوە، بۆ ئەوەی بۆرییەکان تێپەڕێنێت بەشەقامەکەدا، لەبەر ئەوە دەبینین زۆرجار شەقام دروست دەکرێت، پاش چەند مانگێک، یان ساڵێک فەرمانگەی ئاو دێت بە پانیی شەقامەکە دەبڕێت، بەڵام ئێستا ئەو حاڵەتانە کەم بوونەتەوە لەچاو رابردوودا، چونکە بەردەوام هەمئاهەنگیی هەیە لەنێوان بەڕێوەبەرێتییەکاندا، ئەگەر بودجەیان لەبەردەستدا نەبێت، ئێمە بودجەیان دەخەینە سەر شانی خۆمانو دەیخەینە سەر پرۆژەکانی خۆمان.

**رۆژنامە: چەندجارێک دەنگۆی گواستنەوەی پیشەوەرەکانی ناو بازاڕ بڵاودەبێتەوە، پلانی نوێتان بۆ ئەمە چییە؟**

* بڕیارە بەشێکی زۆری پیشەوەرەکان بگوازرێنەوە بۆ ناوچەی پیشەسازیی، بەڵام لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاریی نەیانگواستەوە، چونکە تۆڕی ئاو و قیری نەبوو، ئەوەش نزیکەی دوو مانگ لەمەوبەر بودجەکەی بۆ تەخانکراوە، کاری قیرتاوو پرۆژەی چاکردنی ئاوی تێدادەکرێت کە پرۆژەکان تەوابوون، دەبێت هەموویان بیگوازنەوەو ئیتر بیانوویان نامێنێت، بەهەمان شێوە مەیدانی دارەکەمان هەبوو، ئەوانیش داواکارییان هەبوو لەدابینکردنی شوێنو خزمەتگوزارییەکانی ئاو و تێکەڵەڕێژکردنو قیرتاوکردنو کارەبا، هەموویمان بۆ تەواوکردوونو ئێستا ئەوانیش خەریکی گواستنەوەن، بەرنامەکە دەستی پێکردووە، هیواداریین لەم دوو مانگەی دوایدا ئەو هەموو خزمەتگوزارییانەی ناوچەی پیشەسازیی دوو تەواوبکرێن، ئەوسا دەستدەکەین بەگواستنەوەیان، شانبەشانی ئەوەش پرۆژەی دیکەمان هەیە بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی نوێ بۆ پیشەوەران.

**رۆژنامە: وا بڕیاربوو، چەند ئەندەرپاس، یان ئەندەر چەینج لە شەقامەکانی سلێمانیدا دروست بکرێن، ئەو پرۆژەیە بەچی گەیشت؟**

* ئەو پلانە لەلایەن پارێزگای سلێمانییەوە دانرابوو، ئێمە بۆچوونی خۆمان لەوبارەیەوە لەسەرداوە، کە شاری سلێمانی لەئێستادا کێشەی رێکخستنی هاتوچۆی هەیە، زیاتر لەوەی کە ئەندەرپاسی بوێت، هەر لەسەرەتاوە پلانی شارەوانی وابووە کە ئەو پردانە لەسەر شەقامی شەستی دروست بکرێن، بۆ ئەوەی خەڵک بچێتەوە بۆ شەقامی شەستیو قەرەباڵغی نەهێنرێتەوە بۆ ناو شارو دەبێت رێکخستنی هاتوچۆ لەدەرەوە بکرێتو شار قفڵ بکرێت.

**رۆژنامە: سەبارەت بە دروستکردنی شۆستە بۆ شەقامەکانی بازاڕ، ئەو پلانەتان بەچی گەیشتە نێوەندی شار هەروا بەبێ شۆستە دەبێت؟**

* دەبێت لەهەموو لایەکەوە پلان دیراسە بکرێت، جارێک دەبێت بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە ناوشار چی لێدەکەین، ئایە بەپێی ئەو سیستمەی دامانناوە لەماستەرپلاندا، ناوشار پیادەڕەوی داخراو بێت، نەک بۆ ئۆتۆمبێل، ئەگەر بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەوەدرا، بەپێی ماستەرپلانی شاری سلێمانی کارکرا کە سەنتەری شارو چالاکییەکانی بەڕێوەبەرییەتییەکان بگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی شار، ئەوسا دەبێت ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا بکەینو بەپێی ئەو پلانە چاکسازیی بکەین.



# لەنێوان نوێبوونو ڕچەشکاندندا

## گۆڕان، لە دووڕیانی بەمێژووبوونو نووسینەوەی مێژوودا



هۆشیار عەبدوڵڵا

خەمی ئەم وتـارە، لـەوە قورسترە لە ڕووپەڕی ستوونێکی ڕۆژنامەییدا جێگەی بێتەوە، لێ قسەکردن لەوەی گۆڕان دەبێتە مێژوو، یان مێژوویەکی نوێ دەنووسێتەوە، ئەگەر تەنیا بە دۆزینەوەی سەرە کلافەکانیش بێت، خراپ نییە.

ئەو هێزانەی گۆڕانیان دروستکرد، بریتین لە هێزو جوڵەی تووڕەبووی کۆمەڵگەو قەڵەمەئازاکانو بیرکەرەوە ئازادەکانو کۆمەڵێک لەو نوخبەو چینە خوێندەوارەی لە چەقبەستوویی سیاسیی بێزار بوون، لەگەڵ بەشێکی گەورەی ئەو کادیرو حیزبییانەی بۆ ئاسۆو دەرفەتێکی تری سیاسەتکردن دەگەڕان، هەڵبەتە بێبەشیش نەبوو لەو کەسو گرووپانەی مەبەستیانبوو، ئیستێک لە کرداری سیاسیی خراپی پێشوویان بکەنو گۆڕان بکەنە دەرفەتێک بۆ بەردوام نەبوون لە هەڵە، هەموو ئەوانە جوڵەیەکیان کرد کە لە بارێکیدا تووڕەبوونی ناوچەیەکە لە دەسەڵاتەکەیو لە بارێکیدا زەنگی پاشەکشەیەکی بەرچاوی هێزێکی سیاسییەو بێگومان بێبەشیش نییە لە دەرفەتی غەفڵەتێکی سیاسیی کە هەستی بە قەبەییو تووڕەییو جیابوونەوەی خەڵک نەدەکرد لە خۆی.

هێزەکانی گۆڕان زۆرنو لە هەمانکاتیشدا تێگەیشتنو بۆچوونیان بۆ چۆنێتیی ئەو گۆڕانە جیاوازەو جیاوازییەکانیش ئاراستەی جیا جیان، هەڵبەتە بە بوونی ئەو تەحەددییەی کە دەڵـێـت، مەرجی سەرکەوتنی گۆڕان ئەوەیە، ئەزموونی یەکێتیو پارتیو فلانو فیسار دووبارە نەکاتەوە، پرسیاری ئەوە دێتە پێش گۆڕان، ئایا نوێ دەبێت لە فۆرمو ڕووکـاردا..؟، یان ڕچەشکێن دەبێتو کۆی مۆدێلە سیاسییەکە دەگۆڕێت؟! نوێبوون، بۆ ئەوەی تەنیا جیاوازیی دروست بکات؟!، یان ڕچەشکاندن بۆ ئەوەی بیگۆڕێت؟!

گـۆڕان، دوای مـۆڵـەتو وەرگرتنی سولفەو دوای تەواوبوونی بەشێکی زۆر لە ڕێکخستنی ناوچەکان لە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە، ئێستا لـەبـەردەم گرێی سەرکردایەتیدایە، چەند جارێک نەوشیروان مستەفا، وتوویەتی: گۆڕان، کادیری حیزبیی هەتاهەتایی دروسـت ناکات. بێگومان، دەبێت ئەمە بۆ سەرکردایەتییەکەش وا بێت. ئێستا دەوترێت، جیاوازییەک هەیە لەوەی سەرکردایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگاکانو بەشێک لە قیادیە کۆنەکانی یەکێتیو دامـەزراوە جیاجیاکانی گـۆڕان دروست ببێت؟، یان قیادەیەکی کاتی لەسەرەوە خۆی ڕابگەیەنێت؟! باشە، ئەوانەی پێشتر قیادی بوون، ئایا مەرجە هەموویان ببنەوە قیادی؟! ئایا ئەمە سەرەتای لێدانی ئەو مەیلە نییە کە دەڵێت: نابێت پۆستو شوێنەکان تاپۆی کەس بن؟! لە لایەکی ترەوە، ئایا هەموو ئەوانەی دێنە سـەرەوە، یان لەسەرەوە دادەنرێن، یەکسانن وەک((دانەکانی شانە))، یان دیسان سەروخوارێک هەیە لەوەی (کێ) پێشتر چی بووەو (کێ)ش ئێستاو تازە دەبێت بەچی؟ ئەم دۆخی عەدالەتە دێتە ئارا کە هەموان بێنە زەمەنی ناغافڵو خۆ لەبیرچوونەوە بەوەی کە پێشتر (چی) بووە؟ حیساب بۆ ئەوە نەکات، چی لەدەستداوەو وازی لە چی هێناوە؟ کە کرۆکی عەدالەتی نێوان هەموانە بۆ ئەوەی وەک یەک وابن، یان مەیلو قەدو قیافەو پاسەوانو ڕۆحی مەسئولیەت هەر دەمێنێت؟! ئەمە ئەو گرێیەیە کە دواتر وێنە دەبەخشێتە گـۆڕان، گرێیەک کە دەکرێت بکرێتەوەو نوێبوونی گـۆڕان بە مانای سەرەتای جیاوازیی دروست بکات، لەگەڵ پارتەکانی تر، دەشکرێت هەمان گرێ بە ئاراستەی دووەمدا بکرێتەوە کە ڕچەشکێن بێتو گۆڕان بێت لە تێکرای بارەکاندا، نەک نوێبوونەوە تەنیا بۆ جیاوازیی.

بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕچەشکێنی بکرێت، پێویستە ڕابردوو و ئێستاش تێپەڕێنرێن، پرسیار ئەوەیە، ئەوانەی کەشتی گۆڕان ئاراستە دەکـەن، لە خەونیاندا بۆ گۆڕان، ڕابــردوو و ئێستایان تـێـپـەڕانـدووە؟! دروستکردنی مۆدێلێک کە بارگاویی نەبێت بە نەخۆشییەکانی ڕابردوو، بە کێ دەکرێت؟! بەوانەی کە پێشتر بەشێک بوون لێیو باش دەیناسنو بە ئەزموونن لێی؟، یان ئەوانەی بێبەرین لە ڕابردوو و لە بەرامبەر فەشەلی ڕابـردوو دەیانەوێت ئایندە بگۆڕن؟! یان بە هەردووکیان؟! ئەگەر لەسەر گریمانەی هەردووکیان بمێنینەوە، پێویستە لەچ دۆخێکدا ئەمە بسازێت؟ دۆخێک کە تیایدا ئەزموونەکانو تواناکان لەلایەن یەکتریەوە سفر دەکرێن، یان دۆخێک تیایدا ئەزموونەکان ئاڵوگۆڕدەکرێنو یەکتری تەواو دەکەن؟ دۆخێک، ئەوەی تەمەنی هەبوو بە پیرو عەقڵ چەقبەستوو بزانرێتو ئەوەی گەنجیش بوو هەڵەشەو بێحیکمەتە؟!، یان عەقڵو کرانەوەی فیکر، تەمەن ناناسێتو بۆ حیکمەتو حینکەی سیاسیش هەروا...

بۆ ئـەوەی قیادەی پێشوو بتوانێت ببێتە بەشێک لە کاروانەکە، پێویستە بێتە خوارەوەو لەسەرەوە تەماشای خوار خۆی نەکات، وەک مارکیز دەڵێت: تەنیا لە کاتی ئەوەدا نەبێت کە بیەوێت یارمەتی یەکێک بدات هەستێتەوە، ئەگەرنا، قەت نابێت لە سەرەوە بۆ خوارەوە بڕوانێت، هەڵبەتە ئەگەر نەوەی نوێش پێی وابێت، بەتەنیا دەتوانێت گۆڕان ئاراستە بکات، لە خۆشخەیاڵیدا دەژی.

ئـەگـەر مەیلێک هەبێت بـۆ ئـەوەی دەموچاوەکانی دوێنێ، هەمان نموونە باڵاکانی ئەمڕۆش بنو بە کەمێک دەموچاوی نوێ ماکیاژ بکرێت، واتا مەیلەکە ڕووکەش بێت، نەک کرۆک، گۆڕان بە زوویی دەبێتە بەشێک لە مێژوو، بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر گۆڕان هی هەمووان بێت لە دۆخی عەدالەتێکدا کە هەمووان وەک یەک تاپۆی گۆڕانیان لەسەرە، گۆڕان دەتوانێت مێژووی سەردەمەکەی خۆی بگۆڕێت، لەو دوو نێوانەشدا ئاماژەی زۆر هەن بۆ ڕەشبینیو بـەهـەمـان شـێـوە ئاسۆ ڕوونییەکیش دەبینرێتو زۆریشن ئەوانەی کە چاوەڕوانی ئەوەن، بزانن ئەم هێزە سیاسییە نوێیە بە ئاراستەی کامیاندا هەنگاو دەنێتو کێن ئەوانەی دەبنە سەرکردەکانی، بە تایبەت کە کۆمەڵگەی ئێمە کێشەو گرێی زۆری لەگەڵ بەرپرسو سەرکردەکانی ڕابردوو هەبووە، چونکە خەمیان بووە لە سەرەوە بن تا خوار خۆیان بچووک ببینن، نەک لە سەرەوە بن، تا قورسایی (ساپیتە)* کە زیاتر لەسەر شانی ئەوان بێت.

گابریل گارسیا مارکیز، دەڵێت: هەمووان حەز دەکەن، لە لوتکەی شاخ بژین، نازانن کە نهێنیی بەختەوەریی لە بەرزییەکەیدا نییە، بەڵکو لە سەرکەوتندایە بە سەریدا، ئایا ئەوانەی مەبەستیانە لە لوتکە بن، خۆیان سەردەکەونو لەزەت لە هیلاکیو مـانـدووبـوون دەبینن بـۆ سەرکەوتن، یان لە ئاسمانەوە بەردەبنەوەو لە لوتکە دەگیرسێنەوە.

* ساپیتە: سەقف

# خنکاندنی ئازادیی بیروڕا، خنکاندنی دیموکراسییە



د. کامەران ساڵەیی

یەکێک لە خاسیەتە هەرە گرنگەکانی دیموکراسی، پێکەوە ژیانی هەموو لایەنە سیاسییەکانە بە ئاشتییانە، کە ئەمە هەم لایـەنـە دەسـەڵاتـدارەکـانو هـەم لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیش دەگرێتەوە. هەرگیز ناکرێت، بوترێت کە دیموکراسی بەرقەرارە، ئەگەر لایەنە دەسەڵاتدارەکان، بەبیانووی ئەوەی زۆرینەی کورسی پەرلەمانییان هەیە، هەر شتێکیان بوێت بیخەنە دەنگدان. بەڵێ، زۆر شت هەیە کە دەکرێت بدرێتە دەنگدان، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە زۆر شتی تریش هەن، ناکرێت بدرێنە دەنگدان، بەو واتایەی کە هەر لە بنەڕەتدا، نەک لایەنی دەسەڵاتدار، بەڵکو هەر خودی پەرلەمانیش دەسەڵاتی ئەوەی نییە دەستکارییان بکات.

ئازادیی بیروڕا، یەکێکە لەو پرەنسیپانەی کە هەرگیزاوهەرگیز ناکرێت، ڕێگەی لێ بگیرێت، ئەگینا نابێت قسە لەسەر دیموکراسی بکەین. جیاوازیی بنەڕەتی نێوان سیستمە دیموکراسیو سیستمە دیکتاتۆرییەکان، بریتییە لە بوونو نەبوونی ئازادیی بیروڕا.


ئـەوەی جێگەی داخـە لـە هەرێمی کوردستاندا، هەمیشە ئەوە دووپات دەکرێتە کە هەرێمی کوردستان نموونەیەکی گەشی دیموکراسییە بۆ سەرجەم عێراقو بگرە بۆ ناوچەکەش، کەچی لەهەمانکاتدا دەبینین وا خەریکە لە چەندین گۆشەوە ئەو دیموکراسییە لەکەدار دەکرێت، بەتایبەتی لەم دواییەدا کە تاڕادەیەکی بەرچاو خەریکە تەنگ بە ئازادیی بیروڕا هەڵدەچنرێت بە جۆرەها بیانوو. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەوانەی لەهەوڵی خنکاندنی ئازادیی بیروڕادان، پێیان وایە کە ئەگەر ئەوەیان بۆ کراو ئەم ئاواتەیان بۆ هاتەدی، ئیتر دەتوانن بە دنیای ڕابگەیەنن دیموکراسی لە کوردستان بوونی ماوە؟ ئایا ئەگەر ئازادیی بیروڕاتان خنکاند، ئەو کات خەڵکی کوردستان چۆن گوزارشت لە ویستو خواستو ئازارەکانی بکات؟

پێویستە هەموومان ئەم ڕاستییە بزانین کە دیموکراسی هەر تەنیا بەوە نایەتەدی کە پەرلەمانو حکومەت هەبێت، بەڵکو پێویستیشە جەماوەر بتوانن بە ئازادانە بیروڕای خۆیان دەرببڕن.

دەبـێـت لایـەنـە دەسـەڵاتـدارەکـانـی کوردستان، ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو بێت کە خنکاندنی بیروڕا، مانای پچڕاندنی هـەمـوو جـۆرە پەیوەندییەکە لەگەڵ جەماوەری کوردستان، چونکە ئازادیی بیروڕا تاکە گەرەنتییەکە بۆ ئەوان تا لە باری ڕاستەقینەی جەماوەر بگەن. بەچەند وشەیەکی تر: ئەگەر دەسەڵاتدار بیەوێت بزانێت، جەماوەر چی دەوێتو چی ناوێت، ئەوا ڕاستترینو خێراترینو مسۆگەرترین ڕێگە بۆ ئەمە، ئەوەیە کە ڕێگەیان پێبدرێت تا ئەوپەڕی پلەی ئازادیی گوزارشت لە بیروڕای خۆیان بکەن، نەک پشت ببەسترێت بە کەناڵە حیزبییەکانو ڕاپۆرتەکان، کە ئەمانە هەرگیز باری ڕاستەقینە ناگەیەننە سـەرکـرادیـەتـیو سەنتەری بـڕیـار لە حیزبەکانو هەر ئەمەشە لەڕاستیدا ئەم کەلێنەی نێوان جەماوەرو دەسەڵاتدارانی لە کوردستان دروستکردووە.

هەوڵدان بۆ خنکاندنی ئازادیی بیروڕا، لە کلتوورێکی زۆر ترسناکەوە سەرهەڵدەدات، ئەویش کلتووری خۆسەپاندنە بەسەر جـەمـاوەرو لایەنە سیاسییەکانی تری وڵاتدا. ئەو دەسەڵاتدارەی ئەم جۆرە هەوڵە دەدات، پێیوایە کە خۆی لەسەرووی هەموو جۆرێکی ڕەخنەو گلەییەو شێوازەکەی ئەو بۆ فەرمانڕەوایی باشترین شێوازەو خەڵکو گەلو وڵات هەر هەموو لە کامەرانی دەژیتو هیچ کەسێک نابێت ڕەخنەی هەبێت، کە دیارە ئەمە خۆی لەخۆیدا تێنەگەیشتنە لە دیموکراسیو سرووشتی مرۆڤو کۆمەڵگا.

دەمەوێت زۆر بەڕوونی بڵێم کە ئەم هەوڵانەی لە ئارادان بۆ خنکاندنی ئازادیی بیروڕا لە کوردستان، سەرتاپای پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە ئەم هەوڵانە لە دواجاردا هیچ بەرهەمێکیان نابێت کە ئێمە ئەمڕۆ لەسەدەی بیستویەک دەژیـن، سەدەی شۆڕشی زانیاریی. باشتر ئەوەیە کە بیر لەوە بکرێتەوە، ئازادیی بیروڕا پەرەی پێبدرێت، چونکە بەهۆی ئەمەوە کوردستانو پرۆسە دیموکراسییەکەی پێش دەکەونو دەسەڵاتدارانیش هەمیشە ئاشنا دەبن لە خواستو ویستی جەماوەر.




# بەرپرسو مامەڵەکردن لەگەڵ کادیر



پشتیوان ئەحمەد*

سـەرەتـا، دەبـێـت کادیری حیزبیی، ڕۆشنبیر بـێـت، بـە واتـای ئەوەی کە متمانەی بە خۆی هەبێتو بـوێـر بـێـتو لە وتنی ڕاستییەکان، یـاخـود ئـەو بابەتانەی ئەو پێی ڕاستە، سڵ نەکاتەوە، هاوکات شارەزا بێت لە کایە فیکریو سیاسییەکانی حیزبەکەیو کەسێکی فەرهەنگی بێت، بەمەرجێک ئەم فەرهەنگیبوونە، کاریگەریی لەسەر کارکردنە میحوەرییەکەی وەکو کادیرێکی حیزبیی نەبێت.

لەبەرامبەردا بەرپرسی حیزبیی، دەبێت لەکارو ئەرکەکانیدا پشت بە کادیری حیزبیی ببەستێت، بەپێی ئەو پێناسەیەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، بڕوای تەواوی بەوە هەبێت کە سەرەڕای خەباتو دڵسۆزییو ڕاستگۆیی، هێشتا لـەڕووی مەعریفیو ئـەزموونـەوە، تواناکانی ناکاملو ڕێژەییو دیاریکراون، گەیشتنی بەرپرسی حیزبیی بەم بڕوایە، بەم قەناعەتە، وای لێدەکات، گوێ لە کادیرەکانی دەوروبەری بگرێتو لەبارەی پێشنیازو بیروڕاکانییەوە، گفتوگۆیان لەگەڵ بکاتو لەئاکامدا دەگەنە بیروڕای هاوبەشی نزیک لە واقیعو حەقیقەت، لەکاتێکدا گەیشتن بە گشت مەوداکانی واقیعو حەقیقەت، کارێکی ئاسان نییە.

بەپێچەوانەوە، ئەگەر بەرپرس خۆی بە زانای هەموو زانستەکانو بە دانای هەموو تیۆرییە زانستییەکان زانی، کە ئەمەش شتێکی مەحاڵە، ئەم بەدحاڵیبوونەی وای لێدەکات کە نەتوانێت بسازێت لەگەڵ کادیرە پراکتیکییەکانی دەوروبـەریو هەماهەنگیی لەگەڵیاندا بکات، دواجار ئەم حاڵەتە، ناکۆکییو دوورکەوتنەوەی نـێـوان بـەرپـرسو کـادیـرە دڵسۆزو چالاکەکانی حیزبی لێدەکەوێتەوەو ئەم بەدحاڵیبوونە لەنێوان بەرپرسو کادیرە سەرڕاستو بوێرەکان، لەلایەن کەسانی هەلپەرستو ماستاوچییەوە سوودی لێوەردەگیرێت، ئەوانەی هیچ پاشخانێکی ڕۆشنبیرییو خەباتیان نییە، قەرەبووی ئەم کەموکوڕییە، بەماستاوکردنو پیاهەڵدانی بەرپرسەکان دەکەنەوەو هەوڵی ئەوە دەدەن کە بەرپرسەکان چـەواشـە بکەنو بڵێن: کەسانێکی ڕێکپۆشو لەکاتی قسەکردندا ڕەوانبێژو دانایەکن کە بەرامبەریان نییەو دادوەرێکن کە هەمووان لەکاتی کێشەو ناخۆشیدا پەنایان بۆ دەبەن، هەروەها لەلاوازترین باردا، ئەنگێزەیەکی نەرجسی تێیاندا دەچێننو لەبەهێزترین بـاردا، گیانی تۆتالیتاری لەناخیاندا دەڕوێنن.

ئیدی لەم پانتاییە لێڵەدا، خەڵکانی ماستاوچیو دووڕوو، ڕامـکـراوو گوێڕایەڵ خۆشەویست دەبنو ماستاو ساردکردنەوەکەیانو دووڕووییەکانیان، لەلایەن بەرپرسە کاڵفامەکانەوە بە زیرەکیو دیپلۆماسی زانین لە قەڵەم دەدرێت، لەهەمانکاتدا کادیرە ڕاشکاوو بوێرەکان، بەئاژاوەچیو سەربەگۆبەن لە قەڵەم دەدرێـنو چارەنووسیان دوورکـەوتـنـەوەو پەراوێزخستن دەبێتو ئەم دیاردەیەش تەشەنە بکات، بۆشاییەکی گەورە لەنێوان ئەو حیزبەو جەماوەری زەحمەتکێش ڕوودەداتو حیزبەکەش تووشی نوچدان دەبێت، بۆیە دەبێت کار بۆ ئـەوە بکرێت کە پەیوەندییەکی ڕاستو دروست لەنێوان بەرپرسو کادیری ڕاستەقینەدا چێبکرێت لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەرو جێگیرکردنی میتۆدی دیموکراتی لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا.

* ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق

## لە هەولێرو سلێمانی، غەدر لە ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ دەکرێت

# نهێنییەکانی دابەشکردنی خانووەکانی (هەواری زانکۆ)

بەدواداچوونی: چاوان عەلی

زەوی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە، دوای فرۆشتنی زەوییەکە، خانوویەکی گەورە لەناو شار دەکرێت و دەیدات بە کرێ و دەچێتە خانووەکانی (هەواری زانکۆ)، بە بیانووی ئەوەی لەوێ هاوسێی مامۆستایانی زانکۆ دەبێت.

ئەمە چیرۆکی مامۆستایەکی زانکۆیە بە پلەی دکتۆرا کە نزیکەی (٣٥)خاڵی هەیەو پێشتر بە وەرگرتنی زەوی سوودمەند بووە لە زانکۆو ئێستاش بە وەرگرتنی خانوو.

وەزارەتی خوێندنی باڵا، پێوەرەکانی وەرگرتنی زەوی و خانوو لە حکومەت دەشێوێنێت و بە پاساوی یاسایی، لەبری یەک جار، چەندجارێک ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێم، لە حکومەت سوودمەند دەبن.

زانکۆی سلێمانی (١٤٠)خانووی لە هەواری زانکۆ (شوێنێکی بڵند کە بەسەر شاری سلێمانیدا دەڕوانێت) بەسەر مامۆستایانی زانکۆدا بەشێوەی کرێ دابەشکرد، بەڵام بەشێک لە مامۆستایان گلەییان لەو دابەشکردنە هەیەو پێیان وایە کە نادادپەروەریی تێدا کراوەو سەرۆکی زانکۆ بە بەرپرس دەزانن.

### فەرمانی دەستپێکردن

دوای ئەوەی فەرمانگەی یاسایی سەرۆکایەتیی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لە (٢٠٠٨/٦/٢٤) بە ئیمزای عومەر فەتاح، جێگری ئەوکاتەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، بڕیار بە فرۆشتنی خانووەکانی زانکۆ بە مامۆستایانی زانکۆ دراو جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە نابێت، نە خۆی و نە هاوسەرەکەی پێشتر لە حکومەت سوودمەند بووبن.

دواتر، سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی/ فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ، بە نووسراوی ژمارە (١٤١١/٢٩/٧) کە لە (٢٠٠٨/٨/٢٠) دا دەرچووە، ئاماژە بە فەرمانی زانکۆیی ژمارە (٩٩٤/٣/٧) کراوە کە لە (٢٠٠٨/٨/٤) تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ فرۆشتنی (١٣٥) یەکە لەو خانووانەی بۆ مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لە هەواری زانکۆ دروستکراون، پێکهاتووە.

هەر لەگەڵ ئەو فەرمانەدا، مەرج و ڕێنماییە گشتییەکان بۆ پڕکردنەوەی فۆرم بەسەر گشت کۆلێجەکاندا گشتێنرا، کە لەخاڵی پێنجەمیدا هاتووە: «ئەو مامۆستایانەی پارچە زەوییان وەرگرتووەو تەسەروفیان پێوە نەکردووە، پێویستە ئەو پارچە

> ئەو نادادپەروەرییەی کە هەیە، تەنیا پەیوەندیی بە مامۆستایانی زانکۆوە نییە، بەڵکو گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵی گرتووەتەوە

زەوییە بگەڕێننەوە بۆ شارەوانی پەیوەندیدارو ئەگەر تەسەروفیان پێوە کردبوو بە فرۆشتن، نرخی راستەقینەی زەوییە فرۆشراوەکە بگەڕێننەوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی گەنجینەی سلێمانی»، لەدوای گشتاندنی ئەم فەرمانە، فۆرمێکیان بەسەر مامۆستایاندا دابەشکردو لە مەرجە گشتییەکانی فۆڕمی دابەشکردنی خانووە تازەکانی زانکۆی سلێمانی( هەواری زانکۆ) دا، چەندینجار جەخت لەوەکراوەتەوە کە «ئەو مامۆستا بەڕێزانەی خاوەنی خانووی تایبەتی خۆیانن، مافی پڕکردنەوەی فۆرمیان نییەو ئەو مامۆستایانەی خێزاندارن و خێزانەکانیان لەگەڵیاندا ناژین، مافی پڕکردنەوەی فۆرمیان نییە، هەروەک تیایدا هاتووە کە هەر مامۆستایەک یەکێک لە خانووەکانی هەواری زانکۆی دەدرێتێ، دەبێت پەیوەستنامەیەک پڕبکاتەوە لای دادنووس کە دوای تێپەڕبوونی (٥)ساڵ خانووەکە چۆڵ بکات، هەروەها لەکاتی دابڕانی ئەو مامۆستایە لە خزمەتکردنی زانکۆی سلێمانی».

بەڕوونیش، ئەوە لە مەرجەکاندا ئاماژەی پێکراوە «ئەگەر مامۆستا، زانیاریی ناڕاست بدات، لەکاتی ئاشکرابوونی نادروستی ئەو زانیارییانە، ئەوا بێبەشدەکرێت لە وەرگرتنی خانووەکان لە هەرقۆناغێکدا بێت».

واتە، لێرەدا بڕیارەکە گۆڕاوەو وا بڕیاربووە کە خانووەکان بە کرێ بۆ ماوەی (٥)ساڵ بدرێت بە مامۆستایانی زانکۆ، کە دواتر گۆڕانی بەسەردا هاتووەتەوە، لەمبارەیەوە، د. فاروق عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی دابەشکردنی خانووەکان، ئەوەی ڕەتنەکردەوە کە سەرەتا خانووەکان بۆ فرۆشتن بوون، دوایی کرا بە کرێ و دواتر کرایەوە بە فرۆشتن و دواتر کرایەوە بەکرێ، بەڵام دەستکاریی ڕێنماییەکانیان نەکردووە کە لەسەری ژماری خاڵەکانی بنیاد دەنرێت.

### هۆکارەکانی گۆڕین

د.فاروق هۆکاری ئەو گۆڕانکارییانەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی لە ئەنجومەنی زانکۆ پێشنیاز کراوە، خانووەکان لە فرۆشتنەوە بکرێنە کرێ، تا زۆرترین مامۆستای زانکۆ سوود لەو خانووانە وەربگرن، نەک بفرۆشرێن و تەنیا ژمارەیەک مامۆستا لێی سوودمەند بن.

ئەم بۆچوونە لەلایەن بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆوە قبووڵ نییە، مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی کە نەیویست ناوی بهێنرێت، ئەوەی بۆ رۆژنامە جەختی لەوە کردەوە کە ئەو گۆڕانکارییانە تەنیا، بۆ بەرژەوەندیی ئەو مامۆستاو دکتۆرانەی زانکۆ ئەنجامدراون کە خاڵیان زۆرەو پێشتریش هەر ئەوان سوودمەند بوون بە وەرگرتنی زەوی و لەبەرئەوەی نەدەکرا خانووەکانیش بە فرۆشتن بدرێت بەوان، ئەنجومەنی زانکۆ بڕیارەکەیان لە فرۆشتنەوە گۆڕیوە بۆ کرێ.

### لیستی پاڵێوراوان

یەکەم ریزبەندیی لیستی پاڵێوراوان بۆ کڕینی خانووەکانی هەواری زانکۆ، بە نووسراوی ژمارە (٤٢٠/٢٩/٧) لە (٢٠٠٩/٣/٣)دا دەرچوو و لیستەکەش لە (٢٠٢)ناوی مامۆستایانی زانکۆ پێکهاتبوو، کە لە (١٣٢)خاڵەوە دەستی پێکردبوو تا (٩)خاڵ، بەڵام (١٠)رۆژ بۆ تانەلێدان دانراو پێداچوونەوە بە لیستی یەکەمدا کرا، چونکە نارەزایی لەسەر هەبوو، دەیان مامۆستای زانکۆ کە ناویان هاتبووەوە بۆ وەرگرتنی خانووەکان، پێش وەخت سوودمەند بوون لە حکومەت و زەوییان وەرگرتووە، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک پێکهێنراو لە ئەنجامدا لیستی دووەم لە (٢٠١٠/٤/٧)دا بە نووسراوی ژمارە (٦٩٤/٢٩/٧) راگەیەنرا، کە ناوی (١٩٤)مامۆستای زانکۆی لەخۆگرتبوو، ژمارەیەک مامۆستا کە لە لیستی یەکەمدا ناویان هەبوو، لابرابوون، ئەمەش گۆڕانی بەسەردا هات و دوا ریزبەندیی لیستی پاڵێوراوان بۆ بەکرێگرتنی خانووەکانی هەواری زانکۆ دەرچوو، ئەمجارە لیستی کۆتایی بوو و (١٦١)کەس بوون بۆ (١٤٠) خانوو.

سەبارەت بەو گلەیی و گازندانەی بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆش کە پرۆسەی دابەشکردنی خانووەکان بە نادادپەروەرانە وەسف دەکەن، د. فاروق وتی: «ئێمە لە زانکۆی سلێمانی، تەنیا کرێکاریمان کردووە، ڕێنمایی سەرەوە بووەو جێبەجێمان کردووە».

بە وتەی سەرچاوەیەک لە زانکۆی سلێمانی، تەنیا نزیکەی (٣٦)مامۆستایان بە مافی خۆیان خانووەکانیان بە کرێ وەرگرتووە، چونکە ئەوان پێشتر لە وەزارەتی خوێندنی باڵا سوودمەند بوون، یان هەندێکیان زانیارییەکانیان بە راست و دروستی نەداوە بە لیژنەکە.

بەڵام، د. فاروق جەختی لەوە کردەوە کە بەشێوەیەکی رەسمیی، هیچ یاساو ڕێنماییەکیان پێنەگەیشتووە کە بڵێت، ئەوەی زەوی وەرگرتووە، خانوو وەرنەگرێت و وەرگرتنی زەوی لەگەڵ بەکرێدانی خانوو، جیاوازە، چونکە زۆر مامۆستا هەیە کە راستە زەوی وەرگرتووە، بەڵام پارەی نییە بیکات بە خانوو.

ئەم بیانووەی سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی، لەلایەن ئەندامێکی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستییەوە جێگای گومانە، چونکە بێمتمانەییەک هەیە لە لایەن خەڵکەوە بە دەسەڵات. د. جەعفەر عەلی، پەرلەمانتارو ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئاماژەی بەوەکرد: کۆمەڵێک پرەنسیپ هەن لە دابەشکردنی خانووەکاندا، دەبوو مەرج بێت کە تۆ پێشتر سوودمەند نەبووبیت، هەروەک ڕەنگە ئاسایی بێت کەو ئەو بیانووە قبووڵ بێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەو مەسەلەیە زۆرکات دووبارە بووەتەوە کە سەرەتا وەک حیلەیەکی قانوونی دەیکەنە کرێ و پاش ماوەیەک لەسەریان تاپۆدەکەن و هەوڵی بۆدەدرێت وەک ئەوەی قەریەی زانکۆی هەولێرو چەندین نموونەی دیکە لە وەزارەتەکانی دادو تەندروستی و ...هتد.

### گوندی زانکۆی هەولێریش، هەروا...

لەلایەکی دیکەوە، خانووەکانی گوندی زانکۆی هەولێریش بەشێکە لە کێشەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا کە لە هاوینی (٢٠٠٧)ەوە، نێچیرڤان بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی حکومەتی هەرێم بوو بڕیاریدا بە تاپۆکردنی خانووەکانی گوندی زانکۆ لە هەولێر کە نزیکەی (٢٠٠) خانووەو بە «نرخێکی گونجاو» لەسەر ئەو مامۆستایانەی کە بە کرێ پێش چەندین ساڵ وەریانگرتووە، تاپۆبکرێت.

د. ئیسماعیل شکور، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین کە ئێستا دانیشتووی یەکێک لە خانووەکانی (قریەی زانکۆیە)، لە لێدوانێکدا روونی کردەوە، کە سەرۆکی پێشووی حکومەت، بڕیاری تاپۆکردنی خانووەکانی داوە بۆیان، لەبەرئەوەی ساڵانێکە نیشتەجێی ئەو خانووانەن و خزمەتی زانکۆیان کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوبڕیارەوە نارەزاییەکی زۆر کەوتەوە، بۆ ئەمەش وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاریدا بە دروستکردنی (١٠٠٠) خانوو بۆ ئەو مامۆستایانەی سوودمەند نەبوون بە وەرگرتنی خانوو، بەڵام خانووەکان لەسەر زەوی حکومەت و بە قیستی مانگانە دروست دەکرێن.

هاوکات، سەرچاوەیەک لە زانکۆی سەلاحەدین بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو مامۆستایانەی قەریەی زانکۆ، پێشتر بە وەرگرتنی زەوی لە حکومەت سوودمەند بوون و ئێستاش خانووەکانیان لەسەر تاپۆدەکرێت کە پێشتر بیانووی بە کرێبوونی ئەو خانووانەیان هەبوو تا زەوییان بدەنێ، هەروەک ئەو مامۆستایانەشی کە (١٠٠٠)خانووەکەیان بە پارەی خۆیان بۆ دروستدەکرێت، ئەوانیش زۆربەیان لە حکومەت سوودمەند بوون بە وەرگرتنی زەوی و ئێستاش هەر لەسەر زەوی حکومەت، خانوویان بۆ دروست دەکرێتەوە.

ئەندامەکەی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی پەرلەمان، دەڵێت: «ئەو نادادپەروەرییەی کە هەیە، تەنیا پەیوەندیی بە مامۆستایانی زانکۆوە نییە، بەڵکو گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵی گرتووەتەوە کە بەداخەوە، نادادپەروەریی زۆر لە دابەشکردنی ئیمتیازاتەکاندا هەیە، چونکە بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی شارەوانیش، هەرکەس جارێک لە حکومەت سوودمەند بووبێت، ناتوانێت سوودمەند ببێتەوە».

ئەو خانووانەش کە ناوی کرێیان لێدەنرێت و موڵکی حکومەتن، بە وتەی د. جەعفەر، موڵکی گشتین و کاتێک پاش ماوەیەک حکومەت بڕیار دەدات لەسەرت تاپۆ بکات، ئەوا پێشێلکردنێکی ئاشکرای یاسایەو بازدانیشە بەسەر مافی هاوڵاتییاندا کە ئەو مامۆستا، یان کەسەی دیکە کە دوو ئیمتیاز وەردەگرێت، پێویستە ویژدانی ئەوە قبووڵ نەکات، چونکە مافی مامۆستایەکی دیکە دەخوات.



خانووەکانی هەواری زانکۆ لە دەروازەی شاری سلێمانی

فۆتۆ: رۆژنامە

# خیانەت و نیشتمانپەروەریی



هیوا جەمال

حیزبەکانی ناو دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان (بەتایبەت یەکێتی‌و پارتی) دەیانەوێت، وا نیشانی خەڵک بدەن کە مەسەلەکانی بەغداو هەولێر، جودان‌و ناکرێت ئەو دۆسییانە تێکەڵاوی یەکتر بکرێن.

بیانووەکەی ئەو حیزبانە، ئەوەیە کە کورد لە بەغدا بەرامبەر بە عەرەب شەڕی دیموکراسی‌و بەدیهێنانی مافەکانیان دەکەن‌و پێویستە لەوێ هەمووان پێکەوە بڕیار بدەن‌و لە مەسەلەکاندا هاوبۆچوون بن.

بۆئەوەش بیانوویەکیان هەیە کە دەڵێن، بۆ ئەوەیە بەرامبەرەکانمان وا هەست نەکەن، درز کەوتووەتە پەیوەندییەکانمان‌و کورد یەکدەنگ‌و یەکهەڵوێستە.

ئەگەر بە رووکەش لەو گوتارە بڕوانین، ئەوا ڕاستییەکی تێدایە، بەڵام ئایا ئەم دوو حیزبە، خۆیان بەو شێوەیە مامەڵەیان کردووە، ئەوان دۆسییەکانی کوردستانیان بە بەغداوە نەبەستووەتەوە؟

لەلایەکی تریشەوە، ئۆپۆزسیۆن‌و بەتایبەت بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێت، ڕاستە، پێویستە کورد لە بەغدا یەکهەڵوێست بێت‌و بڕوامان پێیەتی، بەڵام لە هەموو مەسەلەکاندا، نا.

گـۆڕان، بەڵگە بۆ ئەو باوەڕەی دەهێنێتەوەو دەڵێت، بۆئەوەی بیسەلمێنین کە بەرژەوەندیی گەلی کورد لە پێش بەرژەوەندیی حیزبییەوەیە، بەشداریمان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا کردووەو پرۆژەیەکی (١٩)خاڵیمان ئیمزا کردووەو وازمان لە هەندێک بەرژەوەندیی بزووتنەوەکەمان هێناوە.

گۆڕان، بڕوای وایە کە ئەوان نەچوونە ناو فراکسیۆنێکەوە، بەڵکو ئەوە گۆڕانە هەڵگری ئاڵای بەرگریکردن لە میللەتی کوردەو دەیەوێت مافەکانی بهێنێتە دی، بۆیە گـۆڕان خـۆی وەک ئاڵاهەڵگری بەدیهێنانی مافی میللەتەکەی لەقەڵەم دەدات‌و پێی وایە، هەر کەسێک بیەوێت ئەو مافانە بهێنێتە دی، شەرم ناکەن لەوەی هاوکاریی بکەن.

گـۆڕان، لە چەند بۆنەو لێدوانێکی ڕەسمیی‌و نارەسمیدا، ئـەوەی داوە بە گوێی سەرانی یەکێتی‌و پارتیدا کە ئەگەر لە کوردستان ئـازادیـی ڕادەربـڕیـن‌و مومارەسەی کاری دیموکراسی‌و مافی هاوڵاتییان‌و جیاکردنەوەی حیزب لە کاروباری حکومەت‌و بێلایەنیی هێزی پێشمەرگەو چەند مەسەلەیەکی گرنگی دیکەی پەیوەند بە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکەوە، باش نەکرێن، ئەوا مەسەلەی کوردستان وەک دۆسیەیەک دەبەستنەوە بە مەسەلەی بەغداوە.

بە واتایەکی دیکە، گۆڕان دەڵێت، ئەگەر لە هەرێم ئەو دوو حیزبە نەتوانن کەش‌و هەوایەکی لەبار بۆ هاوڵاتییان بگونجێنن، ئەوا لە بەغدا بێدەنگ نابین.

هەردوو حیزبەکە (یەکێتی‌و پارتی)، دەنگۆکان لـەدەوری ئەوە کۆدەکەنەوە کە مەسەلەی بەغدا جیاوازەو کارکردنی‌و هەرلایەک بە هەرباریێکدا کە کاریگەریی لەسەر یەکدەنگیی کورد هەبێت، ئەوا خیانەت، یان دەستبەرداربوونە لە ئامانجە نەتەوایەتییەکان.

ئـەوەی جێگەی سەرنجە، هـەردوو حیزبەکە کۆی کارکردنیان بەرمەبنای وابەستەیی هەولێرو بەغدا، لە نێوان یەکدا دابەشکردووەو هەر گۆڕانێک لە بەغدا کار لە هەولێر دەکات‌و بەپێچەوانەشەوە.

بۆنموونە، لێرە سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی پەرلەمان‌و چەند پۆستێکی تر بۆ پارتین‌و لە بەرامبەردا لە بەغدا، سـەرۆکـی کـۆمـارو جێگری سـەرۆک وەزیرانی عێراق‌و چەند پۆستێک بۆ یەکێتی، جا ئەگەر سـەرۆک کۆماریی نەدرایەوە بە کوردو بەر یەکێتی نەکەوت، ئەوا لە هەولێر پۆستەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەڵبەتە ئەمەشیان بەپێی ڕێککەوتنێک کە ناویان ناوە ستراتیژیی، لەنێوان خۆیاندا دەستنیشانکردووە.

دەکرێت ئەوان بۆیان حەڵاڵ بێت کە دۆسیەی هەولێرو بەغدا پێکەوە گرێ بدەن، بۆ لایەنەکانی تر حەرام بێت ئەو دوو دۆسیەیە پێکەوە ببەستنەوە؟

دەکـرێـت ئەگەر ڕێککەوتن لەگەڵ خۆیاندا بوو، ئەوا عێراق عێراقێکی فیدراڵ‌و ئێمەش وەک هەرێم لەژێر چەتری ئەو فیدراڵییەداین‌و عەرەبەکان برامان‌و هاونیشتمانین‌و هەموومان لەیەک وڵاتدا دەژین‌و لە پارەی یەک نەوت دەخۆین، بەڵام ئەگەر ڕێککەوتن لەگەڵ ئەواندا نەبوو، ئەوا ئێمە خاکی جیامان هەیەو عەرەب هەر هەر دوژمنەو دەبێت جیاببینەوە؟

پێویستە لەمەودوا، هـەردوو حیزب هەڵوێستەکانیان ڕوونبکەنەوەو چیدی بە ناوی گەلی کـوردەوە بڕیار نەدەن‌و چیتر نابێت خۆیان بە نیشتمانپەروەرو کوردپەروەر بزانن‌و خەڵکیش بە تێکدەر، بەڵکو ئێستا ئەوان نوێنەرایەتیی بەشێک لە خەڵکی کوردستان دەکەن‌و لایەنەکانی تریش، بەشەکەی تری‌و هەمووان پێکەوە بڕیار دەدەن.

---

# ئایا دەتوانرێت، بوونی نەتەوەکان بسڕدرێتەوە لەنێوان نەتەوەی تورکمان‌و نەتەوەی کورددا؟



نازم سائیغ

تورکمانەکان، ڕۆژێـک لە ڕۆژان نەیانوتووە، کورد بوونی نییەو کلتووری نییەو هیچ ترسێکی واشیان نەبووە کە ڕۆژێـک لە ڕۆژان کـورد، دەسەڵاتێکی وا بـەدەسـت بێنێت‌و تورکمانەکان بچەوسێنێتەوە،بەرامبەربەمەش،کورد،هیچ کاتێک نکۆڵی لە بوونی تورکمان نەکردووە، چۆن کوردو عەرەب‌و ئاشووری‌و گەلانی تر خەباتیان کردووە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان، تورکمانیش وەک ئەوان خەباتی گێڕاوەو شەهیدی داوەو دەربەدەر بووەو ماڵی وێران بووە، جا هەر میللەتێک بە تێڕوانینی خۆی وێنەو نەخشەی بۆ خەباتەکەی کێشاوە، لەسەرەتای ساڵی نەوەدەکانەوە، تورکمانەکان شانبەشانی برا کوردو عەرەب‌و ئاشوورییەکان، بە شێوەیەکی ڕوون‌و ئاشکرا لە ناوچەی ئازاد خەباتیانگێڕاوە، بەڵام تا ئێستا نزیکەی بیست ساڵە لە قوتابخانە تورکمانییەکانماندا، ناتوانین مـێـژووی خۆمان بە زمانی خۆمان بخوێنین‌و بۆمان نییە لافیتەی دوکانەکانمان بـە زمـانـی تورکمانی بنووسین‌و ناوی تورکمانی بۆ دانێین‌و زۆر شتی تری لەو شێوەیە کە لێرەدا نامەوێت باسیان بکەم، ئەمانەشم تەنیا بۆ نموونە باسکرد، هەروەها نکۆڵیش لە بوونی چەند حیزب‌و بزووتنەوەو سەنتەرو کۆمەڵەو یانەو لایـەن... هتد تورکمانی هەیەو زۆریشیان ڕۆژنـامـەو گۆڤارو ڕادیـۆو تەلەفزیۆنیان هەیە کە باسیش لەو حیزبە تورکمانییانە دەکەین، باس لە چالاکییەکانیان ناکەین‌و باس لە کارابوونی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەکانیان ناکەین کە لە ئەوپەڕی شکستیدان، بەڵام ئەمانە هەر هەموویان بەڵگەیەکی زیندوو نین بۆ بوونی تورکمان، بەڵام بەداخەوە، گرووپێک لەناو کۆمەڵگای کـوردی کە خۆیان بە چینی ڕۆشنبیر دەزانـن، بـەڵام حاشاو سەد حاشا ئەمانە دوورن لە نەک هەر لەچینی ڕۆشنبیر، بەڵکو دووریشن لە زۆرشتی وەک مرۆڤایەتی کە بەهیچ شێوەیەک مرۆڤایەتی ڕێگا بەکەس نادات، میللەتێک لەسەر نەخشە بسڕێتەوە. لەم ڕۆژانەی پێشوودا، بابەتێک لە گۆڤارێکدا دەڵێت: (تورکمان نە نەتەوەیەو نە خاوەن خاکن‌و نە خاوەن کلتوورن) بە گوێرەی ئەم وتەیە، دەبێت ئێمە پەنابەربین لەم وڵاتە، ئەگەر نا، دەبێت بارکەین‌و بڕۆین، بەڵام بۆ کوێ؟ دەبێت بڕۆین بۆ تورکیا، چونکە هەرخۆی دەڵێت: (تورکمانەکان بەرماوەی کلتووری مێژووی تورکیان)و هەر پاشان دەڵێت: (تورکیا، بێمێژووترین‌و بێشارستانیترین‌و بێکلتوورترین کۆمەڵەی مرۆڤی جیهانن)، واتە دەبێت ئێمە خەڵکی گۆی زەوی نەبین‌و بارکەین بۆ مەریخ، توخودا خەڵکینە، ئەم جۆرە بۆچوونانە باویان ماوە؟ بەتایبەتی لە چەرخێک کە بە چەرخی عەولەمە ناودەبرێت. من، ئەم بۆچوونانە بەسەر کۆی میللەتی کورد ناسەپێنم، چونکە لەو بڕوایەدا نیم کە میللەتێک چەندین ساڵ لە ژێر زوڵم‌و زۆرداریی‌و چەوسانەوەدا ژیابێت‌و هەر کە بـووە خـاوەن نیمچە دەسەڵاتێک، نکۆڵی لە بوونی گەلێکی وەک تورکمان بکات‌و ناسنامەکەی بسڕێتەوە، بە بۆچوونی ئەم کە دەڵێت: (زۆربەی زۆری تورکمانەکان، بە ڕەگەز کوردن)، ئەم زۆر ڕاست دەکات، ئەگەر ئەم‌و هاوشێوەی ئەم کە دەڵێن، هەموو پێغەمبەرەکان کوردبن‌و سپارتاکۆسیش کوردبێت، ئەوا بۆ تورکمان کورد نەبێت؟ لێرەدا نامەوێت باس لە بوون‌و نەبوونی تورکمان بکەم، چونکە تورکمان زۆر لەمە بەرزترە، بە دوو دێڕ باسی بکەم، چونکە پەرتووکە مێژووییەکان‌و دۆکیۆمێنتە ئاسەوارییەکان کە زانایان‌و نووسەرانی دێـریـن، بە تێروتەسەلی باسیان کردووە بە بەڵگەوە، بەڵام ئەگەر خەڵکانێک هەبن، ئامانجی تریان هەبێت، ئەمە کێشەی تورکمان نییەو نابێت لەسەر حیسابی تورکمان بێت‌و نکۆڵی لە بوونی بکرێت‌و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی بدرێت، هەرچەندە ئەمیان مەحاڵە، چونکە زۆر هەن ویستیان ئەم کارە ئەنجام بدەن، بەڵام هەوڵەکانیان پووچەڵ بوونەوە، لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەداو دەڵێت: باشە، بۆچی بۆ ئێوە پەیوەندیبەستن بە هەر وڵات‌و لایەنێک کە هاوکاریتان بکەن‌و بەشداریی لە شۆڕشەکانتان بکەن‌و نەخشەی سیاسەتتان بۆ دارێـژن، ئاسایی‌و حـەڵاڵ بێت‌و بۆ ئێمەش حـەرام بێت؟ ئەگەر تورکمان پەیوەندیی لەگەڵ تورکیای هاودین‌و هاو زمانی هەبێت، ئەوا قیامەت دەقەومێت‌و بە خاین‌و میت لە قەڵەم دەدرێین. بەهەر حاڵ، من گلەیی لە جۆرە کەسانە ناکەم، چونکە کە دەبینی زیاتر لە (١٢)حیزب‌و لایەن‌و کەسایەتی سیاسی‌و کومەڵایەتی‌و کلتووری تورکمان هـەن‌و جۆرەها هۆیەکانی ڕاگەیاندنیان هەیە، سەرەڕای ئەمانەش، پێنج ئەندامی تورکمانیشمان لە پەرلەمان بۆ دەستنیشان کراوە، کەچی بۆ داکۆکیکردن لە ناسنامەکەیان، نوزەیان لێ نایەت، هەر سەر قاڵی پلەو پایەو پارەکۆکردنەوەو خانوو دروستکردنن، درێغیش لە هێرشبردنە سەر تورکمانەکانی ترو بەرەی تورکمانی، کە لە سایەی ئەم بـەرەیـەوە بوونەتە ئەم جـۆرە پیاوەو لاشیان گرنگ نییە کەس قسەیان لەسەر بکات، یان نا، ئەوەیان لا گرنگە، ئەوەی قسەیان لەسەر دەکات، تورکمان نەبێت، هەروەها پلەو پۆست ئیمتیازەکانیان لە کیس نەچێت، جا گەلی تورکمان چاوەڕوانی چی لەوانە بکات کە توانای داکۆکیکردنیان لە ناسنامەکەیان نەبێت‌و توانای دەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دژی ئەم جۆرە بۆچوونانە نەبێت، کە دەبێت بۆ حاڵەتێکی ئاوا کۆببنەوەو بەیاننامەیەکی هاوبەش دەربکەن‌و ئەگەر پێویستی کرد، سکاڵای یاسایی تۆماربکەن، بەڵام مەحاڵە ئەم شتە ڕووبدات، هەروەها نابێت هۆیەکانی بەناو ڕاگەیاندنی تورکمانیش، دورەپەرێز بوەستن‌و هەریەکەو بەقەدەرخۆی ئەرکێکی بەر دەکەوێت لەم هۆی ڕاگەیاندنانە کە بریتین، لە: (ڕادیۆو تەلەفزیۆنی تورکمانئیلی داگیرکراو- ڕۆژنامەی تورکمان کە لەلایەن ڕاگەیاندنی پارتی تورکمانئیلی دەردەچوو، کە خۆم سەر نووسەری بووم لە ساڵی ١٩٩٧ – گۆڤاری دۆغـرو-ڕۆژنـامـەی قارداشلق – گۆڤاری باریش – ڕۆژنامەی ڕای تورکمان‌و ڕۆژنامەی سەرای)و ئەو هۆیە ڕاگەیاندنانەی تورکمان کە ناوم نەهێناون‌و لە بیرم نین، هەر هەندێک لەم ڕۆژنامانە پەکیان کەوتووە، چونکە هیچیان نییە تا بـڵاوی بکەنەوەو ناشیانەوێت هیچ بنووسن‌و سەری خۆیان بئێشێنن‌و هـەروەهـا بودجەشیان کەمەو بەشی خۆیان ناکات، جا بۆ ڕۆژنامە دەرکردن لەکوێ بێنن. لە کۆتاییدا، ئایا دەکرێت من وەکو تاکە کەسێک‌و وەک چالاکوانێک‌و ڕۆژنامەنووسێک، ئەرکی ئەم هەموو لایەنانە بخەمە ئەستۆم‌و ئەوانیش بێدەنگ‌و دەستەوئەژنۆ بوەستن؟ هەرچەندە ئەمە بە کارێکی پیرۆزی خۆم دەزانم‌و هیچ کاتێک درێغی لەم کارەم ناکەم‌و منەتیش لەسەر کەس ناکەم، داوای هیچ پلەو پایەیەکیش ناکەم، تەنیا ئەگەر مافیشم هەبێت‌و داوای بکەم، ئەوا وەک مافی هاوڵاتییەک، نەک لەسەر حیسابی مافی تورکمان، تکایە بەهەڵەدا نەچن...

**ناتوانین مێژووی خۆمان بە زمانی خۆمان بخوێنین‌و بۆمان نییە لافیتەی دوکانەکانمان بە زمانی تورکمانی بنووسین‌و ناوی تورکمانی بۆ دانێین**

---

## لە پەرلەمانەوە



کاردۆ محەمەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# پێگەی پەرلەمان، لە چاکسازیی وڵاتدا

ئەگەر بڕیارە، هەنگاو بنێین بە ئاقاری چاکسازیی لە سیستمی سیاسیی هەرێمەکەماندا، دەبێت هەنگاوی بەرایی، پەرلەمانی کوردستان بێت.

پەرلەمان، وەک دامـەزراوەیـەکـی بنەڕەتی لەسیستمەکەدا، بـواری کـاری ڕۆشـنـە، هەر لە متمانەدان بە حکومەت‌و داڕشتنی یاساو پەسەندکردنی بودجە، تا بڕیاردان لە پرۆژە یاسا بە ژمـارەی ئەندامانی پەرلەمان، یان لە لایەن حکومەتەوە پێشکەشی دەکرێن‌و لایەکی تری بوارەکەی، چاودێرییە لەسەر حکومەت.

ناسینی پەرلەمان، لە گەوهەری ڕاستەقینەی خۆی، بۆمان دەردەخات کە وەک یەکێک لە دەسەڵاتە سەرەکییەکانی سیستمەکە، کارابوونی، چ ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان‌و چاکسازیی دامەزراوەییدا دەبینێت‌و ئەگەر ئیرادەی چاکسازیی هەبێت، دەبێت سەرەتا لە ماڵی خۆیەوە دەستپێبکات لە ڕێی گۆڕینی سیستمی کارکردنییەوە کە ئەمەش بەبێ گۆڕینی پەیڕەوەکەی مەحاڵەو دەبێت گۆڕینەکە ڕەنگدانەوەی کاری دامەزراوەیەک بێت کە هاوشانی شکۆو پێگەکەی بێت کە سەرچاوەی دەسەڵاتەکەی (گەل)ە.

بە دیقەتێکی ورد بۆ ئەزموونی ئەم چەند ساڵە، ساغ دەبێتەوە کە سـەرەڕای بوونی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستووردا، کەچی لە چۆنێتیی پەیوەندیی هەرسێ دەسەڵاتەکەو کارکردنیاندا، هەست بە بۆشاییەکی فـراوان دەکرێت، بە شێوەیەک کە کاری سیستماتیکی‌و ڕایەڵەی یاسایی لاواز دەبینرێت.

لە سـەرچـاوەی بـڕوابـوون بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکەو ڕاگرتنی هاوسەنگیی بە ئامانجی پاراستنی سیستمە سیاسیی‌و دیموکراتییەکەی، ئەرکە کە دەسەڵاتی پەرلەمان پارێزراو بێت، بەتایبەت لە سیستمێکدا کە پیادەی سیستمی پەرلەمانی دەکات‌و چاودێرە بەسەر حکومەتەوە.

لە ماوەی ئەم خولەیدا، پەرلەمان نەیتوانیوە، یان نەیویستووە، یەک وەزیر بانگهێشتی پەرلەمان بکات، ئەگەر قسە لەسەر هاتنی یەک وەزیر بکرێت، ئەویش لە سەر خواستی خۆی هاتووە، ئەمە سەرەڕای دەرکردنی چەندین یاسا کە حکومەت جێبەجێیان ناکات، هەنگاوەکانیشی لەسەر پشتی کیسەڵ ڕێـدەکـەن بۆ یەکخستنی هەموو ئەو دامەزراوانەی کە مۆرکی دوو ئیدارەییان پێوە دیارە، ئەمە جگە لە خەواندنی چەندین پرۆژەی گرنگ کە ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە ڕێگاگرتن لە بە هەدەردانی سامانی وڵات‌و دوورخستنەوەی هەژموونی حیزبی بە سەر دامەزراوە نیشتمانییەکاندا. خەمساردیی پەرلەمان لە بەدواداچوونی بەرنامەی حکومەت‌و خستنەژێر بـاری بەرپرسیارێتیی یاسایی‌و لێپێچینەوە، گەیشتووەتە ئاستێک، ئەوەندەی بایەخ‌و گرنگی بە ڕاسپاردەو پرۆژەی حکومەت دەدرێت، زۆر کەمتر گرنگی بە بڕیارو ڕەسپاردەکانی ئەندامانی دەدات‌و هەمیشە ئەفزەڵییەت بۆ پرۆژەی حکومەت‌و بۆچوونەکانیەتی‌و لە بەرامبەردا زۆر ئاساییە، حکومەت وەڵامی پرسیارەکانیش نەداتەوە کە ئاراستەی دەکرێن.

کاتی ئەوە نەهاتووە کە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەو هەروەها پاراستنی پێگەی پەرلەمان‌و ڕۆڵی لە چاکسازیی گۆڕانکارییەکاندا، پرۆژە یاسایەک پێشکەش بکەین کە پەیوەندیی حکومەت‌و پەرلەمان بە یاسایەکی تایبەت ڕێکبخات؟، ئەگەرچی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەیە بۆ ئەم ڕێکخستنە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە هێزی پەرلەمان لە چاودێریکردنی حکومەتدا دەربخات.

بەرپرسیارێتیی بەشداریی کارای پەرلەمان لە چاکسازیی وڵاتداو پاراستنی پێگەکەی لە ئەستۆی سەرجەم ئەندامان‌و سەرۆکایەتییەکەیەتی‌و لە هیچ وڵاتێکی دیموکراتیدا نییە، پەرلەمانتار پارێزەرو پەرژینی ناعەدالەتیی‌و گەندەڵیی‌و ناشەفافیەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت.

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر: ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

لێپرسراوی هونەری
شـاخـەوان ئەنوەر
٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦
shakhawan.shdn@gmail.com

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info.rozhnama@gmail.com
riklam.rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤



نەبەز گۆران دەینووسێت

قەڵەمی ژەنەراڵێک

## سێ هەڵە

فراکسیۆنی گـۆڕانو ئۆپۆزسیۆن، لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی دانیشتن، ئەمە یەکێکە لە هەڵە گەورەکانی فراکسیۆنی گۆڕان کە دەبوا ئەو فراکسیۆنە لەوە تێبگات کە بە چ سیفەتێک فراکسیۆنێکی پەرلەمانی لەگەڵ کارەکتەرێکی حیزبیی دادەنیشێتو قسە لەسەر یاسایەک دەکـات کە پەیوەندیی بە پەرلەمانەوە هەیە، نـەک کەسێکی حیزبیی. گـۆڕان خـۆی کار لەسەر ئەوەدەکات کە حیزب دەست وەرنەداتە کاروباری حکومەتەوە، کەچی هەرخۆشی، فراکسیۆنەکەی بەبێ وەستان لەسەر ئەو دانیشتنە، ئامادەیی تیادەبێت لەگەڵ کەسێکی حیزبی دابنیشێتو هەقی پێبدات تەداخولی کاری حکومیی بکات. مانادان بە نێچیرڤان کە هیچ سیفەتێکی حکومیی نییەو بێت لەگەڵ سێ فراکسیۆن دابنیشێتو باس لە تێپەڕینی یاسایەک بکات لە پەرلەمان، دەستگرتنی حیزبە بۆ ناو گیانی حکومەت. نەدەبوو فراکسیۆنی گۆڕان ئەو هەڵەیە بەسەریدا بگوزەرێت، چونکە سبەی جێگرەکەی تاڵەبانیش بۆ کاروباری حیزبیی، دەتوانێت بۆ یاسایەک بانگیان بکاتو دەشبێت بچنە لای، چونکە هەرچۆن چوونە لای جێگری سەرۆکی حیزبێک، دەبێت بۆحیزبەکەی دیش وا بێت. ئیشی فراکسیۆنی گۆڕان نەبوو، لە تەک کەسێکی حیزبیی دابنیشێت، ئیشی فراکسیۆنە حیزبییەکانی پارتیو یەکێتییە ئەو کارە بکەن، نەک فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان، با لەبری فراکسیۆن، چەند هەلسوڕاوێکی فراکسیۆن بچن، نەک کوتلەیەکی پەرلەمانی.

هەڵەی دووەم لەناو ڕۆشنبیرەکانی گۆڕاندا دەستپێدەکات، گەورەترین کێشە ئەوەیە کە خەونی ڕۆشنبیر، ببێتە ئەو خەونەی بچێتە سەر دەسەڵات، هەر ڕۆشنبیرێک خەونەکەی ئـەوەبـوو، دەسـەڵات وەرگـرێـت، کارەسات بەشوێن خۆیدا دەهێنێت، ئەوەی تێبینم کردووە، هەمیشە سیاسییە دێرینەکانی ناو گۆڕانو پێشمەرگە دێرینەکان، سادەترنو بێغرووررترن لە ڕۆشنبیرەکان، ڕەنگە ئەمە ئازار بێت بۆ من کە نزیکترم لە کتێبەوە لەوەی نزیکتربم لە شتی تـرەوە، ئەو سەرکردانەی گـۆڕان، سەرسام نین بە مەسولییەت، بۆیە دەستیان هەڵگرت لەوەی کە هەیان بوو، وەلی برێک لە ڕۆشنبیر هەن، سەرسامن بە مەسولییەت، بۆیە هەر لە ئێستاوە شوشەی سەیارەکانیان ڕەش کردووە تا دیوارێک لەنێوان خۆیانو خەڵکدا دروست بکەن بە چەشنی دیواری بەرپرسەکانی یەکێتیو پارتی. هەر ئەو ڕۆشنبیرانەی کە جاران دەیانوت، بەرپرسەکان بۆئەوەی خەڵک نەیانبینێت، تەنانەت شوشەی سەیارەکانیشیان تاریک دەکەن، ئێستا هەر ئەو ڕۆشنبیرانەن عادەتی بەرپرسەکانی دی دووبارەدەکەنەوە، هەرکام لەوانەی خەریکی ڕەشـکـردنـەوەی شوشەی ماشێنەکانیانن، غرورێک بەدی دەکرێت لە هەڵسوکەوتیانداو ناتوانن فەنتازیایەکی ڕۆشنبیریی بۆ من، یان کەسێکی تر بهێننەوەو مانایەک بەو کارەیان بدات، چونکە سەرکردەی بزووتنەوەکە کە عەقلی بزووتنەوەکەشە، خۆی ئەوکارە ناکات، ئیدی نازانم ڕۆشنبیرەکانی ئەو بزووتنەوەیە بەچەند مانگێک وەرگرتنی پۆست، بۆ ئەم کارەدەکەن؟ بەرلەوەی سەرسام بن بەخۆیان کە پلەیەکیان وەرگرتووە، باشترە کارێک بکەن کە پێشووتر خۆیان ڕەخنەیان لێ نەگرتبێت.

مەیلی نـەرمـیـنـوانـدنو هــەوڵــدان بۆ نزیکبوونەوە لە پارتیو یەکێتی کە مەیلی برێک لە ڕۆشنبیرەکانو چوزانم کەسانێکە، هەڵەیەکی ترە لەو هەڵانەی کەسانێک دەیانەوێت بە ئۆپۆزسیۆنی بکەن، خەڵک بۆیە دەنگی بە ئۆپۆزسیۆن داوە، ئەو دەستدرێژییەی پارتیو یەکێتی بوەستێنێت، ئەگەر ئەو مەیلە هەبێت کە ئۆپۆزسیۆن لەوان نزیک بێتەوە، کەواتە ئیدی خەڵک چی کرد؟ مەسەلەکە نزیکبوونەوە بێت لە پارتیو یەکێتی، پێویست ناکات ئۆپۆزسیۆن عەزییەت بکێشێت، دەنگی خەڵک نزیک بکاتەوە لەو دوو حیزبە، چونکە خەڵک خۆی دەتوانێت ئەوە بکات. ئۆپۆزسیۆن، دەتوانێت سیاسەت بکاتو لەبەرەی خەڵکیشدا بیکات، بەڵام ناتوانێت قەناعەت بە ئێمە بکات، لەبەر خەڵک لە پارتیو یەکێتی نزیک بێتەوە، بەو لۆژیکەی برێک لەو مەیلانە دەیانەوێت، بەڵام بەلۆژیکی بەرگریکردن لە خەڵک، با دانیشتن هەبێت، بەس نەبێتە بەرژەوەندیی سیاسیی.

## لەبارەی خراپ بەکارهێنانی ئازادییەوە...!!!



پشکۆ حەمەفەرەج

لـــەدوای ڕووداوی نـــارەواو مرۆڤهەژێنو شەقامجولێنی تیرۆرکردنی خوێندکاری ڕۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمانەوە، پرسی ئازادیی چ وەک چەمک، چ لەرووی پراکتیکییەوەو ڕێژەی بوونی ئازادیی لەهەرێمی کوردستاندا بووە باسی گەرمی ڕۆژ، لەنێوان بەرەی داکۆکیکاری ڕەوشی باوی فەرمانڕەوایی ئێستاو بەرەی خەڵکو میدیای ئازادو ئەوانەی بەهیوای ژیانێکی شایستەن بۆ هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە بەهەموو پێکهاتەکانییەوە. بـەرزکـردنـەوەی دروشمی (ئازادیی) دەماری زۆر بەڕێزی گـرژکـرد، ڕۆژنامەنووسانی بەرەی دەسـەڵاتو بەشێک لە دەسەڵاتداران، هاواریان گەیشتە کەشکەلانی فەلەکو ئاسمانیان پڕکرد لەدادو بێداد بەدەست ڕۆژنامەنووسانی ئەهلییەوە، گوایا ئازادییان خراپ بەکارهێناوەو سوودیان لە فراوانیی مەودای ئازادیی نێو یاسای ڕۆژنامەگەریی وەرگرتووەو ئەوە ئەوان هۆکاری هەموو خراپەو سوکایەتی بەدەسەڵاتو کاربەدەستانی ئەم هەرێمە. کاربەدەستێکی دەستڕۆیشتووی لە سویدژیاوی یەکێک لە دوو حیزبەکە، هــەردوو یــاسـای ڕۆژنـامـەگـەریـی سویدو کوردستانی لە یەکێک لەو کەنالە حیزبییانەی بەپارەی خەڵکی ڕەشـــوڕووتـــی ئـــەم وڵاتـــە بـەڕێـوە دەچـێـتو کـاری تەنیا پیرۆزکردنی حیزبو سەرکردەکانییەتی، بەدەستەوە گرتبوو، داوای هەموارکردنی یاسای ڕۆژنامەگەریی دەکـردو کوردستانی چەندین پلە پێشی سوید خستبوو لەڕووی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییەوە! هیوادارم ئەوکاکە بەرپرسە، ئەرک بکێشێتو لە هەمان بەرنامەدا جیاوازیی لە نێوان کوردستانەکەی ئێمەو سویدەکەی خۆیدا بکات لە جیاوازیی (کارەبا، ئاو، ڕێگاوبان، هێلی ئاسنینو فڕۆکەخانە)دەیبەخشینو تەنیا جیاوازیی (دادو دادی کۆمەڵایەتی) بکات، ئەوکات ئەو بەڕێزە خۆی داوەریی بکاتو بزانێت ئێمەی هاوڵاتی کوێمان ئــازاری هەیەو ئـەوان لە چ ئاوازێک دەخوێنن!کۆنە پارێزەرانی حیزب!دەرگای دادگاکانیان لە میدیای ئەهلی گرتووەو داوای پــارەی خـەیـاڵی دەکــەن، وەک ئەوەی ئەو میدیایانە خاوەنی سەرمایەیی گــەورەو قەبەبنو هەڵەکەشیان هێندە گەورەبێت بەو بڕەپارانە باجی هەڵەکان بدەن. ئەگەر پێتانوایە، ناوزڕاندنە کە بەکەسێک بوترێت دز کە پـارەی ئەم میللەتە ڕەشوڕووتە بباتو بەیەکێکی دی بوترێت خائین کە خیانەت لەم خاکە بکاتو بە گەنەخۆرێکی ماڵی گشتیی بوترێت، گـەنـدەڵ! ئـەوا شارەزایانی زمانو ڕێنووسی کوردی بێنن بۆ ئەوەی ناوی جوانو خۆش لەو پیشانە بنێنو لە پەرلەمانیش بەدەنگی زۆرینە بیکەنە یاسا! ئەوکات ئەم سەرئێشانە نایەنە ڕێگای ڕۆژنامەنووسانو ئەو خاوەن پیشانەش چیدی ناویان نازڕێنرێت! ئەگەر وای دابنێین لە هەرێمی کوردستاندا میدیا، دەسەڵاتی چوارەمە! هەرچەندە تا ئێستا ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە گوێی لێنەگیرێتو نیوەڕۆکەکەی بەهەند وەرنەگیرێت، میدیاو پەیامەکەیەتی، بەڵام گریمان دەسەڵاتی چوارەمەو ئەو ئازادییەش دەسەڵاتداران وەک دەسەنەو خێری خۆیان بە میدیان بەخشیوە، بەبێ کەموکووڕییە! ئەو هەڵەو ناوزڕاندنانەش مایەی دادگاییو سزادانو مایەی ئەوەن کە سنووریان بۆ دابنرێتو چیدی بەناوی ئازادییو لەسایەی ئەم دەسەڵاتە تەندروستەی کوردستاندا! ڕێگە نەدرێت سوکایەتی بە کەسانێک بکرێت، کە بەرهەمهێنەری ئەم ڕۆژەو ئازادییەکەین! سەمەرەی ئەم هەرێمەی ئێمە لەوەدایە، دەسەڵاتدارەکانمان بۆ هەموو شتێک لە پاشەوە لغاودەکەنو نایانەوێت دەســت بـۆ ســەرەتــای هیچ کارێک بەرنو لە ڕیشەوە چاکی کەن. ئەگەر ڕۆژنامەنووسانی سەر بە دەسەڵاتی چوارەمی ئەم هەرێمە! یاسایەکیان خراپ بەکاربردبێتو چەمکی ئازادییان باش شرۆڤە نەکردبێت، مایەی ئەو هەموو ڕەخنەو دەرگاپێگرتنو پەلپ لێگرتنەبن لەلایەن دەسەڵاتو دەرگاوانەکانیانەوە! کاتی ئەوەیە بەکورتی چەند سەرنجێک لـەبـارەی خـراپ بەکارهێنانی کۆی کایەکانی ژیان لەم هەرێمەدا بڵێینو بپرسین، ئەگەر دەستەیەک فەرمانڕەوا بەدرێژایی مێژووی سیاسییان، ئەوەی خەمیان لێنەخواردبێت میللەتەکەیانو ناوو ناوبانگی خۆیانو شۆڕشی کورد بووبێت! لەسەر لوتکەی شاخێک دەیان گەنجی کوردیان کردبێتە قوربانیو پێش ئازادکردنی نیشتمانو نەتەوە، تاکە خەمیان سەرداریيو تاک سەری خۆیان بووە لەم پارچەیەی کوردستانی چەند پـارچـەپـارچـەکـراودا! ئەگەر پەرتوکی شـۆڕشـی شاختان پـەڕە پەڕە هەڵبدەینەوە، لەتەنیشتی هەموو لاپەڕەیەکی سووردا، لاپەڕەیەکی ڕەش هەیە! مێژووی دوای ڕاپەڕینیشتان، لەمێژووی هیچ فەرمانڕەواو میللەتێکی ئەم سەرزەوییە ناچێت. تاک تاک هاوڵاتی ئەم هەرێمەتان فێری چەوت ژیانکردن کرد، عەشاماتێک مرۆڤی بچووکتان لێ گـەورە گـەورە کردینو سەری دەیان شێرەکوردتان نەوی نەوی کرد! ئەوەی خۆتان ویستتان کردتانو سڵتان لەهیچ نەکردەوە. دەسەڵاتی (یاسادانان)تان کردە بەرگدرووی خۆتانو ئەو یاسایەی بۆ پەزەکانی خۆتان باش بوو، پێتان دووری! ئەو یاسایانەتان بە دەسەڵاتی (جێبەجێکردن) جێبەجێکرد کە ئاوی بۆ ناو ئاشەکانی خۆتان دەبردەوە! دەسەڵاتی (دادوەریی)تان کردە کەپری ناو بێستانی هەموو کەموکورتییەکانتان! ئێستە بازێکی بەرزتان داوەو لەبری دادگاییکردنی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەریی) یەخەی دەسەڵاتی چوارمتان گـرتـووەو ئـەو کـارەی کە ئێوەمانان دەیکەن (پوش لە کا بژنینە)و شەڕی بارەترێیە بە میدیای ئازادیی دەفرۆشن، لەبری ئەم کارە نەشیاوو نالۆژیکیو دژە ئازادییەتان بۆ خۆتانو مێژووتانو سەرکردەکانتان، گەلێک باشتر بوو لە (دادگای دەستووریی) لەبەغدا، داواتان لەسەر ئـەوانـە تۆماربکردایە کە لە چوارساڵی ڕابـردوودا مادەی (١٤٠)ی دەستوریان جێبەجێ نەکرد!

کە لەشاخ بـوون، هەموو ڕۆژێـک بە سـروودی (داری ئازادیی بەخوێن ئاونەدرێت، قەت بەرناگرێت) میللەتتان جـۆش دەدا! میللەت، بەخوێن داری ئازادیی ئاوداو ئێوە بۆ نەوتو کورسی، لەدادگا وشکی مەکەن...!!!

Pshko82@hotmail.co.uk

عەشاماتێک مرۆڤی بچووکتان لێ گەورە گەورە کردینو سەری دەیان شێرە کوردتان نەوی نەوی کرد

## با قبووڵکردنی یەکتری، بکەینە مۆدێل



ئارێز ئەنوەر

کورد، هەموو بنەماکانی دەوڵەتی هەیە لـە خـاکو زمـانو کلتوور، بــەڵام هێشتا خـاوەنـی کیانێکی سەربەخۆ نییە، لەو مەسەلەیەشدا تەنیا هۆکارە دەرەکییەکان نین کە ڕێگربوون لەبەردەم بوونی کیانی سـەربـەخـۆی کـورد، بەڵکو لەپاڵ هـۆکـارە دەرەکییەکاندا، هۆکاری ناوخۆیی جـۆراوجـۆر هەبوون کە کیانە کوردییەکانیان بەرەو پووکانەوە بــردووەو نەیانهێشتووە کـورد بە سەربەخۆیی بگات.

ئـــەم مەترسییە لـــەســـەر ئـەم ئەزموونەی ئێستاش، بە چەندین جۆر لە ئـارادا مـاوە، لە جۆری نەبوونی یەکڕیزیی ڕاستەقینەو قبووڵکردنی یەکتری، بە تایبەتی قبووڵکردنی ئەوانەی ڕایەکی جیاواز، یان نوێیان هەیە لە مەیدانەکەدا، خاوەنی ئەو جۆرە ڕایانەش، هەمیشە ڕووبـەڕووی ناو ناتۆرەو تۆمەتی جیاجیا دەکرێنەوەو دەخرێنە خانەی خراپ بیرکردنەوەو تەنانەت کاری تێکدەرییو دوور نییە بە خیانەتیش لێکبدرێتەوە.

بـەداخـەوە، ئـەم یەکتر قبووڵ نەکردنە، حاڵەتی زۆر ناخۆشی بە دوای خۆیدا هێناوە لە پەلاماردانو هەوڵدان بۆ بەربەست خستنەڕێ تا کار گەیشتە تەسفیەی جەستەیی، کە ئەمەش ڕووی ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان ناشرین دەکات کە لە بـەهـاری(١٩٩١)ەوە ڕەخساوە وەک نیمچە سەربەخۆییەکو بوونی فەزایەکی ئازادو سەرنجی زۆر هێزی دەرەکی دوورو نزیکی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەو وەک نموونەیەکی جوان باس دەکرێت، بەڵام بەداخەوە، لەم ساڵانەی دواییدا، کاڵبوونەوەیەک بەدی دەکرێت لە پیادەکردنی دیموکراسیو ڕێزگرتن لە ئازادیی، بەو هیوایەی ئەمانە کاردانەوەیەکی کاتیی بن لە کوردستانداو بەردەوام ڕەوشەکە بەم شێوەیە نەبێتو دووبارەکردنەوەی مێژوویەک نەبێت کە بەشێک لە لاپەڕەکانی پڕن لە شەرمەزاریی.

کاتێک دەست بچێتە خوێنی تاکێکی میللەت لەسەر ئەوەی جیاواز لە تۆ بیر دەکاتەوە، پرسیارێک دێتە پێشەوە کە ئەمەیە، ئایا ئەم ڕێگایە چارەسەرە، یان باشتر وانییە بیروڕای جیاواز گوێی لێ بگیرێتو کار بە بیروڕا پەسەندو باشەکانی بکرێتو ئەوانی تریشی لە ڕێگەی گفتوگۆو دیالۆگەوە ڕوونـکـردنـەوەی لەسەر بدرێتو خراپیو مەترسییەکانی ڕوون بکرێتەوە؟

بەو هیوایەی ئەم ڕووداوانــەی ئــەم دوایـیــەو هــەوڵــەکــان بۆ کاڵکردنەوەی ڕووی دیموکراسیو بــەرتــەســکــکــردنــەوەی ئــازادیــی، هەڵچوونو پەرچەکرداری کاتیی بنو بەردەوامییان پێنەدرێت، بۆ ئــەوەی نەبنە مایەی ناشرینکردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستانو گیانی لێبووردەییو قبووڵکردنی بەرامبەر، ببێتە مۆدێل لەم هەرێمەداو جێگەی ئەو جـۆرە ڕەفتارانەی ئەم دواییە بگرێتەوە.

## هێزی یاسا، یان یاسای هێز

جەلال دیموکرات

ئــەو دوو دەســتــەواژەیــەی ســـەرەوە، هـەریـەکـەو گـوزارشـت لـە دوو جـۆر بـیـروڕا دەکــەن، لە شێوەی بەڕێوەبردنو پەیڕەوکردنی حوکمڕانییەوە، یەکەمیان: واتـە هێزی یاسا کە بە عەرەبییەکەی پێی دەڵێن؛ **(قوة القانون)**، کە ئەمەیان لـە کۆمەڵگەیەکی شارستانیو پێشکەوتوودا، کاری پێ دەکرێتو دەبـیـنـرێـت، گـەرچـی ڕێژەکەشی جیاوازیی دەبێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کەم تا زۆر لێرەو لەوێ پیادە دەکرێت، لەم وڵاتانەی کە هێزی یاسا بەرقەرارەو کـاری پـێـدەکـرێـت، تـا ڕادەیـەکـی باشو دڵخۆشکەر ئاستێکی داناوە، سنوورێکی داناوە بۆ لایەنو کەسو خێڵی باڵادەستو دەستڕۆیشتوو، کە تەجاوزاتو ستەم بکەن بەرامبەر کەسانی دیکە کە لە خۆیان لاوازترو بێ هێزترن... هەر بۆیە ئا لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەو ئەم جۆرە وڵاتانە تا ڕادەیەکی باش کەسەکان، تاکەکانو هاوڵاتییەکان ئارامترو ئاسوودەترو دڵنیاترن لە ئێستایانو ئایندەیان...

چونکە هێزێک هەیەو دەتوانێت لە ســەروو هێزی بەهێزەکانەوە بـێـتو بـەربـگـرێـت بــەو لێشاوی گەندەڵییو دزییو پێشێلکردنی مافی هاوڵاتییان...

بەڵام هەر دیسان بە پێچەوانەی ئەمەوە لەو وڵاتانەی کە هێزی یاسا وجودی نییەو لە جێگەی ئەودا یاسای هێز وجودی هەیە... ئا لێرەدایە کە کەسانی بەهێزو کەسانی دەست ڕۆیشتوو و باڵادەست زۆر چالاکنو باڵادەستن لەوەی چیان بوێت بیکەنو بـێ ئەوەی هێزێک هەبێت لە بەرامبەر ئەم ڕەفتارانەیان کەمترین سزایان بـدات، یان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات...!! هەر بۆیە لێرەدا مرۆڤەکانی ئەو وڵاتـە بەپێی بەهێزییانو بـێ هێزییان پۆلێن دەکرێنو دەبینرێن.. بەهێزەکان یـاری بە چارەنووسو موقەدەراتو سەروەتو سامانو هەتا ناموسی بـێ هێزەکانیش دەکەن، چونکە شـەرعیەتی ئەم کارە نارەوایانەیانو ڕەفتارە دژە مرۆییانەیان وەرگرتووە لە یاسایەک کە پێی دەڵێن؛ یاسای هێز **(قانون القوة)** بە پێچەوانەی هێزی یاسا **(قوة القانون)**.. پرسیارەکە لێرەدایە؛ ئایا ئەوەی ئێمە بینیومانە، یان بیستوومانە لە وڵاتەکەمان کە پێی دەڵێن؛ ئەزموونەکەمانو حکومەتی هەرێم، ئایا هاوڵاتیی بەڕێز، خوێنەری هێژا، ئێوە لە ماوەی ئەم (٢٠) ساڵـی حوکمڕانیی کورد، یان ڕاستتر بڵێم حوکمڕانیی حیزبەکان، بەتایبەت دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، تا چەند هێزی یاساییان پیادە کردووەو چەسپاندووە بەرامبەر بە خۆیانو هاوڵاتییانیان بە یەکسانییو بـێ جیاوازییو... تا چەندیش یاسای هێزیان **(قانون القوة)**یان پیادە کـردووە؟، دیسان ئەم وەڵامەش بەجێدەهێڵم بۆ ئێوەی خوێنەرو هاوڵاتیی، خۆتان وەڵامی خۆتان بدەنـەوەو ئەوسا بزانن لە وڵاتدا چی دەگوزەرێت... گەلێ براینە.

# شەڕە قسە

## کتێبێکی ناوازەی تایبەت بە ڕاگەیاندن چاپدەکرێت

نـــووســـەرو ڕۆژنـــامـــەنـــووس مەم بورهان قانع، یانزەیەمین کتێبی کە تایبەتە بە میدیاو سیاسەتو بە ناوی «شەڕە قسە»وەیە، لەسەر ئەرکی خۆی چاپدەکاتو پێشکەشی کتێبخانەی کوردی دەکات.

«شـــەڕە قسە»، لێکۆڵینەوەیەکە سـەبـارەت بـە میدیاو سیاسەت لە جیهانی عەرەبیداو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ لەوڵاتی لوبنان چاپکراوەو لە نووسینی «د.مەئمون فەندی»یەو مەم بورهان قانع لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردیو پێشەکی بۆ نووسیوەو لە دووتوێی ٣٥٠ لاپەڕەی قەبارە گەورەو بە تیراژی هەزار دانە ئێستا لەژێر چاپدایە.




ئەم کتێبە، سەرچاوەیەکی زانستی بەکەڵکە بۆ هەموو ئەوانەی بایەخ بە ڕاگەیاندنو سیاسەت دەدەنو لەم کتێبەدا، پەیوەندیی خراپی سیاسەت بەسەر ڕاگەیاندنەوە ڕوونکراوەتەوەو ڕۆشناییش خراوەتە سەر نەبوونی پرۆفێشناڵبوون لەنێو میدیای عەرەبیدا، بەتایبەتی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی وەک «الجزیرە»، «العربیە»، «الحرە»...و بەشێکی زۆری کەناڵە ئاسمانییەکانی میسرییو لوبنانییو جیهانی عەرەبی بەگشتیی، کە لەبری ئـەوەی کەناڵی میدیایی پرۆفێشناڵ بن، زیاتر میدیای سیاسیکراون، ئەمەیش وایکردووە نەتوانن ئەرکە میدیاییەکانیان ڕاپەڕێنن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە دووتوێی شەش فەسڵدایەو لەبەشی یەکەمیدا باس لە «میدیای میسریی؛ وەک دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە میدیای عەرەبی» کراوەو بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ تاووتوێکردنی جەنگی کەناڵە ئاسمانییەکانی قەتەرو سعودییەو لە سێیەمین فەسڵیشدا ڕۆشنایی خراوەتە سەر میدیای عەرەبیو ململانێی ناو تاکە دەوڵەتێکو چوارەمین فەسڵیش باس لە ڕۆژنامەنووسانی عەرەب لەنێوان پیشەو سیاسەتدا دەکات. پێنجەمین فەسڵیش، تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ئەو کەناڵانەی خۆرئاوا کە ئاڕاستەی عەرەب کراون، لەوانە «الحرە»و «ڕادیۆی سەوا» بەنموونەو دوایین فەسڵیش کە فەسڵی شەشەمە، باس لەوە دەکات تاچەندە میدیا دەتوانێت واقیعی سیاسیی بگۆڕێت.

ئەم کتێبە، بەیەکێک لەکتێبە ناوازەکانی کتێبخانەی عەرەبی لە بواری میدیادا دادەنرێتو خوێندنەوەیشی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی کوردو خوێندکارانی بواری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەنووسیی زانکۆو پەیمانگەکانی کوردستان، ڕوانینیان سەبارەت بەکاری میدیاییو پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت فراواندەکاتو سەرچاوەیەکی زانستیی بەکەڵکیشە بۆ تۆژینەوەی زانستیی لە بواری میدیاو سیاسەتدا.

«شەڕە قسە»، ئێستا لەژێر چاپدایەو لەچەند ڕۆژی داهاتوودا لە کتێبخانەکاندا دەفرۆشرێت.

# ئازادیی ڕادەربڕین



خالیدی حاجی ئەحمەد

جێی تێڕامانە، نەتەوەیەکی ژێردەست دەیانو سەدان ساڵ خەون بە ئازادییەوە ببینێتو بەم دواییانە گـەردوون تلێکی لە قازانجی ئەو دابێت، بەڵام دەسەڵاتێک تێیدا بەرقەرار بێت نەخوازێت ئەو تلدانە بکاتە دەروازەیەک بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییەکان، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە هەوڵدابێت، بە دەیانو سەدان بیانووەوە ئەو تلە، لە ڕەوتی مێژوو داماڵێتو بە تلێکی تر بیخاتەوە دۆخی جارانی.

لەمڕۆی کۆمەڵگەدا ئازادیی ڕادەربڕین بە ٤ هۆکاری گرنگ پێویستییەکی ژیارییە، کە دەکرێت لێرەدا ئاماژەیان پێ بدەین:

١- دەرخستنی ڕاستییەکان

مێژوو سەلماندوویەتی بڕێکی زۆر لەو بۆچوونانەی وەک ڕاستییەکی ڕەهاو پەتی وەرگیراون هەڵە یان درۆ بوون. چەندین سەدە وادەزانرا زەوی تەختە، یان خوداوەند لە ٧ ڕۆژدا جیهانی دروستکردووە، بەڵام دەرچوو ئەو تێڕوانینانە سەروبڕ هەڵەو ناڕاستن. بەو هۆیەوەی ناکرێت درۆ قەدەغە بکرێت، تەنیا ڕێگایەک بۆ دەرکەوتنی ڕاستییەکان ئەوەیە هەموو دەربڕینێک ئازاد بێت، جا ئەو دەربڕینانە بیری لێکرابێتەوە یان نا، ئەندێشە بێت یان بیرۆکەیەکی بەرجەستەو سەلمێندراو، هەڵە بێت یان دروست.

٢- ئازادیی تاک

خولقاندنی تاک لە کۆمەڵگای مرۆڤدا، لە ڕێگەی مافی بە ئازادیی قسەکردنەوە دێتە دی. هەموو تێکشکاندنێکی سنووری ئازادیی ڕادەربڕین، دروستکردنی ڕێگرێکە لەبەردەم تاکەکاندا بۆ گەیشتن بە تاقیکردنەوەی تواناو بەهرەکانیان. تەنانەت کۆمەڵگاش وەک گشت، بۆی نییە ئەو مافە لە تاک بسەنێتەوە. گەر هەرتاکێک لە ڕێگەی دەربڕینەکانییەوە ئازاری بە تاکێکی تر گەیاند، ئەوا کۆمەڵگا دەتوانێت دواتر لە ڕێگەی یاساو دادگاکانییەوە مافی ئەو تاکە زیانلێکەوتووە بگەڕێنێتەوە، بەڵام نابێت ئازادیی لە تاکێک بسەنرێتەوە بەو بیانووەی ڕەنگە تاکێکی تر زیانی پێ بگات.

٣- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی بە جۆرێک لە هارمۆنییەت هەیە لەنێوان توێژو چینەکانیدا، بۆئەوەی ناچوونییەکی نەبێتە لێکترازانو زەمینەیەک بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانو دەرەنجام کۆمەڵگا بەرەو سیستمێکی مافیاییو شیرازەپچڕاو بەرێت، دەبێت هەمیشە ڕایەڵی گفتوگۆکان بە کراوەیی بهێڵرێتەوە. زامنی مانەوەی ئەو ڕایەڵانە کە ڕێگە لە هەڵوەشانو داڕزانی کۆمەڵگایەک دەگرێت، تەنیاو تەنیا بوونی گفتوگۆیە کە ئازادانە تاکو ڕێکخراو و حیزبو توێژو چینەکان بەگشتیی تێیدا بەشداربن.

٤- گەمەی دیموکراسی

ئەو ژینگەیەی دیموکراسی هەناسەی تێدا دەداتو گەشەی تێدا دەکات، ئەو فەزایەیە کە لەپێشیانەوە میدیای ئازاد تێیدا دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ ململانێی بیروڕا جیاوازەکانو هەر بیرو بۆچوونێک لە هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین لایەنگردایە بۆخۆی تا دواتر لە سندووقەکانی هەڵبژاردندا دەنگێکی زیاتر بەدەست بهێنێتو لەو ڕێگەیەوە کاریگەریی خۆی لەسەر کۆمەڵگا بنەخشێنێت. گەر لەم هاوکێشەیەدا هەندێک بیروبۆچوون قەدەغە بکرێت، ئەوە لەڕاستیدا خودی دیموکراسییە کە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. هەرئەمەشە وادەکات کە تەنانەت دەنگە نەشازو دژ بە دیموکراسییەکانیش دەبێت بەناچاریی لەو پرۆسەیەدا جێگەیان بکرێتەوە. وەک چۆن ناکرێت درۆ قەدەغە بکرێت، ئاواش نابێت هیچ بۆچوونێک قەدەغە بکرێت. هەرکاتێک کەسانێک یان ڕێکخراوەیەک بێدەنگ بکرێن، گومانەکان سەرهەڵدەدەن! بڵێی دەسەڵاتداران، ئەو کەسو ڕێکخراو و بۆچوونانە لە بەرژەوەندی مانەوەو درێژەپێدان بەدەسەڵاتەکەیاندا بێدەنگ نەکەن؟

چـــاپـخـــانـەی زەرگـــەتـە




بۆ چاپکردنی
ڕۆژنامە
کتێب
گۆڤار

ناونیشان: سلێمانی - گردی زەرگەتە
٠٧٧٠١٥١٦٥١٨ - ٠٧٧٠١٤٣٤٥٣٦

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩